١٠- ئایەتی(٢١-٢٤) لە سورەتی الحشر(لَوْ أَنزَلْنَا هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ عَلَىٰ جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُۥ خَٰشِعًا مُّتَصَدِّعًا مِّنْ خَشْيَةِ ٱللَّهِ ۚ وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَٰلُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ۖ هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٢٢﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْمَلِكُ ٱلْقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ ٱلْمُؤْمِنُ ٱلْمُهَيْمِنُ ٱلْعَزِيزُ ٱلْجَبَّارُ ٱلْمُتَكَبِّرُ ۚ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٢٣﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلْخَٰلِقُ ٱلْبَارِئُ ٱلْمُصَوِّرُ ۖ لَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ ۚ يُسَبِّحُ لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٢٤﴾)

١١- ئایەتی (١-١٠) لە سورەتی الجن (قُلْ أُوحِىَ إِلَىَّ أَنَّهُ ٱسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ ٱلْجِنِّ فَقَالُوٓا۟ إِنَّا سَمِعْنَا قُرْءَانًا عَجَبًا ﴿١﴾ يَهْدِىٓ إِلَى ٱلرُّشْدِ فَـَٔامَنَّا بِهِۦ ۖ وَلَن نُّشْرِكَ بِرَبِّنَآ أَحَدًا ﴿٢﴾ وَأَنَّهُۥ تَعَٰلَىٰ جَدُّ رَبِّنَا مَا ٱتَّخَذَ صَٰحِبَةً وَلَا وَلَدًا ﴿٣﴾ وَأَنَّهُۥ كَانَ يَقُولُ سَفِيهُنَا عَلَى ٱللَّهِ شَطَطًا ﴿٤﴾ وَأَنَّا ظَنَنَّآ أَن لَّن تَقُولَ ٱلْإِنسُ وَٱلْجِنُّ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا ﴿٥﴾ وَأَنَّهُۥ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ ٱلْإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِّنَ ٱلْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا ﴿٦﴾ وَأَنَّهُمْ ظَنُّوا۟ كَمَا ظَنَنتُمْ أَن لَّن يَبْعَثَ ٱللَّهُ أَحَدًا ﴿٧﴾ وَأَنَّا لَمَسْنَا ٱلسَّمَآءَ فَوَجَدْنَٰهَا مُلِئَتْ حَرَسًا شَدِيدًا وَشُهُبًا ﴿٨﴾ وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَٰعِدَ لِلسَّمْعِ ۖ فَمَن يَسْتَمِعِ ٱلْـَٔانَ يَجِدْ لَهُۥ شِهَابًا رَّصَدًا وَأَنَّا لَا نَدْرِىٓ أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَن فِى ٱلْأَرْضِ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا ﴿١٠﴾)

١٢- سورەتی البروج هەموو (وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلْبُرُوجِ ۝ وَٱلْيَوْمِ ٱلْمَوْعُودِ ۝ وَشَاهِدٍ وَمَشْهُودٍ ۝ قُتِلَ أَصْحَـٰبُ ٱلْأُخْدُودِ ۝ ٱلنَّارِ ذَاتِ ٱلْوَقُودِ ۝ إِذْ هُمْ عَلَيْهَا قُعُودٌ ۝ وَهُمْ عَلَىٰ مَا يَفْعَلُونَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ شُهُودٌ ۝ وَمَا نَقَمُوا۟ مِنْهُمْ إِلَّآ أَن يُؤْمِنُوا۟ بِٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَمِيدِ ۝ ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ۝ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَتَنُوا۟ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَـٰتِ ثُمَّ لَمْ يَتُوبُوا۟ فَلَهُمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمْ عَذَابُ ٱلْحَرِيقِ ۝ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ لَهُمْ جَنَّـٰتٌ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ ۚ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْكَبِيرُ ۝ إِنَّ بَطْشَ رَبِّكَ لَشَدِيدٌ ۝ إِنَّهُۥ هُوَ يُبْدِئُ وَيُعِيدُ ۝ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلْوَدُودُ ۝ ذُو ٱلْعَرْشِ ٱلْمَجِيدُ ۝ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ ۝ هَلْ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلْجُنُودِ ۝ فِرْعَوْنَ وَثَمُودَ ۝ بَلِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فِى تَكْذِيبٍ ۝ وَٱللَّهُ مِن وَرَآئِهِم مُّحِيطٌۢ ۝ بَلْ هُوَ قُرْءَانٌ مَّجِيدٌ ۝ فِى لَوْحٍ مَّحْفُوظٍۭ ۝) حەوتبارە کردنەوەی ئایەتی (إِنَّ ٱلَّذِينَ فَتَنُوا۟ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَـٰتِ ثُمَّ لَمْ يَتُوبُوا۟ فَلَهُمْ عَذَابُ جَهَنَّمَ وَلَهُمْ عَذَابُ ٱلْحَرِيقِ) ئەو دوعایانەی کە لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) گێردراونەتەوە وەك لە سەرەتای روقیەکە نوسیمان ئەوانیش حەوت بارە دەکەمەوە

١٣- ئەوسا ئایەتەکانی شیفا دەخوێنمەوە

أ-ئایەتی (ئایەتی (٥٧-٥٨) لە سورەتی یونس (يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَتْكُم مَّوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَشِفَآءٌ لِّمَا فِى ٱلصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ۝ قُلْ بِفَضْلِ ٱللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُوا۟ هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ۝) حەوت بارەی دەکەمەوە

ب- ئايەتی (٨٠) لەسورەتی الشعراء (وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ) حەوت بارەی دەكەمەوە

ج- ئايەتی (٨٠-٨٢) لەسورەتی الإسراء (وَقُل رَّبِّ أَدْخِلْنِي مُدْخَلَ صِدْقٍ وَأَخْرِجْنِي مُخْرَجَ صِدْقٍ وَاجْعَل لِّي مِن لَّدُنكَ سُلْطَانًا نَّصِيرًا ﴿٨٠﴾ وَقُلْ جَاءَ الْحَقُّ وَزَهَقَ الْبَاطِلُ ۚ إِنَّ الْبَاطِلَ كَانَ زَهُوقًا ﴿٨١﴾ وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ۙ وَلَا يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إِلَّا خَسَارًا ﴿٨٢﴾)

١٤-ئايەتی (١-٣) لەسورەتی النور (سُورَةٌ أَنزَلْنَاهَا وَفَرَضْنَاهَا وَأَنزَلْنَا فِيهَا آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ لَّعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴿١﴾ الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ ۖ وَلَا تَأْخُذْكُم بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ۖ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ ﴿٢﴾ الزَّانِي لَا يَنكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَالزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَا إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ ۚ وَحُرِّمَ ذَٰلِكَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ ﴿٣﴾) وەئايەتی (١٩-٢١) لە هەمان سورەت (إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ ۚ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿١٩﴾ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ وَأَنَّ اللَّهَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٠﴾ ۞ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّبِعُوا خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ ۚ وَمَن يَتَّبِعْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ فَإِنَّهُ يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ ۚ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ أَبَدًا وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يُزَكِّي مَن يَشَاءُ ۗ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢١﴾) ئەوە بۆ نەخۆشێك باشە جنۆكەكەی عاشق بێت

١٥- سورەتی (الاخلاص، الفلق، الناس) سێ بارە جاری وا هەیە حەوت بارە دەیخوێنم بەڵێ ئەم هەموو خوێندنە نزیکەی کاتژمێرێك و نیوی دەوێت ، جا لەسەرەتای خوێندنەکەشم نیەت دێنم بۆ شیفا وەپەنا دەگرم بەخوا وەك: (بسم الله الرحمن الرحیم والصلاة والسلام علی سیدالمرسلین وعلی آله وصحبه وسلم أجمعین، اللهم ربنا إنا نعوذبك وبوجهك الكریم وسلطانك القدیم وكلماتك التامات وأسمائك الحسنی وإسمك الاعظم من غضبك وعقابك ومن شر عبادك ومن همزات الشیاطین وأن یحضرون ومن كل داء ظاهرة وباطنة اللهم اجعل هذةالایات شفاء لمرضی المسلمین أجمعین وخاصة لهذا المریض أو لهذه المریضة) پاشان سێ صەلەوات لێ دەدەم ئەوسا دەست دەکەم بە ڕوقیە خوێندن بەڵێ لە کۆتایی ڕوقیەکەش دەڵێم (اللهم بلغ وأوصل ثواب ماقرأناه وبركت نور ماتلوناه إلی روح سیدنامحمد (صلی الله تعالی علیه وسلم) وإلی آله واصحابه وأمته أجمعین واجعل هذه التلاوة المباركة شفاء ونوراً وهدایة وحفظاً وستراً ورحمةً لمرضی المسلمین أجمین وخاصة هذا المریض أو هذه المریضة) پاشان ١٠ صەلەوات لێ دەدەم بەم شێوەیە: (اللهم صل علی سیدنا محمد وعلی آله وصحبه وسلم) دە جار، ئەم هەمو ڕوقیە و دوعایانە بۆ ئەو نەخۆشانەیە، کە نەخۆشیەکیان زۆر ئالۆز بووە و چارەسەریان زۆر زەحمەت بووە، چونکە بەڕاستی ئەم هەموو خوێندنە ئاسان نیە ، گەسك دانە بەناخی نەخۆشدا و خاوێن کردنەوەیەتی لە جۆرەها نەخۆشی و دەست لێوشاندنی جنی چاوت لەوە نەبێت جنۆکە بێتە سەر زاری نەخۆشەکە لەبەر چەند هۆیەك

یەکەم: جنۆکە زۆر درۆزن و مەکر کەرن با زیانێکت پێ نەکەوێت بە درۆکانیان

دووەم: ئادەمیزادی ئیماندار نابێت ئاواتی گەیشتن بێت بەلیقای دوژمن وەك لە فەرموودە دا هاتووە(ولا تتمنوا لقاء العدو.....) بەڵکو داوای عافیەت لە خوای گەورە بکەن

سێ یەم لەوانەیە کەسانی تر لە مجلیسەکە دا بێت ئازاری پێ بگات یا هەڵ خەڵەتێ بە درۆکانی وەك جنۆکەکە بڵێ ئەوە فلان بە سیحر منی ڕەوان کردووە ، تۆ چەند بڵێی وانیە

لەوانەیە قەناعەت بە تۆ ناکات و بوغزو قینی بۆ دروست دەبێ سەرەنجام سەری لەناژاو دەرچێ، بەلاَم ئەگەر توش هاتی مەترسە و دامەزراو بە بزانەخوای گەورە لەپشتی تۆیە و نیەتت بۆ رازی بوونی ئەو بهێڵەوە

(چۆن دەزانین ئادەمیزادە نەخۆشەکە شیفای بۆ هاتووە؟)

ئەگەر نەخۆشەکە لە کۆتاییدا ووتی قاچەکان یا قاچم سڕو سارد بووە، ئەوا دیارە هۆکارەکەی جنەکەیە ئەوسا قاچ بێت یادەست یا هەرشوێنێکی تری بێت ئەوا دیارە هێشتا چا نەبووە، و ئەگەر ووتی قاچەکانم یا باسکم سڕو سارد بو لەکاتی قورئان خوێندنەکەدا، دوایی نەما ئەوا دیارە دەرچووە زۆربەی جار لەترسی ئازاری قورئان خوێندن لەلای سەرووی دوور دەکەوێتەوە ، لەقاچی دەوەستێتەوە، ئەگەر جنۆکەکە کافر بوو بێ ئەوە لەلای چەپی دەبێت، ئەوسا لای قاچی یان باسك و دەستی ، وەزۆرینەی جار ئەو شوێنەی جنۆکەکەی لێوە دەردەچێت کەمێك ئێشی دەبێت وەك چەکوشێکی لێ بدرێ ژانەکەشی بۆ چارەکێ تا کاتژمێرێك بەردەوام دەبێت، ئەمەش نیشانەی چاك بوونە ئەگەر جنۆکەی تری تیا نەبێت ئەمەش بەوە بەدەر دەکەوێت نیشانەکانی نەخۆشی یەکەی نامێنێت وەزۆرینەی جنۆکە زۆر درۆزنن پاش دەرچوون دەگەرێنەوە لای نەخۆشەکە لەبەر ئەوە هەر دەبێ بەرنامەی بۆ دابنێی بۆ نەگەڕانەوەی جنۆکەکە و هەم بۆ بیناەبوونەوەی شورەی مەعنەوی گیانی نەخۆشەکە لە ماوەی بەرنامەکەیدا، دەبێت هەردەم بەیادو زیکری خوداوە دەمی تەر بێت لەگەل هەرکارو کردارێك و هەڵسان و دانیشتنێك ناوی خوا بهێنێت و زیکرو ویردی بەیانیان ئێواران فەرامۆش نەکات ، و لەگوێ رایەڵی چارەسەرکردندابێت ، بەکورتی دەبێ نەخۆش لە ژێر چاودێریدا بێت تاکو دڵنیا دەبێت لە چاك بوونەوە و نەخۆش نەکەوتنەوەی ، هەرکاتێك هەستی بەشتێك کرد دوای چاك بوونەوەی خێرا بچێتەوە لای چارەسەرکار (المعالج)

(ئایا جنۆکە بۆ دەچێتە لاشەی ئادەمیزاد؟)

یەکەم : خواستی جنۆکە بۆ چوونە لای ئادەمیزاد کافر کردنیەتی چۆن گورگ سروشتی وایە حەز لەخنکاندنی مەڕ دەکات ئەوسا بە دانەیەك و دووان و دەیانیش قەناعەت ناکات ، کەچی یەك لەسەر دەی مەڕێکی پێ ناخورێت، یا چۆن حەسوودێك گوراهی زۆر خۆش دەبێت کە دەبینێ کەسێکی یا جیرانێکی تووشی مەینەتی دەبێت، ئەم جنۆکە کافرانە گەورە ئاواتیان ئیمان خنکاندن و لەبەین بردنە لە دڵ ودەروونی ئادەمیزاد، بۆیە یەکێك لەنیشانەکانی ئەم نەخۆشی یە بێ تاقەت بوونە لەسەر گوێڕایەڵی و بەندایەتی بۆ خودا ، بۆیە ئەو شێتانەی بە دەستی جنۆکەوە تووش بوونە زۆر کفریان دێتە سەرزار زۆرێك لەخاوەن نەخۆشەکان دەڵێن کچەکەی ئێمە یا کوڕەکەی ئێمە نوێژی دەکردو قورئانی دەخوێند ئێستا دەست بەرداریان بووە، لایان وایە مادام دیندار بێت تووشی ئەم نەخۆشیە نابێت لەڕاستی دا وانیە تائێستا چەندین مەلا و مامۆستامان عیلاج کردووە چونکە ئەمە نەفسە و ڕۆحەو لاشەیە و ئادەمیزادە ئیحتمالی هەموو جۆرە ئافاتێکی هەیە کەس لە خوای خۆی ئەمین نەبێ تووشی هەرتاقیکردنەوە و بەلایەکی بکات دەیکات، (ئەمین بوون لە خودای گەورە ئامیزاد کافر دەکات ، وەکو بێ هیوا بوونیش هەروایە)

دووەم خواستێکی تری جنۆکە بۆهاتنە ناو لاشەی مرۆڤ بەدەست هێنانی مولکە ، هەر جنێك لاشەی ئادەمیزادی گرتەوە ئەوا بە مولکی خۆی دەزانێت حەزی ئەوانیش بۆ خاوەن مولکایەتی لە حەزی ئێمەی ئادەمیزاد کەمتر نیە

سێ یەم : خواستێکی تر ئارەزووی جنسی لەسەر دابین دەکات، جا ئەگەر ئادەمیزادی نەخۆش لەخەودا بینی ژن دێنێت یاشور دەکات ئەوە لای جنۆکە واقیعیکە، دونیای ئەوان ئاوایە .ئەوسا با لای ئێمە هەر خەون بێ جاری واشە ئادەمیزادەکە کەمتر هەستی پێ دەکات ، جاری وایە وەك واقیعێك دێتە بەرچاوی کاری ژن و مێردایەتی لەگەڵدا ئەنجام دەدات ، بۆیە

زۆرینەی نەخۆشەکان حەز بە هاووسەرە ئادەمیزادەکەیان ناکەن و کەم وایە کاری جنسیان لەگەڵ ئەنجام بدەن

چوارەم هاوبەشی لەگەڵدا دەکەن لە خواردن و خواردنەوە جاریش وایە لە دونیای خۆیان خواردن دەدەن بە ئادەمیزادەکە ، بۆیە دەبینین ئارەزووی خواردنی زۆر کەم دەبێتەوە جاری وا هەیە نەخۆشەکە زۆر دەخوات و تێرنابێت ئەوە نیشانەی ئەوەیە جنۆکەکان لەگەڵی دەخۆن یا لێناگەڕێن خواردنەکە بگاتە گەروی ئادەمیزادەکە هەر لەدەمیدا دەقۆزنەوە جارێکیان لە جنۆکەیەکم پرسی کە لەسەر زمانی نەخۆشێدا قسەی لەگەڵ دەکردم (باشە جنەکان چی دەخۆن؟) ووتی کافرەکان هەندێکیان هەن پیسایی ئادەمیزاد دەخۆن ، هەندێکی تر جۆرەها پیسایی و شتی تریش دەخۆن بەڵام موسلمانەکان شتی پاك و خاوێن دەخۆن جا ئەو خواردنە خۆشانەی ئادەمیزادیان بکەوێتە بەردەست لەگەڵ خواردنەوەکاندا چۆن دەوەستن؟!

پێنجەم : خواستیان بەهاوبەشی کردنیانە بۆ جێگەو رێگەو شوێنی مانەوە شوێنی پاڵدانەوەو ، بەکورتی موعجبین بەژیانی ئێمە لە هەموو ڕوو وەلایەنێکەوە ئەمەش وای کردوە بێن بەلای ئادەمیزاد دا

شەشەم : ئادەمیزادیان لەلا جوان و ڕێزدارە وەخۆشیان لا ناشرین و کەم ڕێزە ، جا هەست بەکەمی و نەقص دەکەن بۆ پڕبوونەوی ئەم کەم و کوڕیانەیان وا لێکدەدەنەوە بەهاتنە لای ئادەمیزاد بۆیان پڕدەبێتەوە لەبەر ئەم خاڵانەی باسمان کرد بۆیە زۆر زەحمەتە دەرکردنی جنۆکە لە ناو لاشەی ئادەمیزاد ، وەك چۆن ئەمڕۆ دەرکردنی کرێچیەك لەناو خانوو ئاسان نیە ئەگەر حەقیشت بێت جا ئەوانیش میوانخانەو خواردنگەو گشتیان بەلاشە بەئاسانی بەجێ ی ناهێڵن، مەگەر بەگەورەیی کۆمەکی خودا نەبێت مەگەر بە قورئانی شیفا و موعجیزە نەبێت مەگەر بە دڵی پڕ ئیمانی صەفاو نەقی نەبێت ...هتد

(لەچ ڕێگەیەکەوە دێنە لای ئادەمیزاد ؟ وەئەو هۆکارانە چین وا دەکات ئادەمیزاد تووشی ببێت ؟)

دیارە ئەو نەخۆشیانەش لە دەرەوەی سونەتانی خوای گەورە بەدەر نین وەکو نەخۆشیەکانی تری لاشەیی، ئەمە خودایە و بەندەکانی خۆی تاقی دەکاتەوە و هەندێك بەمەیەت و هەندێك بەرەحمەت هەندێ بەنیقمەت وەهەندێ بەنیعمەت هەموو کارەکانی خوای گەورە بەحیکمەتن چونکە ئەو کاری بێ حیکمەت ناکات جا ژیری ئێمە پەی پێ ببات یاخود نەیبات، یا زانیاری ئێمەناخۆ پێ بگات یانیش پێ نەگات .بەڵێ مەخلوقەکان گشتیان ئێرچەوانیان بە دەستی قودرەتی خودای گەورەوەیە هیچ شتێك ڕوودەدات بێ ئیرادەی خودای بێ هاوتا ، بەلام مەرج نیە ڕازی بوونی خوا لەگەڵ ئیرادەو خواستی بێت، وەك شەیتان و شەیتان سیفەتان مانەوەو کارخراپیان وکاول کاریان لە ژێر ئیرادەی خوایە بەلام خوا پێی ڕازی نیە

جا وەکو من لێی حالیم دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆ و هۆکار

١- تۆڵەیەکی خوای گەورەیە بۆ ئادەمیزاد لە بەرامبەر گوناهو تاوانەکانی و پشت لەخوا کردنی

(ومن یعش عن ذکر الرحمن نقیض له شیطانا فهو له قرین) واتە ئەوەی خۆی کوێر کات لەزیکر و بەرنامە وکتێبی خوای ڕەحمان ئەوا خوای گەورە شەیتانێکی بەسەردا زاڵ دەکات و دەیکات بە وەڵداش و نزیکی و هاودەمی .لێرەدا دەرکەوت گوناهو تاوان هۆکارێکن بۆ تووش بوونی ئادەمیزاد که لە دواتر باسی دەکەین

٢- لە قورئاندا هاتووە کە خوای گەورە وادەی داوە بە پڕکردنەوەی دۆزەخ و جەهەننەم بە ئادەمیزاد وجنۆکە بۆ ئەمەش هەردوو ڕەگەزی خستۆتە ژێر تاقی کردنەوە پێداویستی تاقی کردنەوەکەیشی داونەتێ.

خوای گەورە فەرموویەتی:(وما خلقت الجن والانس الا ليعبدون) واتە جنۆکە و ئادەمیزادم بەدی نەهێناوە تەنها بۆ بەندایەتی خۆم نەبێت دیارە پێداویستی ئەم تاقی کردنەوەیەش ئەمانەن

أ- بوونی ئیرادەو خواستێکی ئازادی سنوردار

ب- بوونی هێز و دەسەڵاتێکی سنوردار

ج- بوونی بینینێکی ڕادە بۆ دانراو

د- بوونی چەندین غەریزەی هەمە چەشنە وەك ئارەزووی خواردن و جنس و خاوەن مولکێتی و هێزی توڕەیی و خاوەن ژیری ..هتد

هـ- بوونی گوێ و بیستن و خواستەکانی وەك دەنگی خۆش ...هتد

و- بوونی لوت و کەپوو خواستەکانی وەك بۆنی خۆش یا ناخۆش .بەکورتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئادەمیزاد و جنۆکە دووڕێگەن باش- خراپ ، ڕووناکی- تاریکی، زانین – نەزانین ...هتد جا لە ئەنجامی ئەو تاقی کردنەوانەدا لە عیلمی خوا دایە دۆزەخ و جەهەنەم پڕ دەکرێتەوە لە جنۆکە و ئادەمی، دیارە خوای گەورە ئادەمیزاد یا جنۆکەی چاك و پاك ناخاتە ناو دۆزەخ (سبحان الله) بەڵکو ئەوانە دەخاتە ناو جەهەنەم کە خراپە کارن خوانەویست و ستەم کارن .ئەوسا لێرەدا دەڵێم هەندێ جنۆکە بە زوڵم دێنە لای ئادەمیزاد وەکو هەندێ ئادەمیزادیش بە زوڵم و ستەم سەربازە جنەکانی پادشاکانیان لێیان وەردەگرن دووقۆڵی دەستی لێ هەڵدەماڵن و تاوان دەکەن، لێرە دا بۆمان ڕوون بووەوە هۆکارێکی تر زوڵم و ستەمی جنۆکەو ئادەمیزادە بۆ تووش بوونی نەخۆشی ئادەمیزاد بە گوناهو تاوان گیان و ڕۆحی لاواز دەبێت ، تا دەگاتە ئەو ئاستەی خوای گەورە نای پارێزێت و تۆڵەی لێ دەکاتەوە بەرامبەر بە گوناهەکانی جا جنۆکەی بەردەداتە گیانی .(إنا جعلنا الشياطين اولياء للذين لايؤمنون) واتە ئێمە شەیتانمان گێڕایە بە دۆست و خۆشەویستانی ئەوان کەسانی کە ئیمان ناهێنن

٢- هەندێکی تر لە ئادەمیزادەکان یا جنۆکەکان بەم حالەتانەیانەوە بەر تاقی کردنەوەن وەك وتویانە تاقی کردنەوە یا بەرەو نەگبەتە یا بەرەو ڕەحمەتە دیارە بۆ کێ بەرەو نەگبەتە و بۆ کێش بەرەو ڕەحمەتە خوای گەورە دەفەرمووێ (عسى ان تكرهوا شيأ فهو خير لكم وعسى أن تحبوا شيأ فهو شر لكم والله يعلم وانتم لاتعلمون) کاری وا هەیە پێت ناخۆشەو دەی کەرهێنی کەچی خێری بۆت تێدا هەیە، هەروەهابەپێچەوانەشەوە کاری وا هەیە تۆ پێت خۆشە کەچی شەڕو زیانی بۆت تێدایە خوای گەورە دەزانێ و ئێوە نازانن

جا لێرەدا دەمەوێ بڵێم لەڕێگەی ئەم چارەسەریانە چەندین کەس بەرەو لای خوا هاتۆتەوە لە ئادەمیزاد و لەجنۆکە ، هەر خوا دەزانێت خێر لەچی داهەیە پێویستە ئێمەی موسلمان خۆمان تەسلیمی قەزاو قەدەری خوا بکەین ژیان و چارەنووسمان و دەرونمان بدەینە دەست قەزاو قەدەری خوا بە هەموو شتێك ڕازی بین هەموو هەر بەحەق و عەدالەت و ڕەحمەت تێ بگەین تاکو دڵ و دەروونمان بحەسێتەوە ئەو مامۆستایە جوانی فەرمووە کە دەڵێ : ئەوەی بۆ دونیا بگری گریانی نابڕێتەوە ئەوەی لەبەر خوا بگری دڵی دەحەسێتەوە

خوای گەورە لەکارەکانی خۆی بەر پرسیار نیە چونکە هەمووومان بە زەوی و ئاسمانەوە مولکی ئەوین دیارە هەر کەسێکیش بە خواستی خۆی دەتوانی دەستکاری مولکی خۆی بکات ئەمە حوکمی عەقل و ژیری و قانونە ئیتر پێویستە لە خوا بترسین ڕووی تێ بکەین لەبەریا بپاڕێینەوە و پەنای پێ بگرین و داوای ڕەحمەت و زانیاری و شیفای لێ بکەین بزانین بۆ تاقی کردنەوە ئێمەی بەدی هێناوە ئەم ژیان و ژینگەیە بەدوای مردن و موحاسەبەیە، گشتی مەکری خوای گەورەیە تاپێی پڕبکاتەوە ئەو بەهەشتو ئەو جەهەننەمە شوێنی تر نیە بەغەیری ئەوان مولکی کەس نی یە ئێرە و ئەم دونیایە ئێمەش ڕێبواری دونیاین .سەرەنجام کۆمەڵێ بۆ بەهەشت وکۆمەڵێکیش بۆ جەهەندەم.

٤–یەکێ لە هۆکارەکان عیشق و جوانییە بەڕاستی جوانی کۆمەڵە بەڵایەکی پێوەیە یەکێ لەو بەڵایانە بە ئیحتمال ئەو دەردو نەخۆشییەیە . تا ئێرە ئەو هۆکارانە بوون کە ئادەمیزاد پێیەوە تووشی ئەم نەخۆشیانە دەبێت کەلەلایەن جنۆکەوەن

(ئەو ڕێگایانەی کە جنۆکەی پێ دەچێتە ناو لاشەی ئادەمیزاد)

١/ توڕەبوونی ئادەمیزاد، کاتێك ئادەمیزا توڕە دەبێت حالەتێکی وای بەسەر دێ شورەکانی مەعنەوی گیانی زۆر لاواز دەبێ جنۆکە دەتوانێ بەئاسانی شورەکە بدڕێنێ و بچێتە ناوەوەی لاشەی دیارە توڕە بوونێك کە بۆ نەفس و گیانی خۆی یا بۆ یەکێکی تر وەکو خۆی، ئەوەندە نەهێنێ ئەو زیاتری پێ بدات، دەنا توڕەییەك بۆ خوداو بۆ شەرعی خودا بێ شورەی مەعنەوی ئادەمیزاد پێی لاواز نابێت بەڵکو پێی بەهێز دەبێت چ حەددیان هەیە جنۆکە شەیتانەکان نزیکی بکەونەوە

٢/ترسان دیسان کاتێك ئینسان کە دەترسێ شورەی مەعنەوی لاواز دەبێت جنۆکەی شەیتان نەتوانێت خۆی بگەیەنێتە ناوەوەی لاشەی ئادەمیزاد، دەبێ ئەوەش بزانین ترسان لە غەیری خوایە وا ئینسان بەد بەخت دەکات بەڵام ترسان لە خودا **(فهو أقرب إلينا من حبل الوريد)** شیرنی ئیمان و پیرۆزی و بەرەکەتی بە دواوەوەیە بەڵێ نەك تەسك و لاوازبوونی شورەی مەعنەوی گیانی

٣/ بێ ئاگابوون لە خوا دیارە گیان و ڕۆح پێویستی بە زیکرو یادی خوای گەورە هەیە ئەگەر پێداویستیەکانی وەرنەگرێ ست و داماوو بێ هێز دەبێت جنۆکە بەئاسانی کۆنترۆڵی دەکات.

٤/ بەدوا کەوتنی هەواو ئارەزووەکان و ناوی خوا لەسەر نەهێنان وەك کاری جنسی و نەوس و چرپسی و گاڵتەو گەپ و ڕابواردنەکان تر

٥/ زۆر غەم قەهر خواردن بیرکردنەوە لێیان وەك ترسان و توڕەبوون وایە

- نەخۆشێك هاتەلام لە دەست ئاڕەحەتیەکانی سکالای دەکرد لێم پرسی کاکە گیان چیتە؟ بۆم باس بکە ووتی:

١- دڵ توندبوونی زۆر جارو بار کەم دەبێت جارویار زیاد دەبێت
٢- سەر ئێشان و گێژ بوون و بیر ڕۆیشتن و هاتنەوە
٣- ترسانێکی زۆر لام وایە هەموو کاتێك یەکێ لەپشتمەوەیە ئێستانا ئێستا مستێك لە پشتم دەدات
٤- عەصەبی بوون و ناڕێك بوون لەگەڵ خێزانما،ووتی هەر ئەمڕۆ باش باشم لە خێزانەکەم داوە و ئەوسا هاتوومە
٥- ووتی نوشتەیەکم کردەوە وام لێ هات گوایە خێزانەکەم بۆ مەحەببەت و خۆشەویستی لێمی کردووە ئەمە گومانی خۆی بوو لەئەنجامدا دەرکەوت هۆکاریتر بوون ، ڕەنگ داخوڕاو بێ هیواو پەشۆکاو و بێ تاقەت بوو تەنانەت لەبەر بێ تاقەتی خۆی نەیتوانی بوو دەوامی دائیرەی خۆی بکات و بەجێی هێشتبوو .کاتێ هێنامە بەرامبەر خۆم و هەندێ دوعام خوێند لە چاویا ئەم جنۆکانە هاتنە سەر زمانی ١-ڤینۆس بەسێ منداڵیەوە ٢-فەیرۆز ٣-زومرە ٤-لاشین بە دانانی خۆیان ئەوە بیست و سێ ساڵە لە ئازاردانی ئەو خانەوادەن قسەکانیان هاورێك بوون لەگەڵ قسەکانی پیاوە نەخۆشەکە پاش ئامۆژگاری یەکە یەکەیان شوکر بۆ خوا گشتیان دەرچوون بەڵام ئایا دەبێت لەم دەرچونانە ڕاست بکەن ؟! جنۆکەکەی کەناوی لاشین بوو زۆر لامل بوو، بە نیمچە ئاشکرا دیار بوو درۆزنتر بوو لەهەموویان جا وادەی بەیانیم بەنەخۆشەکەدا کەبگەرێتەوە کە بەیانی هاتەوە ئامۆزاکەیشی لەگەڵدا بوو وتم باناموزاکەشت بێتە ژوورەوە بەلکو ئیمانی بە نادیار و غەیبیات بەهێز تر بێت ئەم جارەش پێم ووت لێم نزیك بەوە کەسەیری چاوم کرد و دوعام خوێند زانیم گەڕاونەتەوە بەتایبەتی لاشینەکە پێم ووت ئەی تۆ تەوبەت نەکرد بوو کەبڕۆیت و نەگەڕێیتەوە ؟ ووتی با دەڕۆم ئانا ناڕۆم ناتوانم برۆم، ووتم دیارە فایدەی نیە سەعات و نیوێك قورئانم لەسەر خوێند بەرنامەم بۆ دانا ، بەداخەوە نەگوێڕایەڵی کردم وەنە بەرنامەکەشی گوێ پێدا زۆری پێ نەچوو لە نەخۆشخانە بەشی نەفسی دیتمەوە و دەهاتە نوێژی جەماعەت منیش لەگەڵ ئەوەی بە گوێی نەکردم و

باوەڕی سست بوو بەکاری من، هەر ویژدانم قەبوڵی نەکرد پێم وت کاکە گیان تۆ هۆشیار بووی کە جنەکان قسەیان لەگەڵ مندا دەکرد ئیتر نەخۆشیەکەت هی پزیشك نیە ، چارەت هەر ئەوەیە کەمن بۆم دانایت، بە خوا بچیتە هەر شوێنێکی دونیاش هەر ئەوە چارەتە! ئیتر دیارە جنەکانی گەڕابوونەوە و نەهاتەوە لای من و ڕۆیشت ..الحکم لله والحمدلله .جا لەو کاتەی پرسیارم لە جنۆکەکان کرد ئێوە چۆن هاتونەتە لای ئەو پیاوە؟ ووتیان دیتمان لەگەڵ خێزانەکەی زۆر بەسەیر و سەمەرەوخۆشی کاری جنسی و ڕابواردنی لەگەڵ خێزانەکەی دەکرد ئێمەش (هەموو جنەکان نافرەت بووین) حەزمان چووێ چووویین بەلایدا تا ئەمڕۆ ئێمە هەر پێمان ڕابواردووە و کاری جنسیمان لەگەڵیدا ئەنجامداوە و خۆمان خستۆتە سەر شێوەی خێزانەکەی هی تریش...

ئەی داخی گران لەسەر نەزانین! باشە خۆ ئەگەر هەندێ لە و زیکرو وێردانەی بخوێندایە کە مایەی پاراستن و پەردەیە بۆ چاوی جنۆکە و حیفز بوونە چەند باشتربوو لەوەی تووشی ئەو هەموو چەرمە سەریە ببێ ؟! بەڵێ ئەگەر بی ووتبا (بسم الله الذي لا اله الاهو) بەنیەتی ئەوەی پەردەیەك دروست بووایە لە نێوان ئەو و جنەکان جا بەڕاستی پەردەیەك پێك دەهات چونکە ئەوە فەرموودەی پێغەمبەرە (درودی خوای لێ بێت) باشە زەرەری چی دەکرد؟! یابی ووتایە (بسم الله اللهم جنبنا الشيطان وجنب الشيطان ما رزقتنا) چ زیانێکی لێ دەکەوت ؟لواتە بەناوی خودا خوایە گیان شەیتانمان لێ لابدە وە لە و منداڵەش لابدە کە دەیکەیت بە رزقی ئێمە جا پێغەمبەر (ص) دەفەرمووێ ئەوەی ئەم زیکرە بخوێنێت لەکاتی کە دەچێتە لای خێزانی ئەوا شەیتان ناتوانێ نزیکی ئەو منداڵە بکەوێت کە لەونوتفەیە بەدی هاتووە

جا ئەو ئەفەندیە لەقسەی خۆی وابێ دەرچووی ئامادەیە بەڵێ لەیادت نەچێ کە گەورەترین وپیرۆز تریت شەهادە (أشهد أن لااله الا الله وأشهد ان محمد الرسول الله)، جارێکیان برادەرێکی ناسیار ووتی مامۆستا ئیشم پێتە منیش مەوعدێکم پێی دا ئیتر ئامادەبوو لەماڵەوە دوای بەخێر هێنان و خزمەت کردن،ووتم فەرموچیت هەیە ؟ دەستی کرد بەسکاڵا

لە دەست دڵ و دەرونی و تەندروستی و خەوی و..هتد برای خوێنەر بزانە ئەم نەخۆشییە لەسێ وەتەر کاری خۆی دەکات بەسەر ئادەمیزادا لەلایەنی تەندروستییەوە چونکە یاری بە دڵ و ئەعصابی دەکرێ و خواردن و خەوی ئاڵۆز دەبێت سەرەنجام تەندروستیشی تێك دەچێت وە لەلایەنی ڕەنگ و ڕووەوە وەك خۆی نامێنێت ڕەنگ هەڵ خورپاو زەبوون و داماو دەبێت جوانی سروشتی خۆی لێ دەڕوات (وەك ڕەونەقی سوری سەرکوڵمان و نێو چەوان و ..هتد) وەلایەنی ئەخلاقی سەبرو تەحەمولی نامێنێت بێ ئارام و بێ قەرار دەبێت توڕەو عەصەبی دەبێ جینگز و دڵ ئاسك دەبێ، بێ تاقەت و داوەشاو دەبێت بەتایبەتیش لە ئاست عیبادەت کردنی خوای گەورە .دوای دانیشتنی تەواو ووتم کاکە گیان وەرە شوێنی علاج کردن جاکاتێ هات ووتم نیشانەکانت بڵێ؟ووتی:

١- دڵ توندبوون بەشێوەیەکی وا کاتێ کە دەبینم یەکێ پێدەکەنێت خۆزیایی بەدڵی ئەو دەخوازم، خەفەت بارو دڵ تەنگم بێ ئەوەی بزانم بۆ!

٢- تووڕەو عەصەبیم خەریکە لەگەڵ سێبەری خۆم شەر بکەم کە جاران وانەبووم

٣- بێزارم لە ژیان بیری خۆکوشتن دەکەم بۆ ڕزگاربوون لەدەست ئازارەکانی دەرووتم.

٤-خەونی ناخۆش دەبینم هیچ ئیسراحەتێ لەخەوەکانم ناکەم.

٥-فیکرەی کوفرو بێ خوایی بۆم دێ و لێم ناگەڕێ.

٦-ئارەزووی خواردنم زۆر کەم بووە، ئەوەی دەشخۆم وەك پێویست لەززەتی لێناکەم.. نازانم چیت بۆبڵێم چۆن تەعبیرێ بەکاربێنم، ئازارو ناخۆشیەکانم گەلێ لەوەی وتم زیاترە!!

پاش سەیری چاو کردن تەئکیدم کرد کە ئەمە جنۆکەی لەلانە ئەزیکەی سەعاتێ زیاتر دوعاو قورئانم بەسەرخوێند هەندێ گرێچکەکانیم ئازاردا، دیاربوو جنۆکە هاتە سەرزاری ئاوت چیە. بەناز چیت لێی دەوێ نازانم، پاش هەندێ ئامۆژگاری دیاربوو واخۆی نیشاندا ڕۆیی، بەلام دەبێ ڕاست بکات؟! دیارە نەخێر!!....

ئیتر بەرنامەم بۆی دانا، لەگوێدانە شریتی قورئان و دوعاو بۆنی میسك و ئاوی قورئان لەناو خوێندراو.. پاشان وادەی هاتنەوەم دایێ.. كە هاتەوە لەوادەكەی خۆی. وتم ها چۆنی؟ وتی كەمێ باشترم، ئەم جارە كە سەیری دەكەم و قورئانی لە سەر دەخوێنم دەبینم ئەوە جنۆكە دێنە سەر زمانی، بەناز جنۆكەی درۆزن، فاطمە و جنۆكەی سێزدە ساڵ چرۆ، زۆری پێوە ماندوو بووم لەچەندین وادەو مەعیدا، بەناز دەیگۆت من بێوەژنێكی چل ساڵەم ئەگەر ئەوە نەكەم ئەی چی بكەم، دەیان جار وادەی دەدا هەر درۆ.. چرۆ دەیگوت مامۆستا ئێوە منداڵیش دەكوژن، خانم تۆ منداڵی مادام وادەزانی دەگوێ رایەڵ بە؟ ئاخر بەناز لێ ناگەڕێ.. فاطمە تۆ بۆچی هاتی واللە مامۆستا بەناز بەزۆر منی هێناوە، لەئەنجامی ئەو هەموو بینەو بەردەیەو ماندوو بوونە، چرۆ و فاطمە رۆیشتن و شوێنەواریان نەما، بەڵام بەنازم پێ ئیقناع نەدەكرا هەندە درۆزن بوو زۆریشم ئازارداو بەرنامەی چاكم بۆ كوڕە نەخۆشەكە دانا، بەڵام بەناز نە هەجەلی هات نەڕۆیشتیش ئەم بینەو بەردەیە وای لەم كوڕە كرد ئیمانێكی پتەوی بێ و دەست بەزیكرو ویردو نوێژی جەماعەتەوە بگرێ، وای لەبەناز كردووە وەك سەگی رووتی برسی پڕ لە ئازار، جارو بار كە دەم دێتەوە بەناز سكاڵای لەدەست حاڵی خۆی دەكرد كە ئەم كوڕە چی لێ كردووە دەبخۆ دەی ناڕۆیی؟ با ئەوە حاڵت بێ!! جا من بێغەمم لە كوڕە نەخۆشەكە، لەبەر دینداری و هۆشیاری و حاڵی بوون بە دەردو نەخۆشی خۆی، وای لەبەناز كردووە ئێستا ناتوانێ ئازاری بدات وەك جاران، ئەویش لەمەدا ئەوەدو پێنج چاكتربووە..دوایی دیتمەوە وتی لام نەماوە وزۆر باشم.

برای ئازیز، ئەم جنۆكانە چۆن چوونە لاشەیی ئەم كوڕەیە؟! بەڵێ لەبەر لە خوا بێئاگابوونی و زۆركردنی شایی و هەڵپەڕكێ و ڕەش بەڵەك، كە جنەكان خۆیان وتیان ئێمە بەشایی كردنی ئەم‌كوڕەیە موعجیب بووین بۆیە بریارماندا بێینە لایی..

جارێكیان جیرانەكەی پشتەوەی خانوومان (ئەوكاتە، ئێستا لەوێ نەمایە چونكە كرێچی بووین) هاتبووە ماڵمان لەدەرگای داو داوای منی كرد، ووتیان پاش مەغریب دێتەوە،

کە هاتەوە ماڵێ پێیان وتم فلان کەس هاتبوو، ئیتر زۆری پێ نەچوو هاتەوە دوام پێم ووت فەرموو چیتەو چیت دەوێ، ووتی ماموستا داکی منالانم تەواو نیە وابزانم نەخۆشیەکەی چارەی لای ئێوەیە، منیش ووتم فەرموو بابڕۆین، کە گەیشتینە مالیان، دیتم خێزانەکەی بەنامۆیی دانیشتبوو جوان بۆمنی نەدەڕوانی دەتوت گورگەو شێری لێ میوان بووە، پاش لێکۆڵینەوە وتیان ئەوە دوسێ رۆژە لەسروشتی خۆی نەماوە، نە لەخەوا نە لەخواردنا نە لەخزمەت کردنی ماڵ و منداڵا، وەکو جاران نایێتە بەرچاو، تورەو توندو ناگوێڕایەڵە. وتم بابێتە پێشەوە، بەزەحمەتەوە پیاوەکەی هێنای ئیتر درێژبوو چەرچەفێکی بەسەردادا، دەستم کرد بە ئامۆژگاری کردنی (پاش ئەوەی زانیم جنۆکەی لەلایە) بەڵام بێسوود بوو، منیش دەستم کرد بە بانگدان لەناو گوێی ڕاستەیدا نە جارێك و نە حەوت جار، ئیتر مەرۆ بەخوا بەیارمەتی ئەو مێشکت دەتەقێنم، کە زانی من بەئاسان لێی ناگەڕێم، جنۆکەکە هاتە سەر زمانی ووتی دەبەسە (بەهێزەوە) ئەوا ڕۆیشتم، لەگەڵ ئەم قسانەی قاچی چەپی لەزەویەوە بەرز کردو خێرا دایەوە بەزەویَ، ئیتر نەخۆشەکە هۆشی هاتەوەو هەستاوەو، ووتم ئەوە چی بوو، وتی پیرەژنێ یەخەی گرتبووم ڕۆیشت و هەڵات. شوکر بۆ خوای گەورە چاك بووەوەو هاتەوە سروشتی خۆی، هەر جنێك کە چووە بەدەنی نادەمیزاد ئەگەر زوو چارەسەری کرا ئەوە باشە ناگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر چارەی زۆر دواخرا مانگان و ساڵانی پێچوو ئەوکاتە چارەی زەحمەت دەبێ، بەپێی زۆری کاتی نەخۆشیەکەی. (مەگەر خوا چ لەگەڵ کاری خوا ناکرێ) دیارە دەنکە شقارتەیێ کوژانەوەی ئاسانترە هەتا پەرێزێ. کوردەواری خۆمان ئەو عادەتەی تەرك ناکات نەخۆش نابانە لای دکتۆرو چارەسەرکار هەتا ئەرزێتەوە، ئەوسا کە بردیشی دەیەوێ دەم و دەست چاك بێتەوە!!

((با کەم تەرخەم و بێ ئاگا نەبین))

برای موسڵمانم با کەم تەرخەم و بێ ئاگاو غافڵ نەبین لەو ئایینە جوانەی خوای گەورە، کە سەرتاپای نورو هیدایەت و شیفاو پارێزی یە، ڕەحمەت و زانیاری بەرەکەت و پیرۆزیە، باشە چی زەرەر دەکەی ئەگەر لەماڵەوە دەرچووی بڵێی (**بسم الله توکلت على الله لاحول ولاقوة إلا بالله**) کە لە فەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هاتووە ئەوی ئەم زیکرە بکات، فریشتەکەی پێی دەڵێت: (**هديت وكفيت ووقيت**) واتە ڕێی ڕێنومایت درا بەسە ئەم زیکرە بۆتۆو کەوتیتە قەڵای پارێزراوییەوە، شەیتانێك بە شەیتانەکەی ئەم ئادەمیزادە زیکر کارە دەڵێ، تازە چیت پێ لەگەڵ دەکرێ ئەو کەسە کەوتە ناو هیدایەت و پارێزراوی و پاڵپشتێکی وا کە بەشی بکاو کەس چی پێ لەگەڵ نەکرێ.

وەکاتێ کە گەڕایتەوە ماڵەوە لەگەڵ یەکەم هەنگاوت بڵێی (**بسم الله ولجنا بسم الله خرجنا وعلى الله ربنا توكلنا اللهم ربنا إنا نسالك خير المولج وخير المخرج**) ئەبو داود وترمزی ریوایەتیان کردووە واتە: بەناوی خودا هاتینەوە بەناوی خودا دەرچوو بووین وە پشتمان بە خوای گەورە بەستووە، خوایە گیان پەروەردگارمان ئێمە داوای باشترین ماڵت لێ دەکەین کە بۆی دەگەڕێینەوە وە داوای باشترین شوێنت لێ دەکەین کە بۆی دەردەچین.

وە کە گەیشتینە لای تاکەکانی خانەوادەی بابڵێ السلام عليكم ورحمة الله...

ئەوکاتە شەیتانێك بەشەیتانەکانی تر دەڵێت: تازە لەوماڵە نەخواردنی ئێوارەمان بۆما نە دەشتوانین تیای بێنینەوە (تائێرە مانای ئەو فەرموودە پیرۆزانەبوو کە لەپێغەمبەر گێردراوەتەوە)[1]

---

[1] وقاية الانسان من الجن والشيطان/ وحيد عبالدسلام بالي

جارێکیان نەخۆشێکی ئافرەتیان هێنایە لام، لەسەعات نۆی شەوا لە حەماما ساتەکی کردبوو بەربۆوە بەسەر هەندێ جنۆکەدا، جنۆکەکانیش لە تۆڵەیا کەتبوونە گیانی، ئایا ئەگەر ئەم زیکرانەی باسمان کرد بیکردایە باشتر نەبوو، لەوەی کەتێ کەوتووە لەدەرگای ئەم و ئەو بدات بۆ چارەسەری ئایا خۆ پاراستن باشتر نیە لە چارەسەرکردن!!

(من وای بۆدەچم)

من وای بۆدەچم ئەو نەخۆشیانەی لەلایەن جنۆکەوەن نەخۆشی رۆحی و گیانی بن، سەیر لەوەیە ئەگەر جنۆکە بترسێ ئەوە ئەو ئادەمیزادەی نەخۆشە بەدەست جنۆکەکە ئەویش دەترسێ ئەگەر ئەو گەرمایبێ ئەویش گەرمایتی، ئەگەر ئەو سەرمای بێ ئەویش سەرمایتی، ئەگەر ئەو برسیبێ ئەوە ئەویش برسیەتی وە هەروەها، جا ئەم جۆرە نەخۆشانە چارەیان تەنها لای موعالیج و چارەسەرکار هەیە بەرێگەیەکی شەرعی کە بریتییە لەو زانیاریانەی لەم شیفای قورئانیەدا باسکراوە. هەندێ نەخۆشی تر هەن نەفسین یان دەروونین. خاوەنی ئەم نەخۆشیانە لێکدانەوەو تەصەوریان بۆ ژیان و گیروگرفتەکانی هەڵەیەو لەشوێن خۆیا نیە. بۆنمونە: یەکێ کە لەژیان بێ ئاوات و ئەمەل دەبێ، ئیتر ووزەو تاقەکەی دەنیشێ وخەمۆد دەکات چونکە هیچ ئاواتێ شك نابا تا بۆی تێبکۆشێ، سەرەنجام ئەویەری بێزاری رووی تێدەکات کە بێزاریش بوو تەوازنی خواردن و خەوی لێ تێك دەچێ کە دەبێتە مایەی تەندروستی تێك چوونیش. عەیارو گێچی بیرو هۆشیشی ئاڵۆز دەبێ.. دیارە چارەکەشی ئەو داو و دەرمانەیە کە کیمیاویین و خەولێخەرو خەم رەوێنن ئەمە لەلایێ، لەلایێتر کاری لەسەر بکرێ بۆئەوەی باشترو چاکتر خوابناسێ و شوێن پێی بێتەوە لەناو کۆڕو کۆمەڵی ئیمانداران.

دیارە ئیماندار ئاواتەکەی رازی کردنی خودایە ئەویش دەکەوێتە پاش مردنی، بۆیە هەرگیز ئەم جۆرە نەخۆشیانە رووی تێناکات، ئەوەی ئیماندار بێ تاقەت بکات کەم تەرخەمی

هەڵەو گوناهەکانیەتی، ئەویش دڵی خۆی دەداتەوە، بەوەی دەرگای تەوبە دانەخراوەو چاکانیش خەراپەو گوناهان بەڕێدەکەن، وەك چۆن ئاوی پاك چڵك و چەپەکی لادەبەرێ ﴿إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ ذَلِكَ ذِكْرَى لِلذَّاكِرِينَ﴾ هود/١١٤

نەخۆشەکانی تری نەفسی و دەروونی هەیە، کە تووشی ئادەمیزادی دەروون لاواز دەبێ لەکاتێکدا کە تووشی گیروگرفت و خەم و پەژارەیێ دێ، بەری ناگرێ و لەهۆش دەچێ و، لەبیرکردنەوەی گیروگرفتەکانی نانی بۆناخورێ و خەوی لێ ناکەوێ هەر لە بیرکردنەوەیە لێیان، ئەمەش دەبێتە مایەی تێکچوونی تەندروستی، سەرەنجام لەنەخۆشخانە لەبەشی دەروونی دەیبینیەوە، چارەکەشی ئەوەیە خۆی تەسلیمی قەزاو قەدەری خوابکات، وە ئامۆژگاری بکرێ و خوای گەورەی جوان پێ بناسرێ پێی بوترێ ئێمە هەمووومان مولکی خواین نی خۆمان نین ئیتر خوای گەورە ئازادە لەبەکارهێنانی ماڵی خۆی هەرچۆنیەکی بوێ، وە پێی بوترێ لە رێگەی (**اسماءالله الحسنى**) کە خوای گەورە حەقەو کاری ناحەق ناکا حەکیمەو کاری بێحیکمەت ناکاو دادپەروەرەو کاری بێدادپەروەری ناکا..هتد.

هەروەها پێی بوترێ ژیرو عەقڵی ئادەمیزاد هەمووشتێ نیمو نادیارو غەیب و داهاتوو نازانێ، شت هەیە پێی ناخۆشە کەچی خێری بۆی تیایە، شتیش هەیە پێی خۆشە کەچی زەرەرو زیانی زۆری بۆی تیایە، ئەگەر نەبوونی وهەژاری گیروگۆفت و سلبیاتی خۆی هەیە، ئیجابیاتیشی هەیە، ئاوا هەبوونیش سلبیات و ئیجابیاتی خۆی هەیە، نازانی چارەنووسی کامەیان خێرترە، ئەوە جیا جیاو موتەفاوتە لە ئادەمیزادێك تا ئادەمیزادێك دەگۆرێ..

نەخۆشیەکی تری دەروونی هەیە کە ئادەمیزاد هەراسان دەکات، ئەویش بوونی ئاواتێکە لەبیرکردنەوە لێی لەدەرەوەی دەسەڵات و توانای ئەودو، ئەویش باش بۆی عیشق بووە لەبیرو خەم و لێکدانەوەیدا تووشی حاڵ شەپرێوی و تێکچوونی خواردن و خەوی کردووە، سەرەنجام

تەندروستی تێك دەچێ و کاردەکاتە ناو مێشك و سەری لەشێتی دەردەچێ، کە ئەمە زۆرتر تووشی عاشقەکان دەبێ[1]

هەوالّی بەپەلەیان بۆهێنام لەدوسێ لاوە ووتیان فلاّن کەس فریای کەوە تا لەدەست دەرنەچووە، وە من شارەزای ئەو کەسەبووم کە گەنج بوو، پێم وتن سەیارەکی بۆبگرن بەلاّی تیانامێنێ، جا بەڕاستی سەیارەیان بۆگرێ و بەلاّی تیا نەما..

جا نەخۆشیە ڕوحیەکان کاریگەری هەیە بەسەر دەروونیەکان وە هەردوکیان بەسەر تەندروستی لاشەیدا وە بەپێچەوانەش ئیحتیمال دەکرێ، وەك ئادەمیزادێ نەخۆشیەکی بەدەنی هەیە هەر بیری لێدەکاتەوە و هەست بە نەقس دەکاو سەرەنجام خۆی تووشی نەخۆشی دەروونیشی دەکات، لەدوایدا لەناو غەما نوقم دەبێ و دەروون و گیانی لاواز دەبێ و توڕە دەبێ و دڵ ناسك و چینگز دەبێ و دەترسێ لە ئەنجاما تووشی مەسی جنیش دەبێ..

یادەبینی نەخۆشیەکی هەیە پێویستی بە عەمەلیات هەیە، وە زۆر لێی دەترسێ، لەگەڵ عەمەلیاتەکە ترسەکە لەباوەشی دەگرێ و تووشی جنۆکەداری دێ. نەخۆشی وامان زۆر لێ ڕاست هاتووە.

جا بەڕاستی خواپەرستی و خۆشویستنی خواو حالّی بوون لەناوە جوانەکانی و ئیسلامە پڕ نورو ڕەحمەتەکە چارەی هەمووی تیایە، بگرە پارێزی لەو هەموو نەخۆشیانەی تیایە، هەر خۆی شافیە، وەك لە فەرموودەدا هاتووە (**داووا مرضاکم ماانزل الله من داء إلا نزل معه دواء**) واتە: نەخۆشەکانتان دەرمان بکەن و چارەیان بکەن، خوای گەورە هیچ دەردێکی دانەبەزاندووە ئیللا دەرمانیشی لەگەلاّ دابەزاندووە. ئیبراهیم پێغەمبەر (علی نبینا

(١) نەخشیە نەفسیەکان زۆرن، دەگونجێ لە ڕێگەی بەحزشی مێشك تووشی شێتی ببێ وەك وشیزۆفینیا، یا لە ڕێی سەرما یا لە ڕێگەی میکرۆب لە مێشکیا یا فایرۆز یا جۆرە ئازارێکی بەسەری کەوتبێ بەرئەنجەکەی تێك چوبی ـ یا لەڕێگەی خواردن وخواردنەوە وە بێ کە مێشك وفکر وبیر ئالۆز دەکا ...هتد

وعلیه الصلاة والسلام) لەخوای گەورەی پرسی ئەم نەخۆشی و دەردانە لەکێوە دێن؟! فەرمووی لای من، ووتی شیفا لەکام لاوە دێ؟! فەرمووی لای من. ووتی ئەی باشە ئەی دەوری ئەم دکتۆرو چارەسەرکار چیە؟! فەرمووی من بەخواستی خۆمە شیفا بخەمە سەردەستی کێ نەیخەمە سەر دەستی. (لە قەناتی الحقیقە وەرگیراوە).

(شافی دەبێ هەر خوا بێ)

نابێ ئادەمیزاد یا هەر مەخلوقێ تر شافی بێ بەڵکو ئەم سیفەتە هەر شایانی خوایە

لەبەرئەوەی شیفا پەیوەندی بەحەکیمایەتی و ڕازیقایەتی هەیە هەروەها بەناوە جوانەکانی تری خوا، بۆیە کەس ناتوانێ شافی بێ، بێجگە لەخوا، خوای گەورە هەر کاری خۆیەتی هەر خۆی دەزانێ کێ نەخۆش بکا کێش شیفای بۆبێنێ و چارەی بکات، گریمان ئەگەر دامانئا (زەید) شیفای بەدەستەو شافیە (**نعوذ بالله ولااله إلاالله**) ئیتر نەخۆشی دونیا هەمووی ڕووی تێدەکاو لەبن دەست و پێیان دەچێ، ئیسراحەتی شەو و ڕۆژی لێ هەڵەگیرێ، سەرەنجام زۆر زوو دەفەوتێ و پێی ناکرێ، دیارە ئەگەر شافی بێ بازاڕی دکتۆرەکان و حەکیمەکان و دەرمانخانەکان و.....هتد دادەخات، ئەوکاتە دەکەونە بەرپیلان بۆگێڕانی، دیسان بەهیلاکی دەبەن، وە هەروەها، ئەوسا خوای گەورە بەڕەحمەت ئەو سیفەتەی هەر بۆخۆی داناوەو شایەستەی کەسیتری نەکردیە، هەر خواستی پڕحیکمەتی ئەو دەزانێ شیفا بخاتە سەر دەستی کێ بۆئەو نەخۆشەی کە خۆی ئیرادەی لەسەر چاکردنەو شیفا بۆ هێنانە، هەر خۆی هۆ وهۆکارەکانی شیفای بەدیهێناوەو، زانیاری و ژیریو حیکمەتی داوەتە ئادەمیزادەکان و جنەکان، جا بەراستی کەسێ سفەتی شافێتێتی بداتە پاڵ غەیری خوا ئەوە هاوبەشی بۆ خوا بڕیارداوەو، کافر بووەو بۆتە (موشریك) هەروەها ئەگەر یەك لە بلیۆن ئەم سیفەتە بداتە پاڵ دکتۆر چارەسەرکار یا داوو دەرمان هەروایە کە هاوبەشی بۆ خوا بڕیاردابێ.

بەڵام ئەگەر یا بدیتە پاڵ قورئان ئەمە قەیدی نیە، چونکە قورئان کەلامی خودایە. ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ وَلَا يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إِلَّا خَسَارًا﴾الإسراء٨٢.

ئەگەر خوای گەورە خواست و ئیرادەی کرد کە شیفا بۆ نەخۆشێ بێنێ، ئەوە هۆو هۆکارەکانیشی بۆ ڕام و موسەخەر دەکات، بەڵێ وەکو شیفا لەدەست خوایە هەر خۆی شافیـیە، هەرخۆشی خالیق و بەدیهێنەری هۆو هۆکارەکانی شیفایەو خاوەنیەتی و بەڕێوەیان دەبات، دەستی پڕ حیکمەتی پێیانەوە گرتیـیەو لێیانەوە بێئاگانەبووەو نابێ، وە دەست بەرداریشیان نابێ. بەڵێ قورئان بەکارهێنان بۆشیفا کارێکی شەرعیـیە بەومەرجانەی خۆی، کە پێویستە قورئان خوێنەرو دوعا گۆیەکە بیرو باوەڕێکی پتەوی هەبێ و سیقەو متمانەی بەخۆو بەپەیوەندیەکانی بەینی خۆی خوای هەبێ، نیەت و ئیخلاصی هەر بۆخوای گەورەبێ هەروەها بەهەمان شێوە ئەو نەخۆشەی قورئانی بەسەردا دەخوێندرێتەوە. ئەمانە گشتی پاش گرتنی ڕێگەی سونەنی و ئەسبابی خۆی، واتە دەست شکاوێ دەبێ دوعا بکات و بچێتە لای پزیشکی چاك یا بەیتاری چاك و هەلی بەستێتەوە، ئەوسا دوعای بۆبکاو، بۆی بکرێ، هەروەها هەموو نەخۆشیە بەدەنیـەکان، وە نەخۆشیەکانی تریش هەریەکەی بەڕێگەی خۆی و بە ئیختیصاصی و تایبەتمەندی خۆی وە دەشبێ دکتۆری موسڵمان و خاوەن باوەڕ بڵێ: (**عندنا الدواء وعندالله الشفاء**) (دەرمان لەلای ئێمەیەو شیفا لەلای خوایە). هەروەها دوعا گۆو قورئان خوێنەریش دەبێ بڵێ: (**عندنا الدعاء وعندالله الشفاء**) دوعا لای ئێمەیەو شیفاش لای خوایە. نەخۆشیش بڵێ ﴿وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ﴾[1] الشعراء٨٠. گەر نەخۆش کەوتم

---

(١) خوای گەورە بۆمان دەگێڕێتەوە کە ووتە شیرین و ڕاستەکانی حەزرەتی ئیبراهیم کە فەرموویەتی ﴿الَّذِي خَلَقَنِي فَهُوَ يَهْدِينِ(٧٨)وَالَّذِي هُوَ يُطْعِمُنِي وَيَسْقِينِ(٧٩)وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ(٨٠)وَالَّذِي يُمِيتُنِي ثُمَّ يُحْيِينِ(٨١)وَالَّذِي أَطْمَعُ أَنْ يَغْفِرَ لِي خَطِيئَتِي يَوْمَ الدِّينِ﴾الشعراء٧٨-٨٢. واتە: ئەو خوا گیانەی بەدیهێناوم هەر خۆی ڕێنموماییم دەکات، هەر خۆشیەتی خواردن و خواردنەوەم

خوای گەورە شیفام بۆدێنێ.. پاش چاکبونیش بڵێ خوای گەورە شیفای بۆناردم، هۆو هۆکارەکانیش ئەمانەبوون کە خوای کاربەجێ بۆی ڕام و موسەخخەر کردم.

(مەریەمەو خالیدەو صالیحە)

ئەم سێناوە ناوی سێ جنە ئافرەتی دیانن، لەناو بەدەنی ئافرەتێکی ئادەمیزادا ئازاریان دەداو لێناگەڕان منداڵی ببێ نزیکەی سێ تاچوار منداڵیان لەبەر بردبوو، لەوکاتەی ئەو ئافرەتە هەندێ جل و بەرگی مێردی دەشواو پاشان بێەوبالاتانەو بێ هێنانی ناوی خوا (بسم الله) ئاوە پاشماوەکە بە کۆڵانێ دادەکات، یەکسەر بەهەندێ منداڵی جن دەکەوێ (ئەم ڕووداوە لە شەقڵاوە ڕووی دابوو)، ئیتر یەکسەر دایکە جنەکانی ئەو منداڵانە دەکەونە گیانی و داری لە ڕوحی دەدەن، لەسەرەتا پیاوەکەی هەر لە دکتۆرانی دەگێڕا بەڵام بێسوود بوو، دوا وتە پێیان ووت ڕەحمەت شلە منداڵت بۆ ڕاناگیرێ، نابێ بالیفیش بڵند بکەی لەوکاتەی حەملت هەیە، پاشان ڕێیان بە ئێمە کەوت ئیتر زۆری پێنەچوو جنەکان هاتنە سەرزاری نەخۆشەکە ڕووداوەکەیان تێگەیاندنین، پاش چەندین ئامۆژگاری و ڕوون کردنەوەی ڕاستیەکان شوکر بۆخوا موسڵمان بوون (بەڵام پاش سێ مانگ ئامۆژگاری و نەصیحەت و حیوارو کێشە کێش)..

پێمان دەوتن ئێمە ئێوە نابینین عوزرو بیانومان هەیە ئەگەر بەنەزانین ئازارتان بدەین، دەبێ ئێوە بیانوومان قەبوڵ بکەن. دەیان ووت: باشە خۆ ئێوە دەزانن ئێمەش هەین کە کارێ

پێدەبەخشێ، وە ئەگەر نەخۆش کەوتم هەرخۆی شیفام بۆدێنێ، هەر ئەو زاتە ئەمرێنێ و پاشان زیندووم دەکاتەوە، هەر لەو ئومێدو هیوام هەیە کە لە کەموکوڕی و هەڵەکانم ببورێ و لەو ڕۆژە خۆش بێ لەڕۆژی زیندووبوونەوەو لێپرسینەوە..

حابەڕاستی دەبێ پیاوی خواناس و موسڵمان هەڵوێست و بڕیارو تێگەیشتنی ئاوابێ..

دەکەن بۆناڵێن (**بسم الله**) تاکو بێداربینەوەو لەدەست ئازاری ئێوە دوورکەوینەوە..بەڵێ (**بسم الله**)ی ئێمە بۆوان وەك هۆرنەی ئۆتومبێلە بۆکەسانێ دەکەونە سەر ڕێ.

باشە بۆنابن بە موسڵمان کە دەزانن ئیسلام دینی خوایەو حەقەو بەغەیری دینی خوا گشتی بەتاڵەو چارەنوسی جەهەنەمە. دەیان ووت: ڕاستە بەڵام ئێوە کامەتان ئەو موسڵمانەن کە ئێوە داوای بۆدەکەن، ئەدی ئەوەنیە ئێوە هەموو کارێکی خەراپ دەکەن!! پێمان دەوتن باشە ئێمە باسی ئیسلام دەکەین نە موسڵمانان. ڕاستە موسڵمانان لەڕاست ئاینەکەیان زۆر کەمتەرخەمن، بەڵام ڕاستی هەر شتێکەو ئەوەی لەگەڵیابێ سەرکەوتووی دونیاو قیامەت دەبێ.

سەرەنجام خوا هیدایەتیانی داو ڕۆیشتن و ئافرەتەکە شیفای بۆهات، پاش یەك دوو ساڵ پیاوەکەی کەبرادەرێکی خۆشەویست و بەڕێزبوو هاتەوەلام ووتی ئەوە دایکی منداڵان دەڵێ (صالحه) یانی جنە ئافرەتەکە گەڕاوەتەوە، دەڵێ پیاوەکەم لێم ڕازی نابێ کە بوومەتە ئیسلام وە نایەڵێ ئەم ئافرەتە بەجێ بهێڵم، منیش وادەم داپێ کە شەو بچمە ماڵیان، ئیتر پاش ئامۆژگاریەکی بێسود ناچاربووم بە قورئان خوێندن لەسەر ئاو بەمەرجێ بیڕژێ لەگەڵ خوێندنەکەیا بەسەر دەموچاوی، وە دانانی بەرنامە بەگوێدانە قورئان و بەکارهێنانی بۆنی میسك و خواردنەوەی ئاوی شیفاو خۆ پێ چەورکردنی، مانگێکی پێنەچوو خێزانەکەی ووتی دیتم بەسترابۆوەو زۆری هەوڵدا بێچارەبوو تاکو مرد (ئەمە لەخەونا بەڵام وتمان خەون حەقیقەت و دونیای ئەوانە) پاش ئەوە هیچ کاریگەری و شوێنەواریان ئەما لەناخیا. کوڕێکی بوو ناوی نا محمد پاشان کچێکی تریشی بوو. زۆرێك لە ئافرەتان بێموبالاتن خۆیان تووشی ئەم بەڵایانە کردووە بە نەزانین و بێئاگاییان لەم ژیان و ژینگەیە، لەولاشەوە هەر ئەم دکتۆرەو ئەوی تردەکەن، وە ئەوەی جێگەی داخە هەندێ لەبۆرە پیاوەکانیان بەناوی ڕەوشەنبیری و چی و چی کەم ئاگاو بێباوەڕن بەشیفای قورئانی، لەبەر کەم زانین لەوانەیە هەر بەکاری جادوگەری سەیر بکەن.

(چۆن جنۆکە دەبێتەهۆی نەزۆکی ئافرەت)

جاروایە ئادەمیزاد بەنەزانین تووشی ئازاردانی جنۆکەدێ جا یا بەپێ‌لێنانی یا بەئاوی گەرم پیاکردنی یا بەشت ڕاوەشاندن یا بەوکاروکردەوانەی ڕۆژو شەوانە دەکات، لەولاشەوە جنۆکە بیانوو عوزر نازانێ، گیانی تۆڵەسەندنەوەی بەهێزەو لەئاستێکیش ناوەستێ، جارێ جنێ لەسەرزاری نەخۆشێ (ئەمە پاش قورئان خوێندن) دەیوت: لێی ناگەڕێم و دەیکوژم چونکە ئەو بەسەر چەنجەی من کەوتووە شکاندوویەتی، پاش ئامۆژگاری و لەبەرخاتری خاتران جێی هێشت. جارێکیتر جنۆکەیەك لەسەر زوبانی پیاوێکی نەخۆش خۆی لەئێمە کردبووە پیاوجنێکی زۆر چاك و ناوێکی ئیسلامی و پیرۆزی لەخۆی نابوو، ناوی ئیبن تەیمیەی دەهێناو هەندێ قورئانی لەبەربوو. خەریك بوو پێی باوەڕبکەین دوایی لەکەرەمی خوا درۆیەکانی دەرکەوتن ناوێکی مەسیحی لێبوو، نیەتی وابوو پیاوەکە بکوژێ، پاشان پێم ووت ئەوە پیلان و درۆیەکانت ڕوون بووەوە، مەبەستت چیەو چیت دەوێ، ووتی بەڕاستی من و باوکم لەلای ئەو کوڕەیە بووین زۆر قورئان و سوڕەتی بەقەرەی لەگوێی خۆی نا تاکو باوکم سوتا، منیش پێم ووت خەتای خۆی بووە بۆچی دێتە ناو بەدەن و لاشەی، جاپێم ووت ئێستا چیت دەوێ؟ ووتی دەمەوێ بیکوژم. ووتم باشە نابێ عافوی بکەی و لێی ببوری؟ وتی نەء. وتم باشە ئەوە کوشتت چی قازانج دەکەی؟ وتی: چۆن تۆڵە زۆر خۆشە، ئەوسا باشترو چاکتر کەوتینە گیانی تاکو شوێنەواری نەما. کوڕە نەخۆشەکە ووتی: دوو پشیلە یەخەمیان بەرنەدەدا دوایی لەبەر زۆر گوێ گرتنم لەقورئان یەکێکیان مایەوە.

جا لەبەرئەوەی ئافرەت زۆرتر خەریکی حەوش و ماڵ شوشتن و کۆڕکردنە لەولاشەوە کەمتر ناوی خودا دێنێ و کەمتر هۆشیارو خوێندەوارە لەچاو پیاوا ئەمە بەشێوەیەکی گشتی، بۆیە زۆر جار تووشی ئازاردانی جنۆکە دێت، بەنەزانین، لەولاشەوە جنۆکەکان دەکەونە گیانی و تۆڵە لێسەندنەوەی، ئازاری دەدەن بەجۆرەها شێوە:

یەکەم/ ئەگەر منداڵی جنی سوتاندبێ هەوڵی ئەودی لەسەر ئەدەن منداڵی لەبەر بچوێنن یا رێگەی منداڵ بوونی لێ بگرن، بەم جۆرانە:

أ-کەم کردنەوەی ئارەزووی جنسی، هەروەها کارکردن بۆ دورکردنەوەی ژن لەپیاوەکە، یا بەپێچەوانەوە، جا هەر ئادەمیزادێ نەخۆشبێ من پرسیاری ئەوەی لێدەکەم لەگەڵ هاوسەرەکەت چۆنی، ئەگەر ووتی پەیوەندیان خۆش نیە، ئەوە دیارە کە نیشانەیەکە لەبوونی جنۆکە لەناو بەدەنیا، چونکە مەعقول نیە شەیتان لەناو خێزانێکابێ و ئەوانیش تەبابن.

ب-بەگەرم کردنی ئاوو نوتفەی پیاوەکە لەناو رەحمدا کە دەبێتەهۆی مردنی زیندوێتیەکەی، بەمەوە هێلکۆکەکان ناپیترێن و تەلقیح ناکرێن.

ج-جاروایە پیاوەکەی تووشی (سریع القذف) دەکات واتە پێش ئەوەی خەنجەر بکەوێتە کێلانێ پیاوەکە ئاوی دێتەوەو کارەکە سەرکەوتوو نابێ.

د-جاروایە کاری جنسی پیاوەکە رادەگرێ، دەبینێ کە دەچێتەلای ئافرەتەکەی پەکی دەکەوێ، بەڵام کەلێی دورکەوتەوە تەبیعی و سروشتی خۆیەتی، ئەمە نیشانەی بوونی پیلانی جنۆکەیە.

هـ-یا هێلکۆکەکانی ناو رەحمی ئافرەت تێك دەدات بەشێوەیەکی‌وا نەپیترێن و تەلقیح نەبن.

و-یا منداڵەکەی لەسێ‌مانگیدا لەزگیدا لەبەری دەچوێنن، جاریش وایە لەحەوت مانگی.

جا بۆچارەسەری ئەم جۆرانە دەبێ لەژێر چاودێری چارەسەرکاردابێ و بەرنامەی بۆدابنێ و هەرکەزانی حەملی هەیە بەوەی عادەە نابینێ، بادوعای حیفز و پارێزی کۆرپەلە هەرگرێ، کە بەم جۆرەیە:

﴿وَلَبِثُوا فِي كَهْفِهِمْ ثَلَاثَ مِائَةٍ سِنِينَ وَازْدَادُوا تِسْعًا﴾الكهف٢٥. ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي الْأَرْضِ وَالْفُلْكَ تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ وَيُمْسِكُ السَّمَاءَ أَنْ تَقَعَ عَلَى الْأَرْضِ إِلَّا بِإِذْنِهِ إِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَحِيمٌ﴾الحج ٦٥ ﴿إِنَّ اللَّهَ يُمْسِكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ أَنْ تَزُولَا وَلَئِنْ زَالَتَا إِنْ أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ مِنْ بَعْدِهِ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا﴾.فاطر٤١

(اللهم كما امسك السماء ان تقع على الأرض إلا بإذنك امسك حمل من علق عليها هذا الكتاب الى ان يبلغ اجله إنك على كل شيء قدير).

ئەم دوعایە بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕوون دەنووسی پاشان وەك ئاسنامەو ڕەگەزنامە کەپسی دەکەی، ئەوانە نەخۆشەکە بەسەر زگیەوە هەڵدەگرێ جا بەشێوەی نیتاق بێت یان خەناوکە.

بزانە ئەوژنانەی منداڵیان لەبەردەچێ، زۆرینەی لەخەونا دەبێ، گایێ قۆچی لێدەدات یا سەگێ دەکەوێتە دوایی و قەپی لێدەدات یا پیرەژنێ بەجۆرێك لەجۆرەکان ئازاری دەدا، یا لەخەونا لەشوێنی بەرز فڕێی دەدەنە خوار، یا دەیخەنە ناو ئاو...هتد

دووەم/ ئەوەی لەخاڵی یەکەم دا باسمان کرد ئەو کەسانەبوون مێردیان کردووە یان ژنیان هێناوە، واتە لەناو قەفەزی هاوسەرین.وە بەنیسبەت ئەوانەی هێشتا شوویان نەکردووەو ژنیان نەهێناوە، تووشی جۆرەها بەڵا دێن بەدەست جنۆکەی تۆڵەسێنەر، کە پێشتر ئازار دراوە لەلایەن ئەوانەوە، ئەگەر قوتابی بن بۆیان ناخوێندرێ و، صەبرو سەلیقەو خواستی خوێندنیان بۆیان نایەڵێ، ئەگەر هەرکارێ بکەن لەوکارە ساردیان دەکەنەوەو هەرەسیان پێ دێنن، وە هەوڵدەدەن ئەگەر کوڕە ژن نەهێنێ، وە ئەگەر کچە بەشوو نەچێ!! چۆن؟! خواستی هاوسەرێتیان نایێڵێ، کوڕە دڵی ڕەق دەبێ و بەکەس ڕازی نابێ ئەو ئافرەتەی بۆی باس دەکەن شەیتان زۆرناشرینی دەکات لەبەرچاویا، تاژنی بۆدێنن کوڕە کوردەواری خۆمان ووتەنی قیڕ سپی دەبێ، ئەوسا پاش گواستنەوەش لێی ناگەڕێ بەزاوابێ، هۆکانی جنسی دادەمرکێنێتەوە،

ئەگەر بەدەرزی و دەرمانیش ئەم کارە ئەنجام درا، خێر لەخۆی نابینێو لەگەڵ خێزانەکەی ناحەوێتەوە.

وە کچەش بەهەمان شێوەی کوڕەکە نایەڵێ بەشوو بچێ، دڵی ڕەق دەکاو داخوازی کاری لەبەرچاو ناشرین و بەترس و سام دەکا، پشوو نیسراحەتی لێ هەڵدەگرێ خۆئەگەر بەشووش بچێ زۆر زۆر بەزەحمەت، دوایی دیسان زۆر بەزەحمەت بەپیاوەکەیە وەدەبێ بە ئافرەت و خێزانی، دوایش بەیەکەوە ناحەوێننەوە ژیان لەیەکتر دەکەن بەدۆزەخ.

ئەوە لە کوردەواری خۆمان پێی دەڵێن بەختی بەسترایە!! جا بەسیحرو جادوش وایان لێدەکرێ، هەروەها ئەگەر جنەکە لەڕێگەی عیشقەوە هاتبێ دیسان لێناگەڕێ بەهاوسەری بگات، هەروەها لەهەرچی ڕێگەیەکەوە بێت مادام زۆر لەلای مایەوە عەشقی دەبێ بەهەمان چارەنووس دەگات، بزانە نەفسیەتی جن زۆر نزیکە لە نەفسیەتی ژن لەڕووی عاتیفەو سۆزو خۆشی باوەڕی و........هتد.

سێیەم/ ئەگەر مێردمنداڵ بێ دیسان جنۆکەی تۆڵە سێنەر ئازاری دەدات بەزۆر شێوە، بەڕاستی زۆرینەیان نەفام و زاڵم و بێ ئەقڵن، لەم سیفەتانەشیاندا هەموو وەك یەك نین، منداڵ ترسێنەرن جا لەخەونابێ یا لەواقعی ژیانیان دابێ، لەو مانگەی ڕابردوو برازاکەم کە خاوەنی تەکسیە، خێزانێکی هەلگرتبوو پیاوێك و ئافرەتێك و منداڵێك بوون، بۆلای چارەسەرکارێ دەچوون بەڵام بەرچەنگیان نەکەوت، ئەویش ووتی کاکە گیان ئەوە چیتانە؟! وتیان ئەم کوڕەمان دوسێ ڕۆژە تەواو نیە دەستیشمان زۆر کورتە نازانین چی لێ بکەین، ئەویش ووتی مامم ئەو کارانە دەکات بزانم کات و وەختی هەیە، بەتەلەفۆن ئاگاداری کردمەوە حاڵەتێکی ئاوا هەیە مامە گیان خێرت دەگاتێ ئەگەر یارمەتیان بدەی، وتم وەرنە فلانە شوێن هەر ئێستا، کە چووم ئامادەبوون، کوڕەو بابەم بردە لای خۆم وتە ئافرەتەکەی لێرە چاوەڕێکە ئێستا دەگەڕێینەوە، هەر چارەگێ تا نیو کاتژمێریان پێ دەچێ بەڵام ئەگەر دواکەوتن ناڕەحەت و تەنگاو مەبە!!

وتم کوڕم تۆ ناوت چیە؟! ووتی عـبدالخالق. تەمەنت چەندە؟! وتی نزیکەی دوانزە ساڵ. وتم چیت هەیە؟ وتی پیاوێکی سەر ڕوتی کەچەڵی ڕدێن ناشرین دێتە بەرچاوم، لەڕێگای قوتابخانە ڕاوی نام!! ووتم چەند ڕۆژە ناوای؟! ووتی ئەوە سێ ڕۆژە.. وتم وەرە پێش چاوی ڕاستەت بگرە. بەچاوی چەپ بۆ چاوی ڕاستم بڕوانە ئەگەر شێوەم هاتە سەر ئەو کەسەی بەدوات دەکەوێ بەدەستەکەی ترت ئاماژەم بۆبکە، هەر کەسەیری چاوم کردو هەندێ دوعام خوێند چەند چرکەیەکی زیاتر پێنەچوو یەکسەر بەدەستی ئاماژەی بۆکردم و زۆر بەپەلە سەری کشاندەوەو ترسا وتم ها چیبوو؟! وتی شێوەت وەك کابرا لێهات، جا هەندێ ورەم بەرز کردەوە بەچەند قسەیەکی خۆشی سوحبەت.. (کاکە خۆ موسڵمان بێ کەس نیە خوای گەورە لەپشتیەتی و ئەو فس فس پاڵەوانانە چنە تۆ لێی دەترسی!! ها هەر بڵێی (بسم الله) ڕادەکات، بەبەر پێڵاوەکەشی ڕاناگات.....هتد) هەندێ قورئان و دوعام لەسەریا خوێند پاشان هەندێ ناوی قورئان لەسەر خوێندراوم پرژاند بەدەمو چاویا (بەو شتەی (pak)ی لەسەر نوسراوەو ماددەی پاك کەرەوەی لەناو دادەنێن بۆ خاوێن کردنەوەی جام و پەنجەرەکان بەکاری دێنن) بەشێوەیەکی وا بکەوێتە چاوەکانی و کەمێ هەناسەی پێ تەنگ ببێ، جا پاشان ڕۆنیمە چاوەکانی و دوعام خوێند (الحمدلله) چا بوو، نە لەناو ناخیا ترس نەما، نەشێوەی منیشی لا گۆڕا، دوای دوسێ ڕۆژ پیاوەکەی سەلام و سوپاس و دوعای خێری بۆمان ڕەوانە کردەوە..

زۆر نمونەی سەیر سەیرمان لێ ڕاست هاتووە کە ناکرێ هەموویان بنوسمەوە، چونکە بەباشی وەبیرم نەماون، وەك پێویست و بەووردەکاریەوە.. بەڵام بزانە نیشانی ترساوی لەمنداڵی گچکە زۆر ڕوانینە بۆ گۆشەی ژوور، پاشان پشت تێکردن و هەڵاتنە بۆ باوەشی دایکی، هەروەها زۆرگریانەو دانەبڕانە لەدایکی، جاروایە بۆ باوەشی بابی ڕادەکات وەك بڵێی بەسروشت دەزانێ لای باوکی بەهێزترو جێگەی دڵنیایی پترە، چارەسەری ئەوانە چەند جارێ لە گوێچکەی ڕاستی بانگ بدەی، قامەت لەگوێی چەپی بکەیو هەندێ دوعاو قورئان بخوێنی پاشان فوو لە چاوەکانی بکەی، یا لەسەر ئاو بخوێنی بەچاوەکانی بیپرژێنی.

چواردەم/ تۆڵەی جنۆکەی لەکەسێ کۆڵەوار کە ئازاری داوەو لەتەمەنی جوامێری و پیریـیە، جوامێرەکان لەژن و لەپیاو دەکەونە ناتەبایی و پشت تێ کردن یا دەبن بە دوو بەش یان سێ بەش، خێزانەکە هەڵدەوەشێتەوە یا ژن و منداڵەکان پشت دەدەنە یەك و پیاوەکە دەدەنە بەرێ، یا پیاوەکەو یەك دو منداڵی گەورەی دەبنە لایەك ژنەکەو منداڵەکانی تر دەبنە لایەکیتر، پڕ بۆڵە بۆڵ و گازاندەو غەیبەت و حەساسیە دەبێ، تا دەگاتە جوێن و دوعای خراپ.. ئەمە هەمووی دەردی دوور لەخوایی و لەخوا نەترسانە، کە چارەسەریان زۆر زەحمەت و گرانە. جاری واهەیە پیاوەکە پیرە یا ژنەکە پیرە تۆڵەی شەیتان لێی ئەوەیە، قەت قسەیەکی خێر ناکات هەردەم ڕەشبینە، دەڵێی لەبن دارێکەوەیە هیچ پەلکی پێوە نیە، هەندە کارو گوفتار ئەنجام دەدات بەخۆشی نازانێ چی دەکات ئەم سەرو ئەوسەری کارو گوفتارەکانی بەیەك ناخوا، یا لێکی ناداتەوە، یا پێچەوانەی یەکترن یا هەرهەموویانە، عەصەبی و دڵناسك و نارازیە، تابۆی بکرێ تێك بەری دەکاو، ڕەزیل و حەسود دەبێ چاوی بەهەبوونی دەوروبەر هەڵنایێ لەغەیبەت کردندا بێتاقەت نابێ، بەکورتی کوردەواری خۆمان ووتەنی پیری ئاخیر شەڕ دەردەچێت، چارەیان ئەوەیە لەگەڵ قورئانا بژین زۆرینەی کات بە ئیتفۆن لەسەر گوێیان بێ، ئاوی قورئاناویان بدرێتێ و بۆنی میسکیان لێبدرێ و ڕێزیان لێ بگیرێ، ماندوو بوونی ژیانی درێژیان و خزمەت کاریان صفر نەکرێتەوە، لێیان بێتاقەت نەبین و ئامۆژگاری چاکیان بکەین.

زنجیرەی پێنجەم

شیفای قورئانی بۆ نەخۆشیانی جنۆکەداری

پێشەکی

حەمدو شوکرو سەنا بۆزاتی (الله)، وەك چۆن شایەنی خۆیەتی ئاوا، درودو ڕەحمەتی و میهرەبانی ئەو، بڕژێ و بباریێ بۆ داواکارانی لەو، پێغەمبەری خۆشەویستمان پێشڕەو و پێشەنگی هەلگری ڕەحمەتی ئەو، ماندونەناسانە بەڕۆژو بەشەو هەزاران هەزار جار پیرۆزو موبارەکەت بێ ئەی دڵسۆزی ئادەمیزادی تەواو، هەم بباریێ بۆکەسانێ ڕەحمەت ئاسا کاردەکەن گوفتار دەکەن نوسین دەکەن سەفەر دەکەن، بۆخاتری ڕەزامەندی ئەو بەرژەوەندی وەهمی دونیایان پشت تێ دەکەن، خۆیان لای هەندێ ئازیزو لای هەندێتر تاڵ دەکەن.

دیارە ئەمڕۆی دنیایزکەو عەولەمە دونیای لێك نزیك کردۆتەوە فەرهەنگ و کلتورو پرۆگرامی هەمەچەشنەی لێك نزیك کردۆتەوەو تێکەڵی کردووە، لەم بارەی ئێمە نوسینمان لەسەرە، زانیاریانێکی شاراوەو کەم وێنەو کەم دیارن، زۆرانێك لەدونیا لەپاڵ جادوگەری و شیعرو شەعوەزە، گوایە شت دەزانن، ئاگایان لەنادیار هەیە، بیرو مێشکی ئادەمیزادەکان بەرەو خورافیات دەبەن، لەولاشەوە لەم بارەوە وەکو پێویست زانیاریانێکی ئەوتۆیان نەخستۆتە بەردەستی خوێنەران (بەتایبەتی بەزمانی کوردی) تاکو هەندێ گرێ کوێرە لەبەرچاویان ڕوون کرێتەوە چارەسەرێکی شەرعی و گونجاو ئاسانیان بۆ دیار بکرێ، کە دەبێتە بەرچاو ڕوونی و کشانەوە لە شەیتان دۆستانی دونیاخۆر.. جامن بۆیە ئەم بوارە نوسینانەم ئاوەدان کردەوە، تاکو هیچ لایەنێك بەتاڵ نەمێنێ و شەیتان سیفەتان خۆیان لێ بکەنە دەم ڕاست و چاوساغی خەڵك، تاکو ڕاستی و ناڕاستیەکان شەرعی و ناشەرعییەکان لێك جودا ببنەوە کە خەریکە لەزۆرانێك خەڵك تێکەڵ ببێ، جا بابۆنەوانەی نیەت و نیازیان چاك و پاکە ڕێگەی ئیمان سەلامەتیەکەی خۆیان ببیننەوە ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُصْلِحُ عَمَلَ الْمُفْسِدِينَ﴾ یونس٨١.

لەو کات و شوێنانەی فرسەت بۆ جنەکان دەڕەخسێ بۆ چوونە لای ئادەمیزاد

١-لەکاتی دەست بەناوگەیاندنا لەئاودەست و چوونە حەمام و گەرماو جا نی ماڵەوەبێ یا ئی غەیری ماڵەوەبێ، چونکە لەوکاتانە فریشتەکان لێی دووردەکەونەوە جنۆکەکانیش فورسەتیان بۆ هەڵدەکەوێ، زۆر لە جنۆکەکان ماڵ و شوێنیان هەر ئەو شوێنانەیە، خۆپاراستن لێیان وەکو لەفەرموودەدا هاتووە، لەپێش چوونە ئاودەست و حەمامدا ئەم زیکرە بکەی (**بسم الله اللهم إني اعوذ بك من الخبث والخبائث**)متفق علیە. واتە: بەناوی خوا، خوایە گیان من پەنات پێ دەگرم لەشەیتانە پیسەکانی نێرو مێ.

٢-لەکاتێکدا کە ئادەمیزاد لەگەڵ هاوسەرەکەی پاڵ دەداتەوە، فریشتە لەوکاتدا لە ژوورەکەیاندا دەچێتە دەرەوە، شەیتانە جنەکان هەلیان بۆدەڕەخسێ کە بچن بەلای ئادەمیزاددا، خۆپاراستن لێیان ئەم زیکرەیە کە لەفەرموودەدا هاتووە. (**بسم الله اللهم جنبنا الشيطان وجنب الشيطان مارزقتنا**) واتە: بەناوی خودا، خوایە گیان شەیتانمان لێ لابدە وە لەو منداڵەش کە دەیکەی بەڕزقی ئێمە. وەك لەپێشەوە باسمان کرد.

٣-لەهەر شوێنانی تری بێ شەرعی و بێ دینی لەێی بێتە ئاراوە، بزانە لەهەرشوێنێ باسی زیکرو یادی خوا بکرێ، شەیتان لێی هەڵدێ و فریشتەکان لەێی کۆدەبنەوەو لەززەتی تیادەکەن، بەپێچەوانەشەوە لەهەر شوێنێ بێشەرعی و گوناهو تاوانی لێ ئەنجام بدرێ فریشتە لێی دوور دەکەونەوەو شەیاتینە جنەکان لێی کۆدەبنەوەو لەزەتی لێدەکەن.

(ئەو ڕێگایانەی بەکارم هێناوە بۆ چارەسەرکردن)

١-نەخۆشەکە درێژ دەکەم بە ئامادەبوونی کەسێکی نەزیکی ئەگەر کچ بوو باوکی، ئەگەر ژن بوو مێردی، ئەگەرنا هەرکەسێکی دەست نوێژی لێ نەشکێ (ئەوە ئەگەر ئافرەت بوو). بەڵام ئەگەر پیاو بوو دیسان کەسێکی نەزیك و خەمخۆری ئامادەبێ باشە.

ئەوسا پاش دوعای پارێزی و بانگدان بەگوێی ڕاستی و بەستنەوەی جنەکان، مەنجەڵێکی پڕ ئاو ئامادە دەکەم ڕوقیەکەی نوسیبومان لەسەر دەخوێنم بە ئامادەبوونی نەخۆشەکەو بەشێوەیەکی وا ئاوەکە لەگەڵ خوێندنەکەیا بپرژێ بەسەر دەموچاوی نەخۆشەکە، وە دەستی ڕاستیش ئەخەمە سەر سەری، جا لەگەڵ خوێندنەکەیا چاودێری دەکەم بزانم ووردە ووردە چی ڕوودەداو دەگات بەکوێ.

٢-ڕوقیەکەی باسمان کرد لەسەر گوێیا دەخوێنم ناوە ناوەش فوو دەکەم بەچاوەکانیا بەتایبەتی چاوی چەپ.

بزانە، ئەو ئاوەی قورئانی لەسەر دەخوێنرێ لایەنە ئادیارو مەعنەویەکەی دەگۆڕێ لە جنۆکەکان دەبێ بەئاگرو دەیان سوتێنێ، هەروەها ئەو فووەی لەپاش قورئان خوێندنا دەکرێ..

٣-یا بەئامێری دەنگ گەورەکەر، ئیتفۆنەکەی دەخەمەسەر گوێیەکانی نەخۆش لەولاشەوە لەنزیکەوە دەست دەکەم بەدوعاو قورئان خوێندن بە میکرەفۆن (لاقیتە).

٤-بەو شتەی لەسەری نوسراوە پاك (pak) کە ناو یامادەی پاککەرەوەی پێدەپرژێ. جا من ئاوی قورئان لەناوخوێندراو تیادەکەم و دەیپرژێنم بەدەموچاوی نەخۆش، تاهەناسەی لێ تەنگ دەبێ و چەندین جار هەناسەی لێ هەر دەمێنێ، دەبێتە مایەی سوتان و خنکاندنی جنۆکەکان، جاروابووە هەر بەم شێوەیە نەخۆشم چارەسەر کردییە، جنەکە هاتۆتە سەر زوبانی حیوارو دایەلۆك و تەفاهومان کردیە.

٥-جاروابووە سورەتی (البروج)م لەسەر پەڕۆیەکی سپی نوسیوەو لەبن لوتی نەخۆش سوتاندومە، کە دەبێتە مایەی سوتانی جنۆکەکان، دەبێ نەخۆشەکە دوکەڵەکە هەڵمژێ.

٦-جاروابووە پشتی نەخۆشم داوەتە گەرمی سۆبەی هیتەر پاش زۆر گەرم بوون و پێش سووتان لام بردووەو پاشان دووبارەو سێبارە بەم شێوەیە چارەسەرم کردیە[1] بزانە جنۆکە باو هەواو ڕیحە بەگەرمی لێك دەچێ و بەرەو فەوتان دەچێ، زۆرینەی جنۆکەکانیش بارەگاو مەقەریان لەپشتی نەخۆشەکەیە.

٧-لەپاش ڕوقیە خوێندنا ئەگەر قاچ و دەستی ساردو سڕبوو[2]، ئەوە کەمێ ئەو شوێنە ئازار دەدەم بزانم بەچی دەگات، پاشان ئەزیکەی حەوت جار لەبن گوێیدا بانگ دەدەم..

٨-جاروایە بانگ دەدەم لەناو گوێیدا دەجارو پانزەجار.. هتد. وە هەست ڕادەگرم و چاودێری دەکەم بزانم دەگات بەکوێ.

٩-لەنزیك کۆتاییەکاندا هەندێ مستەکۆڵەی لەپشتی دەدەم زیاتر وادەکەم لای چەپەی بگرێتەوە.

١٠-نەخۆشەکە پشتی دەکەمە لای‌خۆم دەستەکانی بە قاچەکانم دەبەستم خۆم وام لەسەر قەنەفە چاوی ئەو دەگرم، دەڵێم خوایە گیان دەستم لەم جنانە بکەیتە چەقۆیەکی تیژ،

---

(١) ئەم جۆرە چارەسەریە لەڕۆژانی سەرمای زستان بەکارم هێناوە، وابەباشم زانیوە، چونکە جنۆکە با و هەواو ڕیحە، وە تۆقیوە لەناوی گەرم و ئاگر، چونکە پێی‌یەوە دەکشێت (تمدد) خەراپیان لێ دەقەومێ و بەئاسان چاتابن، وەکو ئێمەی ئادەمیزاد نین، جاریش وایە پێی دەمرن یا دەترسێن تەسلیم دەبن، یا ڕادەکەن، دەترسێن و ناوێرن بگەڕێنەوە.

(٢) ئەم سڕبوونەی قاچ یا پێ یا دەست و باسك یا هەر شوێنێکی‌تر، ئەوە نیشانەی ئەوەیە جنۆکەکە خۆی لەوێ گل داوەتەوە، جا ئەگەر ئەو شوێنە ئازار بدەی ئازارەکە دەکەوێتە سەر جنەکە، جا ئومێدی چا بوونی لێ دەکرێ، بەمردنی جنۆکەکە یا ڕاکردنی. وە ئەگەر بە ڕوقیە لەسەر خوێندنی نەخۆشەکە لەهۆش چوو (صرع گرتی) ئەوکاتە ئەگەر هاتە سەر زوبانی لەگەڵیا بدوێ بۆ قەناعەت پێ کردنی بۆ بوون بە ئیسلام پاشان بۆ دەرچوون، جا ئەگەر قەناعەتی نەهات بە ئاینی ئیسلام ئەوە بۆت نیە زۆری لێ بکەی، چونکە زۆری لەئاییندا نیە ﴿لاإكراه في الدين﴾، بەڵام زۆری هەیە لەلابردنی ستەم و زوڵم، گەر پێویستی کرد لێی بدەی چونکە ئادەمیزاد لەکاتی لەهۆش چووندا هەرچەند ئازار بدرێ ئێشی پێ‌ناگا، بەڵکو هەموو ئێشەکە دەکەوێتە سەر جنۆکەکە.

یا بەعەرەبی دەڵێم (**اللهم اجعل يدي سكينة كسينة سيدنا إبراهيم -عليه الصلاة والسلام**) ئەوسا کەمێ بەهێز بەملی نەخۆشەکەدا دێنم (ئەوە ئەگەر نەخۆشەکە پیاوبوو) بەمەوە سەری جنۆکەکان دەبڕدرێ (ئەگەر خوای گەورە خواستی لەسەر بێ).

١١-جاروایە هەندێ گوێچکەکانی بەدەستەکانم ئازار دەدەم یا پەنجە گچکەکانی دەست و پێی یا ئەو شوێنەی گومانم وایە جنۆکەکەی تیایە. ئەگەر نەخۆشەکە بێهۆش بوو، ئەوە هەموو لەشی نەخۆشەکە وەك جنۆکەی لێدێ[1]

١٢-لەپاش قورئان لەسەر ئاو خوێندندا، زۆری ئاوی شیفا پێ دەخۆمەوە تاکو قڕیی دێتەوە چوار هەنگر دەبێ بەئومێدی ئەوەی جنەکە مەعیدەی یا گەدەی لێ بتەقێ، چونکە

(١) جارێکیان پیاوێك خێزانەکەی خۆی هێنا لایمن سکاڵای لەدەست نەخۆشیەکەی دەکرد (ئەوکاتە ماڵیان لە شەقەکانی سورچی بوو) پاش پرسیارلێکردنی دیاربوو نەخۆشیەکەی جنۆکەداری بوو، منیش بۆ زیادە دڵنیابوون هەندێ دوعام لەچاوی چەپی خوێند، چاوی ڕاستەشی بەدەستی خۆی پێم گرتبوو لەپاش دوعایەکان فووێکم کرد بەچاویا یەکسەر لەهۆش چوو بەپشتا کەوت (ئەوە بەئامادەبوونی پیاوەکەی) جالێی سوڕامەوە گوێچکەکانیم گرت وتم: ناوت چیە؟! وەڵامی دامەوە: منداڵی سوتاندیە. من پێت دەڵێم ناوت چیە؟! ئەو هەر قسەی خۆی دەکات. وتم درۆی دەکەی!! خۆئەگەر سوتاندبیشی ئەوە هەر خەتاو گوناهی ئێوەیە بۆ ئاگاتان لەمنداڵی خۆتان نابێ، باشە نازانن ئێمە ئێوە نابینن..دەی دەربچوو لەلای ئەمینێ!! ووتی دەرناچم منداڵی لێ سوتاندیە، ووتم دیارە تۆ ئێستاگەی سزندیەکم دا لەدەستی و دووبارەو سێبارەم کردەوە، ووتی دەڕۆم دەڕۆم دەڕۆم دڕۆش دەکەم بەخوای هیچ منداڵی لێ نەسوتاندیە. وتم حەزدەکەی مەڕۆ! بەخوای هەموو لاشەت دەشکێنم دەنەگەر ئازای مەڕۆ!! ئیتر دەرچوو لەلاشەیدا نەما، نیشانەکەی ئەوەبوو یەکسەر نەخۆشەکە بەهۆش هاتەوە، ئێستا گیانم زۆر خۆشە، ئەم جنۆکەیە ئافرەت بوو وە لەسەر ئاینی مەسیحی بوو ئەمە بە دان نانی خۆی.. دوو ساڵی پێچوو لەمزگەوتی حاجی قەرۆك گەڕامەوە لەسەر شێتی ڕاوەستابووم چاوەڕوانی ئامانەم دەکرد شۆفێری تەکسێ ڕووی لەمن کرد ووتی مەلا ئەحمەد منیش بەحاری یەکەم ووتم لەوانەیە لەگەڵ منی نەبێ بەڵام دوایی دوبارەی کردەوە بەدەستیش ئاماژەی بۆم کرد ووتی سواربە، ووتم ئەکاکە ئابزخۆم بەئامانە دەڕۆم سرێندی لێم خوارد ووتی مەبەستم تۆبوو دەڵێی نام ناسیەوە من ئەو کەسەم کە جارەکەی خێزانم هێنابوو، ئۆزدە ساڵ دەبوو لەدەستی سندانان لێهاتبوو (الحمدلله) لەلای تۆ چابوو، ئێستا هەڵدەستێن و دادەنیشین دوعای خێر بۆتۆ دەکەین.

ئەوان لە ئادەمیزاد ئاسکترن کەم تەحەمول ترن. بزانە ئاوەکەی بەدەستی چەپی پێ دەخۆمەوە وەناوی خواش ناهێنێ بۆئەوەی جنەکەش بخواتەوەو سنداني لێدەربێ.

١٣-جاروایە هەموو حسابەکان دەکەم وەك مەسسی جنۆکەیی و چاووزار وجادولێکراوی و ئەخۆشی جەستەیی بۆ هەریەکەی خۆی ڕوقیەی لەسەر دەخوێنم بەیەکەوە وەك باسمان کرد، تەنها بۆ چاوزار ئاماژەمان بۆنەکرد ئەویش لەزنجیرەی سێیەمدا بەدرێژی باسمان کردبوو لێرەدا ئاماژە بە چینە ئایەتێ دەکەین کە شێوازی ترە بۆ چارەسەری چاووزار، کەبریتیەنە لەم ئایەتانە:

ئەم ڕوقیەی کە نوسیومانە زیاد لەو ئەم ئایەتانەش ﴿وضرب لنا مثلاً ونسي خلقه﴾ حەوت بارەی دەکەیەوە ئاخیر جار تاکۆتایی سوردتی یاسین دەخوێنی.

(اعوذ بالله من الشيطان الرجيم. بسم الله الرحمن الرحيم)﴿تبارك الذي بيده الملك وهو على كل شيء قدير. الذي خلق الموت والحياة ليبلوكم أيكم احسن عملا وهو العزيز الغفور. الذي خلق سبع سموات طباقا ماترى في خلق الرحمن من تفاوت فارجع البصر هل ترى من فطور ثم ارجع البصر كرتين ينقلب اليك البصر خاسئاً وهو حسير﴾ الملك١-٥. ئەوەی خەتی لەبن دراوە حەوت جار دووبارە دەکەیتەوە.

هەروەها ﴿وَإِن يَكَادُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَارِهِمْ لَمَّا سَمِعُوا الذِّكْرَ وَيَقُولُونَ إِنَّهُ لَمَجْنُونٌ (٥١) وَمَا هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ﴾ القلم٥١-٥٢. حەوت جار دەخوێنی.

ئەمە ئەگەر گومانت وابوو چاووزار لێی داوە یا بەچاووزاری جنۆکەی تووش بووە، ئەمەش لە لێکۆڵینەوەدا دەردەکەوێ.

١٤-ڕوقیەو دوعا لەناو چاویا دەخوێنم وە سورەتی بروج لەسەر ئاوا دەخوێنم ﴿**إن الذين فتنوا المؤمنين والمؤمنات ثم لم يتوبوا فلهم عذاب جهنم ولهم عذاب الحريق**﴾ حەوت جار دووبارە دەکەمەوە لەهەنگاوێکا بەتوندی بەچاویدا دەدەم.

١٥-ناو یا سیفاتی جنەکە یا وێنەی، بەنەخۆشەکە دەسوتێنم، زیاتر لە جارێك و دووان، یا ناوو وێنەی ئەو کەسانەی کە لەخەونا دەبینێ پێی دەسوتێنم ئەمە پاش زۆرینەی هەوڵەکان.

جنۆکە موسڵمانەکان

دیارە جنۆکە هەموویان هەر کافرو شەیاتین نین بەڵکو ئەوانیش وەکو ئێمەی ئادەمیزاد جۆرەها ئاین و عەقڵ و بیرو باوەڕیان هەیە، وە خودای گەورە (جل جلاله) لەسورەتی (الجن و الاحقاف) ئەم ڕاستیانەی هەمووی بۆمان باس کردووە، هەروەها پێغەمبەری خۆشەویست (صلى الله عليه وسلم) گەلێ فەرموودەی لەبارەیانەوە هەیە.

زۆرجار دیومانە جنۆکە لەسەر زوبانی نەخۆش قسەی کردووە وە خۆمان بەسەدان جار لەگەڵیاندا دواوین، جاری واهەیە جنۆکەکە خۆی وەکو جنێکی باشی موسڵمان خۆی دەنوێنێ، جاروایە قسەکانی ڕێکی ژیری و عەقڵ و واقیعن، ئیحتیمالی هەیە ڕاست بکات وە ئیحتیمالی درۆشی هەیە، وە دەشگونجێ قسانێکی حەق و دروست بکات بۆ مەبەستێکی فێڵ و باتیڵ و پوچەڵ...

جارێکیان لەسەر زاری نەخۆشێکی پیاو جنێکی موسڵمان لەگەڵما کەوتە گفتوگۆ، قسەکانی تارادەیەکی باش قەناعەتم پێی دەهات لەبەر چەند هۆیەك، یەکێ لەوانە جنێکی کافر لەسەر زاری هەمان موسڵمان کە چەندین مانگ لەگەڵیا هەوڵم دەدا ببێتە موسڵمان بەڵام هەر درۆزن و وادەشکێن بوو، جا ئەو ووتی جنێکی باش و چاك هەیەو موسڵمانە هەموو

جار وەکو تۆ ئامۆژگاریم دەکاو پێم دەڵێ بەقسەی ماموستا بکە ئەو بۆ بەرژەوەندی تۆیەتی، منیش بانگم کرد (الحمدلله) ئامادەبوو. ووتم تۆ کێی؟ ووتی من دوو ناوم لێیە وە (الحمدلله) خوای گەورە هیدایەتی داوم لەگەڵ کۆمەڵی ئیماندارانم و دەرس دەخوێنین لەلای برای بەڕێزو گەورەمان (..........) لەخەم و پەرۆشی موسڵمانان داین. وتم باشە ئێوە چیتان پێدەکرێ بۆ موسڵمانان؟! ووتی ئێمە لەگەڵ ئێوەداین هەر هەندێکمان لەدەوروبەری ئەو ماموستایە بەڕێزانەین کە خزمەتی دینی خوا دەکەن، وە کاتێ کە ووتار دەدەن ئێمە ئامادە دەبین، ئەو کەسانە دەترسێنین کە نیازی خراپەی موسڵمانانیان و ماموستایانیان هەیە، وە لەهەوڵی ئەوەداینە هەر کەسانێ خواناسێ ئازار بدات دەچین بەلای گیانیەوەو لەخەونا زۆری ئازار دەدەین ئەمە ئەگەر بۆمان هەڵکەوێ، چونکە ئەوانیش یەکێ کۆمەڵە جنێکی کافرو زاڵمیان لەلایەو پارێزیان لێدەکەن و هەڵیان دەنێن بۆ دڵ ڕەقی و خراپەکاری. وتم باشە کاروکردەوەی جنۆکە موسڵمانەکان و کافرەکان چۆنە؟ ووتی کۆمەڵە جنە موسڵمانەکان لەگەڵ ئادەمیزادە موسڵمانەکاندان و کاروکردەوەی ئەوان بەهی خۆیان دەزانن، هەروەها کۆمەڵە جنە کافرو ستەمکارەکان لەگەڵ ئادەمیزادە ستەمکارو بێباوەڕەکانن کاروکردەوەی ئەوان بەهی خۆیان دەزانن.. دو سێ جار ئاوا بەیەك گەیشتینەوە لەسەر زوبانی نەخۆشەکە، دیاربوو دەی ووت ماموستا تۆنەبای کە بانگت کردم دەنا من نەدەهاتم، زۆریش ئەو جنە ستەمکارانەم ئامۆژگاری کردیە بەڵام تائێستا بەگوێیان نەکردووم، ئیتر دوایی ڕۆیشت، دو سێ جاریتر هەوڵمدا بێتەوە بەڵام نەهات و بێسوود بوو، بەڵام سوودی باشم لێوەرگرت، حەزم کرد هەندێکی بنوسمەوە بۆخوێنەران، جا بابرا موسڵمانەکان بزانن خوای گەورە لەگەڵ ئێمەیە هەروەها فریشتەکان ﴿**نحن اولیائکم فى الحیاة الدنیا والاخرة**﴾فصلت. دۆست و خۆشەویستی ئێمەن لەژیاندا لەگەڵ برا موسڵمانە جنەکان، وە بزانە دۆستایەتی و برایەتی ئێمە ڕەگی قوڵەو ئیماندارانەیە، بریاری خوایە ﴿**إنما المؤمنون إخوة**﴾الحجرات. بەڵام ئی بێباوەڕان ڕەگی نیەو بەرژەوەندی کاتی بەیەکیەوە کۆی کردونەتەوە، لەڕۆژانی زیندوو بوونەوەو

قیامەتدا دەبنەوە دوژمنی یەك ﴿الأخلاء بعضهم لبعض عدو إلا المتقين﴾الزخرف٦٧ جا لەسەرمانە لەزیکرو یادی خوای گەورە بێئاگاو غافڵ نەبین و شوکرانەی خودا بکەین و خاوەن هیممەت و عەزم و جەزم بین ماندوو نەناس و تێکۆشەربین بۆ دینی خودا، زۆری نەماوە بەخوای خۆشەویست و خۆشەویستان بگەین!!

کاری چارەسەری لەناو ماڵ مەکە

لەسەرەتای کاری چارەسەرکاریم خزم و دۆست و ناسیار بەرۆکیان بەرنادایت، دەت دیت لەهەنگاوێ نەخۆشێکیان بەژوورەوە دێخست بەبێ وادەو بەبێ ئەوەی بزانن خەتەرەو بڤەکەی چەندە دیارە ئێمەش شەرمان بەخۆبوو تاکار گەیشتە ئەوەی جارێکیان لەگەڵ جنێك پێك نەهاتین ووتی منداڵەکەم بالای ئافرەتە نەخۆشەکەبێ منیش ووتم ئاخر بەناوی قورئانی دەیشۆین و دەسووتێ ئەویش ووتی دەڕۆم هەتا سێ ڕۆژی تر با لەلای بێنێ ووتم نا ئێستا بیبە، سەرەنجام بەگوێی نەکردین منیش بەگوێم نەکرد لە ئەنجامدا منداڵەکەی سووتا لەتۆڵەی ئەوە لەدایکی منداڵانیدا کە پێشتر ئەو جۆرە هەڕەشەی لێ کردبووم. ئیتر بەچاوی نەخۆشەکە کەدەبێتە چاوێکی ترسناکاوی سەیرێکی چاوی دایکی منداڵانی کرد، ئەویش زۆر ترساو تەزیەکی بەگیانیدا هات، لەگەڵ ترسەکەی جنە شەیتانەکە هەلی بۆڕەخساو شورەی مەعنەوی گیانی دڕاندو، زۆری پێ نەچوو زوو کۆمەڵێ جنی هێناو، ئیتر بوو بەشەڕمان بەردەوام بوو تا نەزیکەی یەك ساڵی خایاند تاخودای گەورە سەرکەوتنی پێ بەخشین بەتەواوی، شەو واهەبوو یەك خولەك خەوم لێ نەدەکەوت، شەوی ئێمە بەڕۆژی خۆیان دەزانن وە ڕۆژی ئێمە بەشەوی خۆیان دەزانن، بەسەدان جۆری پیلان گێڕان بۆمان دەهاتن بەیارمەتی خوای گەورە پوچەڵمان دەکردنەوە. دەت دیت مەغریبە و لەسەر نان خواردنین دەهاتن، یەکسەر بۆ گیانی دایکی منداڵان، منیش شارەزایان ببوم دەمزانی لەپاشی بانگی مەغریب یەکسەر دەردەچن وەکو

بەردبەیانی وانە، کەسەیری چاوی دایکی منداڵانم دەکرد دەمزانی چونکە نیشانەکانی یەکسەر لێ دیارو زەق دەبوو، چاوی زەق و ترساوی دەبوو دەیگێڕا دەت ووت بێگانەیە، کە سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد دەترسا لەبەرئەوەی قورئان خوێندن بوو یا بەرنامەی دینی بوو، ئەمە ڕۆژێك نەبوو دوان نەبوو هەرجارێ بەجۆرێ ڕاوم دەنان، شوکر بۆخوای گەورە یەك زەررە ترس بەگیانم دانەدەهات لەسەرەتاوە تاکۆتایی، بەڵێ ئەمن زیکرو ویردم زۆر دەخوێند مایەی پارێزی و تەحصینیات بەڵام ئەمانیش چەکی خۆیان هەبوو جاروابوو پەردەو قەلایان دەبڕی، جامن بیرم هاتە سەر ئەوەی پەرداخێ ئاوی شیفا لەلای خۆم دادەنا کە هەستم دەکرد هاتینە، لەهەنکاوێکا یەکسەر بەچاویدادەدا. بەڵێ ساڵێك شەڕ بەبەردەوامی ئاسان نیە، ئەمە نزیکەی ساڵی (١٩٩٧-١٩٩٨) بوو، لەئەنجامی ئەو هەمرو شەڕو ململانێیەو حیوارە فێرە زۆر شت بووم. بەڵێ لەگەڵ ئاو پێداکردنەکاندا ئەوان ئەوەی تەواوی دەسووتاو دەمرد ئەوەی کەمێکی دەسوتاو ڕای دەکرد (بەڵێ ئەم هەمرو زەحمەت و ناخۆشی و سەرئێشەیە لەپێناو چارەی ئەم و ئەواو ڕازی کردنی خوا) هەرجارەی دەچوو بۆ ئاودەست لەنیوەی شەوا دڵم پێوەبوو لەگەڵیا دەچووم، چونکە دەمزانی بەهەلی دەقۆزنەوە. دایکی منداڵان بەچاو دەیدیتن لەگەڵ ئەو هەمرو بینەو بەردەیا زۆر ئازاو چاو نەترس بوو یارمەتی دەدام بۆ دژایەتیان و وورەی بەرزبوو!

جارێکیان لەنیوەی شەوا لەگەڵیا چووم بۆ حەوشە، ووتی ئەوەتە هەمرو لەحەوشێنە بەدەستیش ئاماژەی بۆکردن، هەر ئەوەندەم زانی لەسەرڕا بەربۆوەو لێیاندا منیش خێرا گرتمەوەو لێنەگەڕام بکەوێتە سەر زەوی بەدەستەکەی تریشم فانۆسم هەڵگرتبوو (چونکە کارەبا نەبوو) بەدەمیشم لەبن گوێیدا دەم ووت (بسم الله..بسم الله) بەزۆر دووبارە کردنەوە تاگەیاندمەوە سەر جێگا لەژوورەوە فانۆسەکەشم داناو یەك زللەی بەهێزم لەلای بنگێی

چەپەی دا، یەکسەر بەهۆش هاتەوە هاواری کردو ووتی کوشتی کوشتی[1] نیتر یەکێ لەوان نەبووە برای ئەویتر گشتیان رایان کرد جارێکیتر لەهەنگاوێکا پەرداخێ ئاوی قورئان لەناو خوێندراوم بەگۆشەی ژوورەکەماندا کرد لای بلندیەکەی، دایکی منداڵان ووتی دیتم ئاوەکە وەك گوللەی لێهات بۆیان ئەوەی پێی کەوت کوژراو ئەوی تر خۆیدا پەناو رایان کرد، وە ووتی ئەم زاوویانە لای ئێمە تەسکەو جێگەی هیچی لێ نابێتەوە کەچی لایەوان فراوانە دەڵێی گۆڕەپانیانە، (باشە ئەگەر ئەم قورئانەمان نەبایە، دەبا ئەو مەلعونانە چیان لەئێمەو موسلمانان بکردایە) ئەوەی کاری چارەسەرکاری دەکات دەبێ بەهیچ شێوەیێ نەترسێ چونکە هەر ترسایی ئەوان هەلیان بۆدەڕەخسێ ودەکەونە گیانت، چونکە ئەم جنۆکانە نادیترێن لەبەرئەوەی خۆیان باو هەواو ڕیحی ڕونن وەزۆر شەفافن وە تیژ ڕەوون، سەیرکە چۆن گوللەیێ ئەگەر لەنزیك چاوتەوە بڕوا هەر نایبینی لەبەر تیژڕەوی، ئەمانیش تیژ ڕەویان وەکو تیشکی خۆر وایە. جا ئەوەی بیان بینێ یا نەخۆشە بەوانەوە یانیش جادووی لێکراوە بۆ ئەم نەخۆشیە، بەڵام لەخەونا جاروبار دەدیترێن لەو کاتانەی کە خۆیان دەخەنە سەرشێوەی ئادەمیزاد یا گیاندارەکانی تر[2]

(١) بەڵێ کە ئادەمیزاد تووشی لەهۆش چوون بوو ئەوکاتە ئازار ناگێشن، جا ئەو زللەی من لێمدا ئەوە بەجنەکان کەوت، بەڵام هەموویان وانین، هەیانە زۆر بەتەحەمولە بەڵام ئەوانە کەمن.

(٢) خوای گەورە بەرەحمەتی خۆی رای کردیە ئێمە ئەو جنۆکانە نەبینین، چونکە دیتنیان مایەی شێت بوونی ئێمەیەو ژیان تاڵوزو ناخۆش بوونە، ئەگەر چاوت بیان بینێ لە خولەکێکدا چەندین جۆری گیانداری سەیر سەیرو ترسناك دێنە بەرچاوت، ئەمەش گشتی لەهەنگاو و چاوەڕوان نەکراویدا، کە مایەی لەدەست چوونی ئارامی و ئاسوودەیی ئادەمیزادە. کەواتە نەدیتنیان شوکرانەی خوای گەورەی دەوێ..

جاری واهەبووە لەنێوەی شەو ئەم جنۆکانە هاتوونە لای دایکی منداڵان لەبەر ئەوەی من شارەزایان ببەم، هەستم پێدەکردن لە ڕەنگ و ڕووی دایکی منداڵان دەم خوێندەوە (چونکە ئەو نوستبوو) ڕەنگێکی دەینار ڕەنگێکی تری دەبرد، وە دەنگە دەنگ و مرەمری دەهات، یان دەت دیت لەهەنگاوێ لاقی چەپەی بلند دەکردو دایدەناوە. جا جاری وابوو بەقسەی خۆش

جاروابووە لەخەونا تەشقەردیان پێم کردووە منیش هەر بەناوی خواهێنان تۆقاندومن، جاری لەخەونا خۆی هاویشتبووە سەر شێوەی دایکی مندالآن لەحەمامی مالێدا داوای رابواردنی لێکردم منیش بەکاری خوا زانیم ئەوە شەیتانەو خێزانی من نیە، یەکسەر خۆم لێ تورە کردو تۆریم کردو پێم ووت تۆ شەیتانی دایکی مندالآنی من نی، پیلانی پوچەلی بوومەوە رایکرد.

بزانە خەون دونیای واقعی وانە، ئەوانەی جنۆکە دەبینن خۆیان ناتەواون، مادام لەکاتی هۆشیاریانبێ، جا بەچاو لەسەر یەك دانان بێ، یانیش بەهەلتّان بێ. بەلاّم لەخەونا شتێکی سروشتیە نەخۆش و غەیری نەخۆش دەیان بینن، دیارە نەخۆش وایان دەبینێ راوی دەنێن و ئازاری دەدەن و لەشوێنی بەرز فڕی دەدەنە خوارەوە........هتد. ئەوجاش هەموو شەوێ و هەر چاوی بکەوتە خەو یەکسەر دەچێتە دونیای ئەوان و ئیسرەحات و ئۆقرەی لێ هەلّدەگرن، کە هەلّدەستێتەوە دەلّێ کاری زۆری کردیەو قوری شێلایە.

-

بانگم دەکردن و ئامۆژگاریم دەکردن، دەم ووت باشە بۆ ئێوە نابن بە موسلّمان؟ ئەی باشە ئەم دونیایە کاتیەو جێگەی پشت پێبەستن نیە، باشە ئێوە نازانن دەمرن؟ باشە ئێوە ئارەزوو و حەزتان لەچوونە بەهەشت نیە؟ ئایا نازانن ئەم ئیسلامەتیە دینی خوایەو حەقە؟ لەوەلآمدا پێدەکەنین دەیان ووت مامۆستا ئەوە ئەتوو چیدەڵێی، ئێمە لەئێوە باشتر دەزانین دینەکەی ئێوە حەق و ڕاستیە، بەلاّم ئێمە خۆمان شەیتانین ناتوانین ببینە موسلّمان، ووتم باشە ئەدی کارتان چیەو بۆچی یەخەی ئێمە بەرنادەن؟! وتیان ئێمە ئیمان خۆرین هەریەکێ یەك زەڕرە ئیمانی هەبێ لێی ناگەڕێین هەتا لێی نەستێنین و لێی نەچڕینین، لەوکاتانەدا هاتەبیرم کە قسەکانیان تۆماربکەم دەستم برد بۆ تەسجیل (یا مسەجەل) گشتیان رایان کرد، بەتەمابووم پاش تەسجیل کردن بۆ دۆستان و ئازیزان لێی دەمەوە بەلاّم بۆم نەکرا رایان کرد، هەندێ هەولّمدا ڕاینانکێشمەوە بێ سوود بوو.

جنۆکە جێگەی باوەڕی و پشت پێبەستن و کار پێکردن نین

لەبەرئەوەی جنۆکە نادیترین جێگەی باوەڕیو پشت پێبەستن و کارپێکردن نین، وە بەشایەدیش ناچن هەرچەندە ئیدیعای موسڵمانێتی بکەن، ئەوەی پشتی پێیان ببەستێ دەیشکێنن، ئەوەی کاریان پێبکات شەرمەزاری دەکەن، ئەوەی باوەڕیان پێبکا زەرەرمەند دەبێ، لەبەرئەوەی لەدونیای ئەوان غەوغایە کەس بەکەس نیە هەتا بڵێی فێڵ و مەکرو درۆ زۆرە، زەید خۆی دەکات بەعەمر، عەمر خۆی دەکات بە قادر ئیتر تا ئەوهانە خۆیان دەخەنە سەر شێوەی یەکتری و تەقلیدی دەنگی یەك دەکەن، لەوانەیە تۆ باوەڕ بەیەکێکیان بکەی زۆری پێناچێ یەکێتر دێ لەوان خۆی دەکات بەئەو، وەهەروەها. لەشوێنی عیلاجا بووم یەکێکی نەخۆش هات وتی مامۆستا ئەمن جنێکم هەیە کاری پێدەکەم زۆر شتم پێدەڵێ، پەڕۆکێکی سپی پانی بەسەر شاندا هاتۆتە خوارەوە لەسەری نوسراوە (**لااله الا الله محمد رسول الله**)، ئەوە چەند برادەرێکیتر دانیشتوون. ووتم ئەوها ووتی بەڵێ چ کارێکت هەیە هەتا یارمەتیت بدەم، منیش وتم من یارمەتیم لەغەیری خودا ناوێ بەس جنەکەت بانگ بکە. باش ئاگای لەخۆ نەبوو لەهەنکاوێکا پەنجەیەکیم لەناو دەمی خۆم ناو گەستم، ووتم مەلعون بڵێ تۆ چی؟ وتی موسڵمانم. وتم درۆی دەکەی. خۆم لێ تورە کرد ووتی مەسیحیم. وتم ناوت چیە؟ ناوێکی مەسیحی گوت کەچی پێشتر ناوی لەخۆی نابوو (عبدالکریم عبدالرحمن) ووتم برایینە دیتتان ئەوە بەو درۆیانە زۆرێك لەخەڵك دەست خەرۆ دەکەن و پێیان ڕادەبوێرن و ماڵ وێرانیان دەکەن.

با ئاگامان لەخۆمان بێت دنیا شامی شەریف نیە

با بەهیچی خۆمان نەنازین و، لەزیکرو یادی خوای گەورە غافڵ و بێئاگا نەبین وە بزانین ئێمە هەر بەندەو عەبدین جا ئەگەر بەندەی خوانەبین، دەبێ بەندەی نەفسی خۆمان بین یا یەکێکی وەکو خۆمان، یا دونیاو هەواو ئارەزوو یا.....یا.. جاسادام هەر بەندەین با بەندەی

خوابین ئەمە حەقەو ڕێکی عەقڵ و ژیری و زانیاری و نەقڵ و مێژوو داهاتووە، مایەی دڵ ئارامی و، خۆشی دڵ و دەروون و ئاسوودەیی و بەختەوەریە.. مایەی سەربەرزی و چارەنووسی خێریە، هەروەها ئاستێکی بەرزە، هەرچەندە هەندێ درك و داڵی لەڕێگایە، ئەمیش مایەی پاداشتی زۆرو بەرزی و خۆشیە..

جارێکیان مامۆستا مەلایەکی دەشتی خواریی لەگەڵ خێزانەکەی هاتبوونە شوێنی چارەسەرکردنێ ووتم فەرموو مامۆستا چیت هەیە بڵێ؟ فەرمووی مامۆستا ئەم جنۆکە شەیتانانە لێم ناگەڕێن و ئازارم دەدەن و ئیزعاجم دەکەن، لەسەرەتا من وام زانی خێزانەکەی نەخۆشە.. کەچی مامۆستا خۆی نەخۆش بوو پاش ڕووقیە بەسەردا خوێندن و بەرنامە بۆدانان شوکر بۆ خوای گەورە شیفای بۆهێنا..

مامۆستا مەلا یێ تر یەخەی گرتم وتی نەخۆشم منیش وام زانی صوحبەت دەکات لەسەرەتا ووتم باشە بابچین دانیشین، کە سەیرم کردو هەندێ قورئان و دوعام لەسەر خوێند نیشانەکانی نەخۆشی جنۆکە هەبوونی تیا زۆر زەق بوو، بەمنی ووت مامۆستا چی دەڵێی ڕەحمەتی خوات لێ بێ دەیان بینم و هیلاکیان کردوومە ئیسراحەتیان لێ هەڵگرتوومەو ترسم هەیەو، نە قورئان خوێندنم مایە ئەشەو نوێژ، ووتم لەکەیەوە؟ ووتی زۆر لەمێژە. ووتم ئەی تائێستا لەکوێ بووی؟ ووتی نەمزانی جەنابت ئەم کارانە دەکەی. یەك دوو جار ڕوقیەکم لەسەر خوێند (الحمدلله) زۆر باشتربوو، وە فێرە ئەو زانیاریە بوو بۆ خۆ چارەسەرکردنی.

مامۆستا مەلایێ تر هاتبوە ماڵمان، من لەماڵ نەبووم ژمارەی مۆبایلەکەی وەرگرتبوو پاشان ئاگاداری کردم، منیش ووتم واباشە لەماڵی خۆت چارەسەرت بکەم. ئیتر وادەیەکم پێیدا. لەوادەکەیدا کەوتمە پرسیارلێکردنی. ووتم چیت هەیە بەشێوەیەکی خاڵبەندی بیانڵێ. فەرمووی:

١-ژانی کەم لەنێو چاوان.

٢-ژانی هەنگاودکی لەقاچەکانم.

٣-دڵ توندبوون و لاق هێشان و تەزینیان.

٤-بێزاربوون لەژیان و خوێندن و دینداری و بەندایەتی.

٥-خەونی ناخۆش دەبینم، بەڵام بەدوعایان سوکم کردووە بەسەر خۆم.

٦-بەینم خۆش نیە لەگەڵ داکی منداڵانم.

٧-تووڕەو توندو عەصەبی بوویە.

٨-ترسێکم لەناخدایەو هەست بەترسان دەکەم.

وتم باشە ئەوە چەندە نەخۆشی؟ وتی سێ مانگ زیاترە. منیش دەستم کرد بەڕوقیە خوێندن لەسەر ئاو بەمەرجێ بیرژێ بەسەر دەم و چاویا، نەزیکەی زیاتر لەدوو کاتژمێر لەگەڵیا خەریك بووم و بەرنامەم بۆی دانا (الحمدلله). مانگێکی نەبرد تەلەفۆنی بۆکردم ووتی زۆرباشم خوای گەورە بتپارێزێ و یارمەتیت بدات بۆ خزمەتی موسڵمانان.

سەیرکە چۆن شەیتان لە جنۆکەو لەنادەمی دژایەتی هەڵگرانی ئەم ئایینە پیرۆزە دەکەن، با ئێمەش بێداربین دونیا شامی شەریف نیە پڕە لە ناحەزو دوژمنانی نەزانی دڵڕەق[1]

(١) لەچەندین شوێنی قورئانا خودای گەورە ئێمە ئاگادار دەکاتەوە لەدوژمنایەتی شەیتان بۆ ئێمەو ئیازە گلاودکانی، بەڵام ئێمە وەك پێویست حیسابی بۆناکەین، ئامادەیی خۆمان بۆ دیفاع لەخۆو لەکەسوکار ناکەین، یەکێ لەو ئایەتانە دەفەرمووێ ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُمْ بِاللَّهِ الْغَرُورُ(٥)إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا إِنَّمَا يَدْعُو حِزْبَهُ لِيَكُونُوا مِنْ أَصْحَابِ السَّعِيرِ﴾فاطر. واتە: ئەی خەڵکینە خوای گەورە ڕاست گۆیەو وادەکانی گشت حەق و بەجێن جا بازیانی دونیا هەڵتان نەفریوێنێ و دەست خەرۆتان بکات هەروەها بایی نەبن و بەئیمان بەخولو پشت لەکاری چاکە بکەن و لەخەراپان نەگەڕێنەوە. بزانن بەراستی شەیتان دوژمنی ئێوەیەو ئێوەش بەدوژمنی بزانن ئاوات و مەبەستی ئەوەیە خەڵکان بێن بەخەڵکی جەهەندەم لەجیاتیتی و دۆستایەتی ئەوا. (ئەمەشی لەبەر حەسوودی و دوژمنایەتی ئێوەیە).

شەیتان دەستپێشخەری کردووە لە دوژمنایەتی ئێمەی ئادەمیزاد، ئێمە واین لەبەرگری، ئیتر خۆیان و لایەنگرانی شەڕفرۆشن و توندڕەوو تیرۆرستن، ئەگەر بۆیان بکرێ هەر لەناو زگی دایکمانا لەبەرمان دەچوێنن، وەك کە ڕوونمان کردۆتەوە.

بائێمەش لەناستی ئەو ئیسلامەتیەبین کە بڕیارمان بۆیداوە ئیدیعای بۆدەکەین و کالاو بالای ئەومان هەلگرتووە. چونکە هەمووومان دەزانین خوای گەورە لەئێمەو کاری ئێمە بێئاگانیە وەك دەفەرموێ ﴿إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ مِن شَيْءٍ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾العنكبوت٤٢.

دیارە سونەتی خوا وایە هەریەکێ بلێ من موسلمانم و خاوەن ئیمانم وازی لێنایەنرێ بەلکو تاقی دەکرێتەوە، تاکو ڕاستی و درۆو خاوەنەکانیان لێك جوێ بکرێتەوە، گشتی لەعیلمی خودا بەدەرنیەو نابێ.

لە نیوەی شەوا

سەعات یانزەو نیوەی شەوە دەلێن هەستە بابەنەوە تەلەفۆنە، تۆی دەوێ، باشە ئەی ئەم وت بەئاگام نەبینن.

-بەلێ فەرموو؟

+من سەید فلانم ئەحوالت دەپرسم.

-خوا ڕەحمان پێبکات فەرموو مام سەید.

+ئەوەی ڕاستی بێخێزانەکەم زۆر نەساغە بەتەمامە هەر ئەم شەو بیهێنمە لای جەنابت بەلکو چارەسەریەکی بۆبکەی؟!

-مام سەید بەخوای لەبەیانیەوە بەم ڕۆژە درێژە لەتازیە دانیشتبووم زۆر هیلاکم لاکەم لێوە دێ و خەوتبووم.

+ئاخر لەوەنیە تەحەمول بکات.

-مام سەند چاوەکەم (إنشاءالله) بەیانی زوو کاتژمێر هەشت وەرە دێم لەخزمەتدا دەبم.

هەرچۆنێ بێ مام سەید ناچارکرا ڕازی بێ و سەبر بگرێ تابەیانی. هەرچەندە مام سەید فەرمووی من تۆدەناسم کاتی خۆی یەکترمان ناسیوەو زۆرجار بەیەکەوە قسەمان کردییە من برای سید فلانم. بەڵام من هەر نەهاتەوە بیرم تابەیانی سەعات هەشت کەم پێنج خولەك، لەدەرگایدا کە دەرگامان لێکردەوە ئەوسا ناسیومەوە، مام سەید بەخێربێی کاکەگیان ئەوە نزیکەی زیاتر لە (١٥) پانزە ساڵە ئەمدیوی بەقسەوە ناحەقم نیەیە ئەت ناسەوە (الحمدلله) خەڵك زۆربووەو زۆر ناو بەیەك دەچن خۆ ئێمەش لەپیری و زەین کوری نزیك بووینەوە.

لەخزمەتی مام سەیدی کۆنە برادەری بەڕێزو خۆشەویستدابووم لەڕێگادا بۆی باس کردم ووتی خێزانەکەم ئەوە نزیکەی سێ ساڵە نەخۆشە فەترە فەترەو ماوە ماوە دەیگرێتەوە لەهۆش دەچێ بەکاتژمێر بەهۆشی نایەتەوە کە بەهۆشیش دێتەوە ڕێکوپێك نیە.

کە گەیشتینە ماڵیان دیتم خێزانەکەی لێی ڕاکشاوەو هیچ هۆشی نەماوەو لەهۆش خۆی چووە، لەدڵی خۆما ووتم جا خوایەگیان ئەمە چۆن پشکنینی بۆ بکەم خۆ قسە ناکات تا پرسیاری لێبکەم. هەرچۆنێ بێ خۆم گەیاندە پشت سەری (بەئامادەبوونی مام سەید) دەستم کرد بە بانگدان و دوعاو قورئان خوێندن چەند خولەکێکی زیاتر پێنەچوو دەستی کرد بە نوسکە گریانێ و سێ خولەکی پێنەچوو بێدەنگ بوەوەو بەهۆش هاتەوە. تا نزیك کاتژمێرو نیوێ بەردەوام بووم و بەرنامەم بۆی دانا بۆ کاتژمێر (١٠) بەتەکسی خۆم گەیاندەوە تازیەکە. بەناشکوری نالێم ئەگەر تازیە بۆخەڵك فەرزی کیفایەبێ ئەوە بۆ ئێمەی مەلا بەعورفی عادەت بۆتە فەرزی عەین.

حەفتەیەکی پێنەچوو مام سەید هات بەلاما پاش ئەوەی تەلەفۆنی کردبوو کە دێم، منیش بەڕاستی خۆم ئامادە کردبوو ئەم جارەش بچمە خزمەتیان، کە مام سەید گەیشت پاش دۆقەو چۆنی چاکی. وتم فەرموو مام سەید لەخزمەتدام. وتی الحمدلله خێزانەکەم چاك بۆتەوە هەر حەزم کرد سەرت لێ بدەم وەکو ڕێزێك و پێزانینێك.

برای خۆشەویست، سەیرکە چۆن شەیتانە جنۆکەکان لەگەڵ برایە نادەمیزادەکانیان و ئاغاکانیان، ماندونەناسانە کەوتونەتە گیانی ئێمە، لەدژایەتی ئاینی کەمتەرخەمی ناکەن، شەیداو عیشقی ئەوەن ئیمانەکانمان بخۆن بەدبەختمان کەن، ئێمەش وا تەمبەڵانەو کەمتەرخەمیانە لامان وایە ئەبای دێو ئەباران.. ﴿حَتَّى يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُوا وَمَن يَرْتَدِدْ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَٰئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾البقرة٢١٧.

زللەی قەشەی

لەرۆژێکی عیلاج کردنمان (جاران رۆژی سێشەمم دادەنیشتم بۆ عیلاج) دیتم سێ پیاوی ماقوڵ و بەقیافە، دەستی کورە گەنجێکیان گرتبوو دیاربوو بەقادرمە هێنابوویانە سەرەوە (ژوورەکەی چارەسەریم لەقاتی دووەم بوو) پاش دانیشتن و بەخێرهاتن. وتم فەرموو چیتان هەیە. وتیان ئەم کورە گەنجە ئەچاوی دەبینێ ئەقسەی بۆدەکرێ. وتم باشە هۆی چیە؟ چی لەبارەیەوە دەزانن؟ وتیان هیچ نازانین تەنها ئەوەندە نەبێ وتویەتی قەشەیەك (تەبعەن قەشەی جن) زللەیەکی لەدەموچاوەدا. وتم کەینێ؟ وتیان دوێنێ شەوێ. منیش هەندێ قورئانم بەسەر دەموچاوی خوێندەوە، هەندێ ئاوی شیفام پێیدا کرد، شوکر بۆخوا ئیو کاتژمێری ئەبرد چاوی بوەوە لەگەڵ زمانی یەکسەر شایەدمانیەکی زۆر بەهێزو بەدەنگی بڵند هێنا. خەریك بوو زەندەقم لێ بچێ، چونکە سەرم زۆر نزیك بوو لە دەموچاوی و لەهەنکاوێ بوو چاوەڕوانیم ئەدەکرد.

براکەی من هەرچەندە تۆ واز لە ئاینەکەشت بێنی، ئەوە دوژمنانی خوا واز لەتۆ ناهێنن، هەرچەند وابزانی گوناهت نیە تەنها ئەوەندە نەبێ باوەڕو ئیمانت بەخودایە، ئێ

ئەوەندە بەسە بۆ ئەوان تاکو دژایەتیت بکەن ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، جاپێی بزانی یا نەزانی!!

مامۆستایێ دەی فەرمو غەیرە دینێ موسڵمان ببو دەی ووت جاران ئێمە لەمەعبەدی خۆمان دادەنیشین، کۆمەڵ کۆمەڵ جنۆکەمان بۆناو موسڵمانان دەنارد.

ئافرەتێکی نەخۆش پاش ئەوەی شانزە جوزئی قورئانی لەبەربوو چەند ئافرەتی دەرسدابوو، لەفەڵەستینەوە جنۆکەی تایبەتیان بۆناردبوو تاکو تێکی بدەن و قورئانی لەبیر ببەنەوە بە ئیعتیراف و دان پێنانی جنۆکەکە. بەڵێ ئافرەتە بێتاقەت و داوەشاو بوو قورئانی لێ سەرکۆریبو کەسەیری خۆی دەکردو دو سێبەری هەبوو ئاخ و تەندروستی تێك چوو بوو بەشێوەیێ دەت ووت ئافرەتەکەی پێشوو نیە. شوکر بۆخوا خوای گەورە شیفای بۆ هێنا. بەڵێ دوژمنانی ئەم دینە جنۆکەش بەکاردێنن بۆ جاسوسی و کاری خراپ.

ئای سەرم تەقی

نەخۆشێکیان هێنا دوو برای لەگەڵدابوو، ژانە سەرێکی زۆری هەبوو خۆی بۆ نەدەوەستاو صەبرو ئارامی لێ هەڵگیرابوو، هاواری لێ بەرز ئەبۆوەو دەی وت ئای سەرم تەقی بابەگیان سەرم تەقی کوڕە براینە سەرم تەقی... دەستی بەسەریەوە گرتبوو، دیاربوو ژانەکە توڕەو عەصەبیشی کردبوو، هەنێك دوعام لەسەر خوێندو لەهەنکاوێکا یەك پەرداخ ئاوی قورئان لەسەرخوێندراوم بەچاوی دادا، دیاربوو شێت و هاربوو، شاڵاوی بۆهێنام براکانی گرتیان. پێم وتن کاکە گیان ئەشیعەی سەری بۆبگرن ئەگەر چی لە ئەشیعەکەدا دەرنەچوو بیهێننەوە لای من.

سێ شەممەی داهاتووی پاشتر دەبینم براکانی لەگەڵ نەخۆشەکە کیلۆمەترێ بەپێشوازی منەوە هاتبوون، داوای لێبوردن و دوعای خێریان زۆر بۆم هەبوو. وتم کاکەگیان من هیچم لەبەر دڵی نیە نەخۆش بووە عوزرو بیانووی خۆی هەیە، ئەوەندە حەقەی لەسەر ئێمە هەیە

لێی قەبوڵ بکەین. (نەخۆشەکە چاك بـو). برای خوێنەر جاروا هەیە لەپاش ڕوقیە خوێندن و دوعاکردن شیفایەکە بۆچەند کاتژمێرێ یا چەند ڕۆژێ دوادەکەوێ. دەگونجێ جنۆکەکە برینداربووبێ پاشان مردبێ، یا پاشان لەترسان دەرچووبێ مادام وادەی هاتنەوەی پێ درابێ. وە بزانە قورئان خوێن و پیاوی بەتەقوا سەنگ و هەیبەتی گەلێ زۆرە لەسەر دڵی شەیاتینان و شەیتان سیفەتان.

بەڵای ژن بەژنی

ژن بەژنێتی کرابوو لەبەینی سێبەران و کەسنەزان جا بوکی لای سێبەران پاش گواستنەوە تووشی نەخۆشی بـو زمانی گیرابوو ترس و بیمێکی زۆری لێ کۆببۆوە، هەندێ جێگایان پێ کردبوو دیاربوو سوودیان لێ وەرنەگرتبوو. لەرێی برادەرێکی من و خزمێکی ئەوان هانایان بۆمن هێنا. لەسەرەتا دیتم براکانی وەکو پێویست سەیری منیان نەدەکرد، لەبەر کەمزانی خۆیان وایانزانی منیش لەرێزی جادوکەرانم، وە پێش ئەوەی بیهێننە لای من، لای کەسێکیتریان پێکردبوو، پێی وتبوون بەشەرت چاکی دەکەمەوە بەڵام دەبێ هەزار دینار (هەزار دیناری سویسری ئەوکات) بمدەنێ. ئەویش بێهودەبوو پارەکەشیان چوو، بەڕاستی من لێیان تورە بووم وتم برۆن دەی جارێکیتر نەیەنە لام. دوایی برادەرەکەم زۆر پاڕاوەو وتی ئەوانە نەزانن تۆ وەکو پێویست ناناسن. (الحکم لله) ئێمە موسڵمانی دڵنەرمی خۆشباوەرکار ساردبووینەوە، ئیتر وادەم دانێ و نەخۆشەکەیان هێنا، پاش ڕوقیە لەسەر خوێندن و بەرنامە بۆدانان دومانگی نەبرد شوکر بۆخوا شیفای بۆهات و، ئەوسا براکانی سەریان گرتبوو بۆ دەست ماچ کردن. جا بەڕاستی وەزعیان باش تێکچووبوو، قسەو قسەڵۆکیش زۆربوو، جادویان لێکردیە، نابابە نەخۆشیە، ناڵیان داوەو ئەزیەتی دیوە........هتد. جا ئەوکاتە هەموویان چەکداربوون و شەیتان مری خۆش کردبوو تێکیان بەرداو ئافات بنێنەوە.

برای خۆشەویست ئەمڕۆکە لەهەموو لاوە دژایەتی ئەم ئاینە دەکرێ، دژایەتی ئاداب و ئەخلاق و حەیاو ناموس دەکرێ، کە ڕوح و گیانی ئەم ئاینەیە لەپاش بیروباوەڕ، سەیری کەناڵە ئاسمانیەکان بکە، زانیدەن ئەوانەی کە ئارەزووی جنسی هەڵدەنێن بردوی پێدەدەن، کە بوەتە مایەی زیادە بەدبەخت کردنی ئافرەت و توندوتیژی بۆ دروست بوونی، بەڵێ ئەمەش هۆکارێکەو ڕێگایەکە بۆزیاتر تووش بوونی خوشکان و دایکان بەنەخۆشی جنۆکەداری، چونکە جنۆکە بەهۆی گوناهی ئادەمیزادە بەسەریەوە بەهێزدەبێ و بواری زیاتر بۆ دەڕەخسێ.

دەبزانم چی دەکەی

جارێکیان چوار مێردمنداڵی لەدەوروبەری دوانزە تا پانزە ساڵ هاتنەلام لەژووری عیلاج کردندا، بەڵام دیاربوو زۆر ڕێکو پێك نەبوون، وە کەسی گەورەی وایان لەگەڵ نەبوو، تەنها کوڕێك نەبێ، تۆ بت دیتبایە لەوانەیە بە کەم عەقڵ و هێرو کەم زانت بهاتبانە بەرچاو. سەیری یەکێکیانم کرد دیتم فەقیرەی تووشی نەخۆشی جنۆکەداری بووە، بەڵام نەخۆشیەکەی زۆر بەهێز نەبوو، سەیری ئەوەی دووەمینم کرد دەستم بەڕوقیە خوێندن کرد هەر یەکسەر لێم هەستاوەو ووتی بەڵێ من جنم خۆی تورە کرد بەرەو پەنجەرە ڕۆیی و یەك مستی لێداو شکاندنی ووتی دەبزانم چی دەکەی[1]؟! خۆمن دەم توانی لەڕێگەی لێدان چارەسەری بکەم بەئیزنی خودا، بەڵام ئەوان کەسێکی گەورەیان لەلانەبوو تابێ بەمایەی مۆڵەت و ئیجازە لێوەرگرتنی ناچار بەڕێم کردن، ووتم ئەوجارەی وەرنەوە کەسێکی گەورە لەگەڵ خۆتان بێنن. کە

(١) ئەم نەخۆشە کچێکی نزیکی سێزدە ساڵان بوو زۆر حەزم دەکرد چارەسەری بکەم، بەڵام هیچ پیاوی مەحرەمی گەورەی لەگەڵا نەبوو. چونکە چارەی ئەوو هاوێنەی ئەو لێدان و ئازارێکی زۆرە. دیارە ئەوەش ناکرێ بەبێ مۆڵەت وەرگرتن لەکەسێکی نزیکی!!

بەداخەوە نەهاتنەوە. بەڵێ جاروایە تووش بوونەکەی گشت بەدەن دەگرێتەوە. لاشەی ئادەمیزاد کە هەمووی داگیر دەکرێ وەك جنۆکەی لێدێ، ئەوجە وەرە ئەم شەیتانە بکەوێتە ماڵ و بخوازرێ دەبێ زاوا چەند پێیەوە شادومان بێ؟ دەبێ چ چارەنوسی ڕەش بیان گرێتەوە؟! برای موسڵمان ئاگاداربە بەو کچەی دەیخوازی بۆخۆت یابراکەت یا کورەکەت یا هەرکەسێکی‌ترت بێ!!

جاریش وایە تووش بوونەکەی کەمێکی بەدەن دەگرێتەوە. جا وەك باسمان کرد، تائێستا زیاتر لە دو سێ هەزار کەسم چارەسەر کردیە بەئیزنی خودا قەد یەکێکیان وەکو ئەوی تر نەبوونە بەسەد لەسەدی!! بەڵێ لەزنجیرەی یەکەم و دووەم و سێیەمدا زیاتر باسی ئەو زەوابیتانە بوو کە پێوەرن بۆ چارەسەرکاری بەلاّم ئەم دوو زنجیرەیە واقیعەو حەقیقەت و ڕاستی مەیدانە!!

ئایا دەگونجێ جنۆکەکە خۆی بخاتە سەر شێوەی گیانداران لەناو جەستەی ئادەمیزادا؟!!!

جاروایە جنۆکە خۆی دەخاتە سەر شێوەی جیا جیا، یەکێ لەم جۆرانە پشیلەیە، زۆر لە جنۆکەکان خۆیان دەخەنە سەرشێوەی پشیلە (بەڵێ ئی دونیای خۆیان واتە ئادەمیزادی تەندروستی تەواو نایان بینێ، بەلاّم نەخۆشە تووش بووەکە دەیان بینێ، جاروایە نایبینێ جاروایە ئادەمیزادی ساغیش دەیبینێ... هەروەها) زۆر نەخۆشمان چارەسەر کردیە جنۆکەکەی پشیلە بووە، دیارە جنۆکە ئەصلەکەی خۆی نادیترێ، وەکو ڕوح و نەفس وایە، جانەگەر خۆی خستە سەر شێوەی گیانداری، ئەوکاتە ئیحتیمالی دیتن و نەدیتنی هەیە، لەوانەیە خۆی بەهەندێکیان نیشان بدات بەوەی فێڵ لەچاویان بکات یا بیەوێ نەخۆشی بکات، یان بەڕاستی نەخۆشی کردووە بۆیە دەیبینێ وەهەروەها. جارێکیان کابرایەك هاتەلام ووتی

مامۆستا پشیلەیەك بەشەو دێ بەگژمانا سەر سینگی خێزانەکەم بەرنادا. پێم ووت کاکە گیان ئامۆژگاری بکە کە وازتان لێ بێنێ، دوایی هەڕەشەی لێبکە، ئەگەر هەر وازی نەهێنا باشی تێ هەڵدە، ئەگەر چی ڕوویدا ئەوا بەندە لەخزمەتدایە. شوکر بۆخوا ڕۆیی نەهاتەوە، بەڵام ڕوقیەکەم لەسەر خێزانەکەی خوێندو بەرنامەشم بۆی دانابوو.

لەسەر شێوەی سەگ

جنۆکەی واهەیە بەسەگ مرعجیبە خۆی دەخاتە سەر شێوەی سەگ بەتایبەتی تریش ڕەش. بۆیەش لەفەرموودەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هاتووە کە سەگی ڕەش شەیتانە[١] هەروەها ئەگەر سەگەکان ڕەگەزێك نەبایە لەناو ئوممەتی خەلائیق فەرمانم دەردەکرد بە کوشتنیان. سەیر لەوەیە ئەمڕۆ چۆن ماڵە ئەوروپیەکان سەگ ڕادەگرن و بەخێوی دەکەن و مامەڵەی پێدەکەن و دەیکڕن و دەیفرۆشن، گەورەو گچکەو بەرپرسەکان لەباوەشی دەگرن. کەچی بەرخ و کەڵەشێرو شتی تری چاك ڕاگرتنی یاساغ و قەدەغەیە. لای هەموان ڕوون و ئاشکرایە کە سەگ پیسەو ناوە گرە زانیاری ئەمڕۆ سەلماندویەتی کە میکرۆبی هەیە. بەهیچیش چارەسەر ناکرێ بەگڵ و خۆڵ نەبێ کە چەندین سەدە ئەم ئاینە ڕەحمەتە ئەم ڕاستیانەی بۆنێمە ڕوون کردوەتەوە. وە لەفەرموودەدا هاتووە ئەوەی سەگ ڕابگرێ بەبێ کاری زەروری (وەك بۆ شوانێتی و چاودێری) ئەوە هەر ڕۆژەی چاکەکانی پوچەڵ دەبێتەوە بەقەد

(١) قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) (الكلب الاسود شيطان) رواه مسلم وابن ماجه والنسائي والدارمي. واتە: سەگی ڕەش شەیتانە!! قسە لەسەر ئەمە کراوە ووتویانە سەگی ڕەشی بێنیشان، ووتراوە ئەگەر سەگەکە نەناسراوبێ، هەڵدەگرێ شەیتان بچێتە ناو لاشەی سەگی ڕەش، چونکە ودکو بەسەگ مرعجیبە ئاواش بەڕەنگی ڕەش. دەشبێ شەیتان خۆی بخاتە سەر شێوەی سەگی ڕەش لەدونیای خۆیان. وە ئەگەر یەکی بەم دەردە داکەوت بزانێ ئەوە شەیتانە. جاوەك بەچاو قوچاوی لەناخی خۆیدا ببینێ یانیش لەخەونا. (والله ورسوله أعلم).

قیراط (کە دەکاتە بەقەد چیای ئوحود).. ئەدی ئەگەر چاکەی نەبێ؟! دیارە بەسەر قەردار دەبێتەوەو گوناهی بۆخۆی خردەکاتەوە. بەڵێ تائێستا چەندین نەخۆشم چارەسەرکردیە جنۆکەکانیان لەسەر شێوەی سەگ بوینە.

ئافرەتێکی خزمی خزمان بەم نەخۆشیەوە گرفتارببوو، ئیتر هاتە سەر زومانی و خۆم قسەم لەگەڵ کرد وتی من سەگم. نەخۆشەکەش دەی وت سەگێ لێم ناگەڕێ. لەوگۆڕەدو بەبێ هۆ تەشقەرەی پێدەکرد. پاش ئەوەی پەنجەم گەست دانی‌نا بەڕۆیشتن وادەی داو درۆی کرد. پاشان جارێکیتر بۆی چوومەوە، ئەمجارەیان باشتر ئەزیەتم دا ناچاری ڕۆیشتنم کرد بەبێ گەڕانەوە (بەئیزنی خوای گەورە) هەزاران هەزار شوکرو حەمدو سوپاس بۆزاتی پاکی بێوێنە.

جارێکیترو نەخۆشێکیتر بەهەمان دەرد داکەوتبوو پاش ڕوقیەو دوعا خوێندن جنۆکەکە هاتە سەرزاریەو بوو بەحیوارمان تۆ کێی؟ دەڵێ من سەگم. لەسەر چ ئایینێکی؟ مەسیحیم. دەبیە ئیسلام؟ نەخێر. واز لەم نەخۆشە دەینی یان نا؟ وازی لێدێنم. باشە بۆخۆت برۆ ناو دارستانەکەی عەنکاوەی شایان بەوێی، دەرچوو شوکر بۆخوای گەورە کە شیفای نارد. جاروایە ئەم جۆرە نەخۆشانە کەسەیری چاویان دەکەی دوعا دەخوێنی، شێوەی جنۆکەکەی خۆیان لەدەموچاوی تۆوە دەبینن، واتە لەبەرچاوی نەخۆش وەك سەگ لێدێنی (حاشا لەهەموو ئادەمیزادێ). ئەوسا شەرم دەکات پێت بڵێ، بەس دەبێ تۆ لەڕەنگ و ڕویا بخوێنیتەوە.

جارێکیان مام عەلی وتی مامۆستا خوارزایەکم هەیە نەخۆشە ئەگەر ڕوخسەت هەبی دەینمەلات. وادەم پێیدا هات لەناو ژوورەکە بەنامۆی ترس سەیری منی دەکرد ئەمنیش گومانم هاتە سەر ئەوەی کە جنۆکەی سەگی لەلابێ. بەڵێ وابوو دوایێ دانی نا بەڵام زۆر بەشەمەوەو پاش ئەوەی من زۆرم بۆبرد. بەدووجار شوکر بۆخوا چاك بووەوە ئەم نەخۆشە پیاو بوو کاری پۆلیسی دەکرد!!

جنۆکەی مار

جاروایە جنۆکە خۆی دەخاتە سەر شێوەی مار، تووشی ئادەمیزاد دێت، لەدونیاو عالەمی خۆی. جاروایە نەخۆشەکە لەخەونا زوو زوو مار دەبینێ. جنۆکەی مار زۆر بەهێز نیە بەلاَم ترسناکیشە زۆر جار ئەم جۆرە جنۆکانە لەگەڵ ساحیرو جادوگەران کاردەکەن. نەخۆشێکمان لەژێر عیلاجابوو، ووتی مارێکی گەورە لەلاشەم دەرهات و ڕۆیی. هەروەها جارێکیان حاجی برا کوڕە گەنجێکی لەلابوو هاتبوونە لام کە هاوکارو دۆستی یەك بوون، ئەم کوڕە گەنجە ماوەی چەند مانگێك بوو ژنی هێنابوو، جا حاجی ووتی مامۆستا ئەم کوڕە گەنجە نەخۆشەو تەندروستی تەواو نیە وەزعی دەروونی شلەژاوە، ووتم بابەخۆی قسە بکات. کوڕە نەخۆشەکە بەشەرمەوە ووتی نازانم چی بڵێم مامۆستا وتم کاکە گیان شەرم مەکەو چیت هەیە بڵێ!! ووتی مارێکی گەورە خۆی بەسەرشانم لای پشتەوە داهێناوە یەك دوو تیرە ماری گچکەشی لەگەڵایە، ئیتر ترس دای گرتوومە ناتوانم بەتەنها لەشوێنێ بم و بمێنمەوە. وتم وەرە بەرامبەرم سەیری چاوم بکە. باشتر خۆم لێی دڵنیا کرد کە نەخۆشە بەدەردی جنۆکەداری داکەوتووە. ڕوقیەکەم لەسەر خوێندو هەندێ ئازارمدا بەمەست لەپشت دانی، وە هەندێ ئاوی قورئانیم دەرخواردداو هەندێکیشم بەچاوی داکرد زیاتر لەدوو کاتژمێر خەریکی بووم شوکر بۆ خوای گەورە شیفای بۆهات.

هەروەها نەخۆشم دیوە باڵندە لەناو گیانیا هاتووچووە، وە باڵندەی گەورەی هاتۆتە بەرچاوو ئەوانە ئازاریداوە سروشتی ئالۆز کردیە. پێغەمبەری خوا ڕاستی فەرمووە: واتە:

جنۆکە سێ صەنفن، صنفێکیان سەومارن وە صنفێکیان بەئاسماندا دەفڕن، وە صنفێکیان ئەرزین و هاتوچۆ دەکەن و جێ نشینن[1]

بەڵێ جنۆکە ئەصلی خۆیان نادیترێ خوای گەورە دەفەرموێ ﴿إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ﴾الاعراف٢٧. بەڵام کە شێوەیەك بۆخۆیان وەرگرت بەو کردارو گوفتارەی کەخۆیان دەزانن و خوا مۆڵەتی داون ئەوکاتە بۆهەندێ کەس و نەخۆشان جاروبار دەدیترێن و جاروباریش خۆیان بزردەکەن، وەك زنجیرەکانی سەرەتا باسمان کرد، بەڵێ هەر لەکرمۆکەو مشك و دوپشك و تادەگاتە کەرو هێسترو حوشترو ئەهەنگ تواناییان هەیە خۆیان شێوە بکەن[2]

---

(١) أصناف الجن ثلاث، حددها حديث رسول الله (صلى الله عليه وسلم) عن أبي ثعلبة الخشني (رضي الله تعالى عنه) قال: قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) الجن ثلاثة أصناف صنف يطير في الهواء، وصنف حيات وكلاب وصنف يحلون ويظعنون. رواه الطبراني والحاكم والبيهقي في الاسماء وصفات بسند صحيح الجامع ٨٥/٣. يحلون:نيقيمون. نيشتەجێ دەبن. يظعنون:ير‌حلون:کۆچەربن.

(٢) بۆ خۆپاراستن لەو جۆرە نەخۆشیانە پێویستە ڕەچاوی ئەم حاڵانە بکەین:

١-ئازار نەدانی گیان لەبەران بەتایبەتی پشیلەو سەگ و مارو...هتد. بەڵکو بەئامۆژگاری و قسە پێیان بوترێ بڕۆن تا سێ ڕۆژ گەر نەڕۆیشتن ئەوسا دیارە کە جنۆکە نیە. وەگەر ئەوانە لەخەونا دیتران وەك سروشتی خۆیان ئەوە دیارە جنۆکە نییە، بەڵام ئەگەر وانەبوو لەوانەیە جنۆکەبن.

٢-ئازار نەدانی شێت و ئەوکەسانەی کەنەخۆشن بەم جنۆکەداریەیە. هەروەها تەشقەرە پێنەکردنیان، ئەترسی ئەوەی لێدەکرێ جنۆکەیان لەلابێ و تۆڵە بسەننەوە.

٣-میز نەکردنە ئەو کون و دەرزانەی چۆڵەوانی، چونکە لەوانەیە ماڵە جنۆکەبێ، دواییی تۆڵەت لێ بسەننەوە.

٤-بەکارهێنانی زیکرو ویردی سەیبان و ئێواران، وە ئەو زیکرو ویردانەی پێش چوونە ئاودەست و گەرماو چوونە دەرو هاتنە ماڵەوەو........هتد.

٥-بانەدان لەشوێنی بەرز بۆ شوێنی نزم بەبێ (بسم الله) هەروەها شت ڕانەوەشاندن.

٦-منداڵ ئەزیەت نەدان و قیژاندن کەدەبێ بەمایەی تۆڵەسەندنەوە، چونکە هەیانە منداڵی زۆر خۆش دەوێ

٧-خوێندنی دوعاو پاڕانەوەو پەناگرتن بەخوا، هاتوچۆ نەکردن بەشەو لەشوێنی ترسناك.

زۆر جاریش وایە نەخۆش چارەسەر دەکەین جنۆکەکانی سەر زاریان قسەمان بۆدەکەن خۆیان پێ وەکو ئێمە بەشەرە، خواست و حەزو ویست و بیروباوەڕو غەریزەکانی تر وەك لە ئادەمزاددا هەیە لەوانیش هەیە. زۆرێ نەخۆشیش چارەسەر دەکەین بەغەیری نیشانەکانی بوونی جنۆکە لەناو لەشیا چیتر دەرناکەوێ بەخوێندنی ڕوقیەو بەرنامە بۆدانان چادەبێ، نیشانەکانی چابوونیش ئەومیە شوێنەواری ناخۆشیەکانی نامێنێ. جاروایە دەبینی سەری دێشێ و گران دەبێ، پاش ڕوقیە بەسەر خوێندن ژانەکە دێتە ملی پاشان دێتە پشتی دوایی قاچی دوایی یەکێ لەپێیەکانی، بەتایبەتی پێی چەپەی پاشان لەوێ دەردەچێ، جاریش وایە بەس بەهاتن چاك دەبێ، جاری واش بووە وادەمان داوەتێ پێش وادەکە چاك بووە. جارێك کوڕە گەنجێ لەپاش عیشا یەخەی گرتم مامۆستا چاوەکەم نەخۆشمان هەیە پێم خۆشە لەگەڵمان بێی. وتم کاکەگیان ئەم کارە بەشەو باش نیە برۆ بەیانی زوو وەرەوە لەخزمەتدا دەبین. بەیانی هاتوتەوە منیش خۆم بۆ ئامادەکردووە. دەڵێ مامۆستا شوکر بۆخوای گەورە چاك بۆتەوە پێویست ناکات جەنابت ئەزیەت بدەین شوکر بۆخودای شافی. نەخۆش هەبوو هاتۆتە بەردەرگا خوا شیفای بۆهێناوە. هەروەها هەبووە لەلای دهۆك و ئەولا هاتووە کە گەیشتۆتە شوێن عیلاجی هیچ نەخۆشی نەماوە. نەخۆشی واش هەبووە بێ ئەوەی من بزانم یا ئاگادارم چووە ئەم شریتانەی کڕیوە کە من تەسجیلم کردووە لە تسجیلاتی ڕوناکی و نەغەم دام ناوە بەدەنگی خۆم بەکاری هێناوەو گوێی داوەتێ پێی چاك بۆتەوە، پاشان بەمنیان ووتەو دوعای خێریان بۆکردووم.

-

٨-بەتەنیا نەبوون بۆماوەیەکی زۆر، جا لەماڵەوەبێ یادەرەوە بەتایبەتی بەشەو، وە نوستن لەژوورێك بەتەنیایی و بەبەردەوامی.

ئەوەی کاری معالیجێتی دەکات دەبێ بزانێ شەڕ لەگەڵ جنۆکەکان دەکات، ئەوانیش بەرگری لەخۆیان دەکەن ئەگەر بتوانن چارەسەرکار ئازاردەدەن (جارێك چارەسەرکارێك هاتە لام تووشی جنۆکەداری ببو بەیارمەتی خوای گەورە چارەسەرکرا). جا ئەگەر بۆیان نەکرا ماڵ و منداڵی ئازار دەدەن گێروگرفت و سەرئێشەی بۆدروست دەکەن، یاری بەدڵ و ئەعصابی خێزانی یا منداڵەکانی دەکەن. جا دەبێ ئاگاداربێ لەزیکرو ویردو کەمتەرخەم نەبێ، زۆر لەسەرخۆو بەئارام بێ بەردەوام خۆی و ماڵ و منداڵی ئەمانەتی خوا بدات، لەگوناە دوور کەوێتەوەو خۆی فێرە دوعای باش باش بکات، چونکە چەکی دەستی ئەو دوعایە.

دوعاو پاڕانەوە

بەدرێژایی مێژووی خواناسان چەکی دەستیان هەر دوعابووە، پێغەمبەران (علیهم الصلاه والسلام) پێشەنگیان بوون، وەکو قورئانی پیرۆز بۆمان دەگێڕێتەوە، هەر لەیەکەم دوعای پێغەمبەرو باپیرە گەورەمان حەزرەتی ئادەم کە فەرمووی: ﴿ربنا اننا ظلمنا أنفسنا وإن لم تغفرلنا وترحمنا لنكونن من الخاسرين﴾ هەروەها دوعایەکەی حەزرەتی نوح (علیه الصلاه والسلام)باوکی دوومی ئادەمیزاد فەرمووی: ﴿ربنا لاتذر علي الأرض من الكافرين ديارا﴾. هەر لەدوعا زۆرەکانی حەزرەتی ئیبراهیم کە زۆریان لەقورئان تۆمارکراوە وە دوعای حەزرەتی ئەیوب (سەلامی خوا لەهەموو پێغەمبەران بێ) کە فەرمووی: ﴿وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ﴾الانبياء٨٣. هەروەها هەموو پێغەمبەران (علیهم الصلاه والسلام) و پێغەمبەری گەورەمان محمد (صلی الله تعالی علیه وسلم) هەموو ژیانی ڕازاندبۆوە بەزیکرو پاڕانەوەو دوعا.

خوای گەورە دەرگای قەبوڵ کردنی دوعای خستۆتەسەر پشت، وەك دەفەرموێ ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ﴾البقرە ١٨٦ وە گەلێ فەرموودەی پێغەمبەری خۆشەویستمان هەیە لەم بارەوە، وەك کە دەفەرموێ (**الدعاء هو العبادة ثم قرا وقال ربكم ادعوني استجب لكم**) أخرجه أبوداود. واتە: پاڕانەوە خۆی بەندایەتی و عیبادەتە پاشان ئەم ئایەتەی خوای گەورەی خوێندەوە کە ماناکەی دەکە خوای گەورە دەفەرموێ لەبەرما بپاڕێنەوەو دوعابکەن من بەوەڵامتان دێمەوە. جا خوای گەورە لەکیتابە پیرۆزەکەی زۆرێك لە دوعاو پاڕانەوەی بۆمان ڕەوانە کردووە تاکو فێری ببین و پێی بپاڕێینەوە. هەروەها پێغەمبەری ئازیزمان (صلی الله علیه وسلم) وەك یەك پارچە ڕەحمەت و پێشەوایەکی دڵسۆزو ئازاو دانا ڕەئوف و ڕەحیم بە ئیمانداران، قدوەو پێشڕەوێکی چاکە بۆ دوعا لێ فێربوونی، هەر پاڕانەوەو دوعایێ دەرگایەکی خێرو بەرەکەت و ڕەحمەتی خوادیە.

برای خوێنەر ئاگات لەمەرجەکانی دوعاو پاڕانەوە بێ کە بریتیە لە:

١-حەڵاڵی خواردن و خواردنەوەو پۆشاك.

٢-نابێ پاڕانەوەو دوعاکانت بۆ خەراپەو گوناهو بڕینی سیلەی ڕەحم بێ.

٣-لەسەرەتا بە (الحمدلله) و صەلەوات و سەلام لەسەر پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەست پێبکا لەکۆتایی هەر بەشوکری خوداو صەلەوات لەسەر پێغەمبەر کۆتایی پێبێنە.

٤-دڵت ئامادەی دوعاکانبێ وە دڵنیابیت بۆ وەڵامەکان.

٥-نابێ پەلەکاری بکەی بۆ وەڵامدانەوە.

ئەگەر دەلیلت لەسەر ئەم خاڵانە دەوێ لەکیتابی (**سبحانك اللهم**)دا دەرم هێناوە کە دانراوی (ئەندازیار جمیل ابراهیم)ە.

هەروەها خوێنەری ئازیز ئاگاشت لەئادابی دوعابێ کە ئەمانەن:

١-ڕوکردنە قیبلە.

٢-بەرزکردنەوەی ناولەپی دەست لەکاتی دوعاکردن بەرزکەیەوە تا سپیایی بن هەنگڵ دەردەکەوێ.

٣-بێ‌دەنگی و دەنگ بەرز نەکردن بەپاڕانەوەو دوعا.

٤-لەسەرەتا دوعاو پاڕانەوە بۆخۆت بکەی پاشان بۆغەیری خۆت.

٥-دوعای بەخراپە لەسەر خۆت و ماڵ و منداڵت نەکەی.

٥-بەووشەو وتەی جوان و ڕێك دوعابکەی.

٧-دوعاکانت سێ‌بارە بکەیەوە.

٨-سیقەو متمانەو جەزمت هەبێ بۆ دوعاکانت.

٩-کۆتایی دوعاکانت بە (ئامین)بێنە.

لەهەمان سەرچاوەی پێشوو وەرم گرتیەو بەڵگەو دەلیلەکان لەو کیتابە نوسراون.

هەروەها برای خوێنەر ئەوکاتانەی کە تکاو ڕەجایان زیاترە بۆ قەبوڵ بوون ئەمانەن:

١-شەوی لەیلەتول قەدر.

٢-ڕۆژی عەرەفە.

٣-کاتی هاتوچوون لە صەفاو مەروە.

٤-کاتی خواردنەوەی ئاوی زەمزەم.

٥-دە ڕۆژی پێش جەژنی قوربان (کوردەواری خۆمان پێی‌دەڵێن نۆیەمین و دەیەمینی حاجیان).

٦-ڕۆژانی مانگی ڕەمەزان و کاتی بەربانگ شکاندن.

٧-کاتی بانگدان.

٨-لەبەینی بانگدان و قامەت کردن.

٩-لەکاتی سوجدەدا.

١٠-نیوەی شەو بەولاوە پاش شەو نوێژ کردن.

١١-پاش نوێژە فەرزەکان.

١٢-ڕۆژی هەینی.

١٣-لەکاتی جەنگی بێباوەڕان و گەرمەی شەڕ.

١٤-کاتی باران بارین.

١٥-کاتی قورئان خوێندن و خەتم کردنی.

١٦- لەمەجلیسی زیکرو یادی خوادا.

برای خوێنەر ئەگەر دەلیل و بەڵگەت دەوێ لەسەر ئەم خاڵانەی نوسیومە، ئەوە لەهەمان سەرچاوەدا هەن کە پێشتر ئاماژەم بۆکرد.

ئازیزەکان بزانن باشترین دوعا دوعاکانی ناو قورئانن پاشان ئەوەی لەفەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) گێڕدراوە لەدوای ئەویش دوعاو پاڕانەوەی ئەصحابەکان و تابعین و زاناو هۆشیاران لەئیمانداران. بزانە پلەی پاداشت و قەبوڵ بوونی نزاو پاڕانەوەکانت بەستراوەتەوە بەپلەی ئیمان و پاڕانەوەکانت، وە یەقینت بێو دڵنیابە کە خودای گەورە بەوەڵامی نزاو پاڕانەوان دێت. بزانە خوای گەورە دوعای شەیتانی قەبوڵ کرد، لەوکاتەی داوای مانەوەی کرد تا ڕۆژی قیامەت، لەگەڵ ئەوەش خوای گەورە ئاگای لەنیەت و شەڕخوازی ئەوبوو، ئیتر چۆن بەوەڵامی نزاو پاڕانەوەکانی تۆ نایەتەوە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانی بەوەڵام هاتنەوە زۆر جۆری هەیە:

یەکەم: یا ئەوەتە چیت داواکردوە یەکسەر بۆت ئەنجام دەدات.

دووەم: یا لەجیاتی دوعاکان بەڵاو گیروگرفتت لەپێش ژیان لادەدا.

سێیەم: یان بەرەکەت دەخاتە نیعمەتەکانی خۆی بۆت.

چوارەم: یان تەمەنت پێ درێژ دەکاو لەمردنی بەرەزاڵەت ڕزگارت دەکات.

پێنجەم: یافریای منداڵەکان و خزم و کەسوکارت دێ لە لێ قەومانیاندا.

شەشەم: یا لەدونیای بەرزەخ و قەبردا پاداشتت دەداتەوە.

حەوتەم: یان لەمەیدانی مەحشەر لەجیاتی دوعاکانی قەبوڵ نەبوونت لەدونیا، لەئاگری دۆزەخ و جەهەنەدەم ڕزگارت دەکات.

هەرچۆنێ بێ یەقینت بێ بیسەرەو ئاگای لێتە وشك و ڕەزیل و قرچۆك نیە، بەپێدانی ماڵت ترسی هەژاری و سستی نیە هەتا وەکو پشتی لێت بێ ﴿سبحانه وتعالى عما يصفون﴾ ئەوەی کەموکوڕی دەخاتە وەلامی نزاو پاڕانەوەکانمان کزی ئیمان و گوناهو تاوانەکانی خۆمانە.

نزاو پاڕانەوەو دوعا عیبادەتن، دیارە عیبادەتیش بێپاداشت نابێ، جا لەدونیابێ یا لەقیامەتبێ، یا لەعالەمی قەبرو بەرزەخ بێ[1]، خۆشەویستان، هەرچەندە خۆت ڕەزیل و داماوی بەرقاپی ڕەحمی خودا بکەی، ئەوە وەلامەکەی سەریع ترو مسۆگەرترە. من هەستم بەو ڕاستیە کردیە، سودیشم زۆر لێ وەرگرتیە لەسەرەتای ڕوقیە خوێندنەکانم ئەم دوعایانەم کردیە

اللهم ربنا نحن الأذلاء واقفين امام باب عزتك فأعزنا بعزتك وانت العزيز الحكيم

اللهم ربنا نحن المرضى واقفين امام باب شفائك واشفنا بشفائك لا شافي إلا انت يارب العالمين

اللهم ربنا فانصرنا على أعدائنا واعدائك وماالنصر إلا من عندك العزيز الحكيم

ناوە ناوە لەبەینی ڕوقیەکاندا سێ صەلاوەت لەپێغەمبەری خۆشەویست دەدەم.

(١) دەشکرێ هەندێکی لەدونیاو هەندێکیشی لەدونیاو بەرزەخ هەمدیکی تریشی لەڕۆژانی قیامەت بێ، ئەوە حیکمەت و دانەی خوای گەورە تیا حوکمی دەکات.

برای خۆشەویست ئاوا حاڵی بێ ئەوەی بیکا خوا دەیکا ئەوەی نەیکا خوا نایکا، نەفسی خۆتی لێ لابدەی، بۆئەوەی هەرچی عوجب و کەیف و بەخۆهاتنە هەرچی نازو فیزو لووت بەرزی‌یە وە هەرچی خۆهەڵکێشان و منەت کردنە...هتد. گشتی لێت دوور کەوێتەوە. ئەوەت لەبیر نەچێت ئەگەر دوعاکان و نزاکانت بۆکاری دونیاو نەخۆشی جەستەیی بوو دەبێ پاش گرتنی رێچکەی سونەتی کەونی بێ، ئامادەکردن و هەوڵدانی لای ژووری ووزەو توانابێ، ئەوسا چی ماوە بدەیتە دەست خوداو دوعاو نزابکەیت و پشتی پێ‌بەستی و وەهەرچیشی تەقدیر کرد ئەوە لەناخی خۆتەوە پێی ڕازی بی، هەرشتێ لەلای خۆشەویستان بێ خۆشەویستە، خۆشەویستانیش هیچی خەراپ و بەدیان بۆ خۆشەویستان نیەو نانێرن.

ئازیزم بۆیە درێژەم بەباسی دوعاو نزادا چونکە ئەمە چەکی دەستی چارەسەرکارە، با لەنیوەی شەودا لە شەونوێژدا بپارێتەوە لەخودا بڵێ خوایە گیان قورئان.خوێندن و دوعاکانم بگێرە بەمایەی شیفا بۆ ئەو نەخۆشانەی رووم تێ دەکەن، وە ئەو نەخۆشانەش کە روو لەغەیری من دەکەن. وە هەروەها کاتە پیرۆزەکان بقۆزەوەو ئەم دوعایەو دوعایانی تری تیابکە، بەس تو و خوا ئەم دوعایەش فەرامۆش مەکە (خوایە گیان ئەم ئاینەو هەڵگرانی سەرکەوتوو بکەی ئەوەی دوژمنایەتی ئەم ئاینە ڕەحمەتە دەکات وە شایانی هیدایەت نیە زەلیل و ریسواو سەر شۆڕی دونیاو قیامەتی بکەی....)

چەند نەخۆشێك

دوو برا هەبوون خوشکێکی نەخۆشیان هەبوو ماڵیان لە گوندەکانی ڕۆژئاوای هەولێربوو سەرئێشەو نارەحەت بوون بەری نەدەدا. پاش لێکۆڵینەوەو ڕوقیە لەسەر خوێندن، جنۆکە هاتە سەر زوبانی بوو بە حیوارمان. ناوت چی‌یە؟ ووتی: (ترحیو). لەسەر چ ئاینێکی؟ نەصرانی. بۆچی هاتویتە لای ئەم کچە؟ ووتی باوکم وتی ئەمە بابۆتۆ بێ. باوکت لەکوێیە؟ لەگەڵ هەندێ جنی ترا لەلای براکەینە. پاش ئامۆژگاریەکی زۆر، چی دەڵێی دەبی بە

ئیسلام؟ ووتی بەڵێ. شایەتمانی هێناو دانی نا بەراستێتی کتابی خواداو پەیامبەرێتی محمد (صلی الله علیه وسلم). بەڵام کاتێ کە داوام لێی کرد بچێتە دەرەوە، دەرنەچوو دەستی بەفروفێڵ و کلاوات کرد. دیاربوو زۆر عاشقی کچەکەبوو وای دەزانی ئەگەر موسڵمان ببێ وازی لێدەینین. دەستمان کرد بە ڕوقیە لەسەر خوێندن پاشان بەرنامە بۆدانان ئەزیکەی زیاتر لە دوو ساڵ لەگەڵیا ماندوو بووین خوای گەورە شیفای بۆ نەهێنا، چی ئەما لەگەڵی نەکەین، هەرچی زانیمان و هەرچی توانیمان تەقسیرمان نەکرد بەڵام هەر بێسوود بوو، قورئان خوێندن بەشەش حەوت سەعات، لێدان بەسۆندەو کێبڵ، ئاوی قورئاناوی بەبەردەوامی خواردنەوە، خۆ پێچەورکردن، پڕژاندن و بەچاوی داکران، خستنە ناو بەرمیلی پڕئاوی قورئان لەسەر خوێندراو و سەرتیا نقوم کردنی جاروبار، تا دوا تەحەمول کردنی هەر بێسوود بوو، ئەم جارەی بەخۆشی و ئامۆژگاری ناومان گۆڕی و کردمانە برادەری خۆمان، دەی ووت مامۆستا هەوڵێکم بۆبدە بەلکو ئەم کچەی بدەن بەمن. کوڕە هەی ئاحاڵی تۆ جنۆکەو ئەو ئادەمیزاد چۆن دەبێ؟! نازانی ئێوە سروشتتان بەیەکەوە ناخواو، ئەو کچەیە تۆی ناوێو بۆیە هاتۆتە لای من تاکو تۆی لەوکێ بکەمەوە، خێزانداری دەبێ هاوڕەگەزبێ لەسەر بناغەی خۆشەویستی و ڕێز دابمەزرێ. بەڵام دەڵێی کەرو گوێ درێژ ئەصیحەت دەکەی، هەرجارەی لەگەڵمان هەوڵدەدا یەك دوو مانگ باشتربوو بەڵام دوایی هەروەك خۆی لێدەهاتەوە، بەڵێ باشترەکەی ئەوەبوو ڕێژەیەکی زۆرتر خاوەن خواست و ئیرادەی خۆی بوو، پاشان ڕێژەی زۆر دەبۆوە بەشی جنەکە. بۆنمونە دەم ووت ئەم پەرداخە ئاوە بخۆرەوە، ئەیدەتوانی ئیللا بەزۆرو خۆتوڕە کردن ئەبا، پاش هەوڵ لەگەڵدان بەئاسانی دەیخواردەوە. زۆر بەئاشکرا لەبەرچاوی ئێمە دیاربوو خۆی بەلای چەپیەوە هەڵواسیبوو. دوایی وتیان بەمێردی دەدەین، چونکە کەمێ بەرچاو بوو لەگەڵ ئەوەشا داخوازی کاری هەر هەبوو. بەباوکیم ووت هەرچی هەیە لەم کوڕە داخوازی کارە مەشارەوەو پێی بڵێ کچەکەی من ئەخۆشە بەو دەردەوە دوایی گازاندەو قسان نەکەیت، کوڕەی زاوا بەم حاڵەتانەش هەر ڕازی بوو. زۆر جاری تر بردیانە لای مامۆستایانی‌تر هەرکوێی پێیان کرا

بردیان، بەڵام هەر چاك نەبوو، تا ئەم کاتەی ئەم نوسینانە دەنووسم، خوای گەورە شیفا بۆ ئەو و بۆهەموو نەخۆشان بێنێ.

براکەی

براکەی ئەو خراپتر نەخۆش بوو، چەندین چارەسەرکاریان کرد، هەر پێیان ووت تۆ نەخۆش نی. لەولاشەوە نیشانەکانی نەخۆشیەکەی زۆر زەق و دیاربوو، بەڵام کە سەیرت دەکرد و موحاوەلەت لەگەڵ دەکرد چی دەرنەدەکەوت، تانزیکەی نۆجار هەرجارەی زیاتر لەکاتژمێرێ لەگەڵیا خەریك بووم ئەوسا هاتە سەرزاری و ووتی (أنا نصراني) بەدەنگێکی بەرز. وتم ئیتر ئێمەش ئەوەمان دەوێ تا تێی بگەین بەدڵنیایی کە نەخۆشیەکەی چیە، ئیتر کەوتینە ڕێی چارەسەرکاری زیاتر لەپێنج ساڵ لەگەڵیا خەریك بووین هەندێ ئیستیفادەی کرد بەڵام وەك پێویست نەبوو، چونکە سەد لەسەد نەبوو بەڵام لەسەدا نەوەد بوو.

-جاران لە ڕۆیشتندا پێی بەپانی دادەنا لەجیاتی بەدرێژی دابنێ.

-لای وابوو ئەو خوایە لەسەر ڕووی زەوی (نعوذ بالله).

-تورەو توندو خواست لاوازو داوەشاو و مۆن و دوورە پەرێزبوو.

ئەمانەی گشتی نەما بەڵام سەد لەسەد چاك نەبوو، ڕوقیە لەسەر خوێندن و ئازاردان وەکو حەبی موزمنی لێ هاتبوو بزی، هەر جارەی هەوڵی لەگەڵ دەدەین یەك دوو مانگ باشە دوایی وردە وردە ئاڵۆز دەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەش لەزیکرکردن و گوێدانە قورئان و بەکارهێنانی ئاوی شیفا هەربەردەوام بووە. بەڵێ ئەوەی خوای گەورە شیفای بۆ نەهێنێ، لەهیچ لاوە شافیێ تر نیە شیفای بۆ بێنێ (سبحان الله).

سەیر لەوەدیە جاروایە نەخۆش لەبەر شەپرێوی و داماوی لاگونەکی هەر بەدەرەوەیە، کەچی واتێدەگات خۆی پادشای ئەم دونیایەیە، ئەی عەمری ئەم پادشایەتیەشی نەمێنێ. جانەو حاڵەتانە هەمووی جنۆکەیە وای لێدەکات، لەبەر هۆو هۆکارەکانی باسمان کرد، دەنا

خوای گەورە ئادەمیزای بەعەقڵ و هۆش و بیرەوە بەدی هێناوە ﴿فَاعْتَرَفُوا بِذَنبِهِمْ فَسُحْقًا لِّأَصْحَابِ السَّعِيرِ﴾الملك١١

بەباشم زانی

بەڵێ بەباشم زانی هەندێکی باس بکەم لەنەخۆشەکان لەوانەی خوا شیفای بۆناردوون وە لەوانەش کە شیفایان بۆنەهات، چونکە لەهەردوو جۆریان دەرس و پەندو عیبرەتی تیایە بۆخوێنەران، کە ئەوەش ئاواتی ئێمەیە، نەك ئەوانی شیفایان بۆهاتووە ڕوونی بکەمەوە بە موبالەغەوە، وەئەوەی شیفای بۆنەهاتووە بیخەمە پشت گوێیان و نوسینان. دیارە کاری خوا بێ‌حیکمەت نیە و بێ حیکمەت نابێ، جا بەهەرجۆریان بێ. جاروایە حیکمەت وادەخوازێ زوو چاك بێتەوە، جاریش وایە وادەخوازێ هەندێ دواکەوێ، یا زۆر دواکەوێ، یا هەرشیفای بۆنەیێ. وەکو ئەوە وایە خوای گەورە بفەرموێ هەرچی بکەم دەیکەم وە هەرچی نەیکەم نایکەم، خۆم خواست و ئیرادەم ئازادەو هەرخۆم دەزانم حیکمەت لەچیدایەو، مەخلوق مەخلوقی خۆمە بەخواستی خۆم بەڕێوەیان دەبەم. (دیارە خواستی خوا وەك خواستی ئێمە نیە، تێکەڵ بە نەفس و خواستەکانی شەیتان و کۆڵەواری بێ).

برای خوێنەر بەڕاستی بەلێکدانەوەی من ئەوانەی هاتونەتە لای من زیاتر لەسەدا نەوەدو پێنجیان خوای گەورە شیفای بۆهێناون. ئەوانەش (کە شیفایان بۆ نەهاتووە) بریتین لەوانەی نەخۆشەکانیان زۆر ئاڵۆزە یا زۆر لەدێرینەوە نەخۆش کەوتوون یا وەکو پێویست گوێ

ڕایەڵیان نەکردووین، یا ئەوکات خۆمان نەخۆش و بێتاقەت و سەلیقە بووینە نەمانتوانیوە وەکو پێویست خۆمانی پێوە ماندوو بکەین وەهەروەها ئەمە ڕاستیەکەیەتی[1]

نۆخەی قالبم چەند خۆش و سوکە

پیاوێ لەلای کۆیێ و دەوروبەری خێزانەکەی نەخۆش بوو هێنابوویە ماڵی خزمێکیان لەگەڕەکی ئێمە، لەڕێگەی جیرانی خزمەکمیانەوە کە دۆستێکی ئازیز بوو ڕویان لێنام بەتەلەفۆن، وتیان بەپەلەشین دەگەڕێینەوە لای خۆمان، تابۆت دەکرێ زوو حسابێکمان بۆبکە.

---

(١) جارێکیان دوو برا هاتنەلام یەکێکیان نەخۆش بوو پاش لێکۆڵینەوەو پرسیار لێکردنی ووتی مامۆستا من چوار پێنج ساڵێ لەمەوبەر هاتبوومە لای جەنابت چاك بوومەوە، بەڵام کە گەڕامەوە ماڵەوە نەخۆش کەوتمەوە وەك جاران. وتم باشە بۆنەهاتیتەوە؟ وەڵامی نەبوو. (دیاربوو لەبەر کەمتەرخەمی یا لەوانەیە لەبەر کەم متمانەیی بووە لەوکاتەدا. بەڕاستی هەندێ کەس لەبەر کەم متمانەیی تووشی ناگوزەرایەڵی دێ، یا جارێك دێ و ناگەڕێتەوە، لەوانەشە چوار پێنج جار هاتنەوەی بوێ. هەندێ کەس نەخۆشن بەڵام لەبەر هۆکاری دەروونی یا کۆمەڵایەتی یا سیاسی و ڕامیاری یا ئیداری و سەربازی ناتوانن بێن بۆلام. بۆنمونە دەبینی ڕوتبەی ئیداری یا سیاسی یا سەربازی یا کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی هەیە، لەپێش دەرونیان بۆتە بەربەست، ناتوانن بەسەری زاڵ بن، بەو نەخۆشیەوە دەمێننەوە). وتم دەی قەیدی ناکا ئێستا من هاتنی کۆلم وەبیرنایەتەوە ئێستا چیتە باخاڵ بەندی بکەین. بەڵێ ئەم خاڵانەی لەنیشانی نەخۆشیەکەی هەبوو:

أ-دڵ توند بوون بەبەردەوامی.   ب-هاشە هاش هاتنە ناو گوێ.   ج-سەر ئێشە لای سەرووی ناوچاوان.   د-حەز نەکردن بە تێکەڵی و گفتوگۆ. هـ-زمان گران و جاروبار گەزتنی.

و-شان و مل ڕەق بوون.   ز-زوو ئیحتیلام بوون.   ح-ژان گەڕان بەناو لەشدا.

وتم ئەمجارەی بەم مەرجانە خۆت پێوە ماندوو دەکەم کە بەردەوام بی و بەگوێمان بکەی و گوێڕایەڵبی و بەرنامەکەمان بەتەواوی بەسەرخۆتا جێبەجێ بکەی، دەنا من پێم ناخۆشە یەکێ تا نیوەی ڕێ بەرم و دوایی بەجێم بێڵێ و خۆم لێ بشارێتەوە. خۆی و براکەی بڕیاریانداو قەبوڵی مەرجەکانیان کردم. ئیتر سێ مانگی زیاتر پێنەچوو وە سێجار ڕوقیەم لەسەر خوێندو بەرنامەم بۆی دانا. پاش سێ مانگەی نەهاتەوە، منیش تەلەفۆنم لەگەڵ براکەی کرد، ووتی ئێستا زۆرباشە ڕەحمەت لەدایك و باوکت. وتم وام پێ باش بوو جاروبارێ دەرکەوێ هەندێك لەلای من دابنیشێ بۆ نەخۆشیەکەی باشە باچاکیش بوو بێتەوە، بەڵکو ئەمجارە هەرگیز تووش نەیەتەوە، بەڵێ جاری سێیەم سێ کاتژمێر پێیەوە ماندوو بووم.

منیش رۆژ ئەوکاتە مەجالم نەبوو، بەشەو چوومە مالی خزمەکەیان و بەخێرهاتنیان کردم پاش ئەمە ووتم فەرموون با ئەخۆشەکەو پیاوەکەی بچینە ژوورێکی تایبەتی. ئیتر کەوتمە پرسیار لێکردنی لەسەرەتاش ووتم چیت هەیە بیلێ. سەرەنجام ئەخۆشیەکانی لەم خالانە کۆبونەوە:

١-دڵ توند بوون، جاروبار زیاد دەکا خەریکە لەگەڵ پیاوەکەشم بەشەڕ بێم، هەرچەندە هیچی بێ دڵی من نەکردیە.

٢-تووڕەو عەصەبی بوون، لەگەڵ خۆشما هەندێ جار ناحەوێمەوە.

٣-هەست کردن بەیەکێ لەدوامەوە، کە ئاوڕیش دەدەمەوە کەس نیە، کە ترس و بیمێکی زۆری بۆدروست کردووم.

٤-جاروبار بانگم دەکەن، ناشزانم کێیەو نارەحەتم دەکات.

٥-جولانەوەی هەرشتێ لەدەوروبەرما ئالۆزم دەکاو نارەحەت دەبم پێی.

٦-خەونی ناخۆش، لەخەونا دەکەونە دوام و تەعدام لێ دەکەن.

٧-زۆر موچرکم بەلەشدا دێن.

٨-سەرم دێشێ لەپێش و لەپشتڕا.

٩-بروسکەك پشت و سینگی گرتووم.

پاش ڕوقیەکی زیاتر لە دوو کاتژمێر خوێندن بەسەر ئاوپرژاندن بەسەر دەموچاویا شوکر بۆخوای گەورە شیفای بۆهات و ووتی ئۆخەی قالبم چەند خۆشەو سووك بووە، جا بەرنامەم بۆی داناو گەڕامەوە کاتژمێر یەك چارەگی دەویست. ئەم ئەخۆشە لە پشیلە ترسابوو.

چاوی باش نابینێ

بەیانیەکی ڕۆژی هەینی ژن و مێردێ بەژووردوە کەوتن. فەرموون بەخێربێن، چیتان هەبوو براگیان؟ من لەلای (........) هاتووم باوکی فلان کچە منی ناردووە بۆلای تۆ، چونکە

ئەو لەلای تۆ چابووە، ووتی مەیبە هیچ شوێنێ ئیللا کن مەلا صابر نەبێ. چی کاکە گیان. مامۆستاگیان ئەو خێزانەی من نەخۆشە. چیەتی؟ بابەخۆی قسەبکات. فەرموو کیژم چیت هەیە بلێ. ووتی:

١-لەهۆش چوون، دەست بزواندن بەبێ خواستی خۆم.

٢-سەر ئێشەیەکی توند چاوم لەگەڵ دێشێ و نابینێ بەچاکی.

٣-بێتاقەتی، داوەشان ناتوانم کاروباری ماڵ و منداڵەکانم بەڕێوەبەرم.

٤-دڵ توند بوونێکی زۆر لەگەڵ ترسان و ناڕەحەت بوونێکی زۆر.

ووتم جارێ من لەماڵەوە کاری چارەسەری ناکەم دوایش تۆ ئەدەبا بەبێ وادەو مەوعید بێی، هەرچۆنێ بێ مادام لەو ڕێیە دوورە هاتی (انشاءالله) شوێنێ لەلایێ دەبردەکەم. ئیتر چوین بۆ ئەو شوێنە، نزیکەی سێ کاتژمێر ڕوقیەم لەسەر خوێند، وە ئاوی قورئاناویم بەچاویدا دەپرژاند، شوکر بۆخوای گەورە شیفای بۆهات بەبەرنامەوە بەڕێم کرد. وتم برۆ مانگێکی تر ئەگەر چی بۆگەڕاوە بیهێنەوە، ئەگەرنا ئەو ئەزیەتە مەکێشە. ئیتر ڕۆیی و مانگێك و یەك دوو ڕۆژی پێ چوو تەلەفۆنی کرد ووتی مامۆستا من وا لەبنەصلاوەم لەماڵی خزمێکمان گەر حەز دەکەی دێینە خزمەتت و دیاریت بۆدێنین. وتم ئەوەی بەلای منەوە گرنگە تەندروستی خێزانەکەتە، ئەو چۆنە؟ وتی الحمدلله زۆر باشە. وتم مادام ئەو زۆر باشە پێویست ناکات ئەو ئەزیەتە بکێشن، چابوونەوەی ئەو بۆمن دیاریە. لەو کاتدا سێ میوانم هەبوو[1]

---

(١) لەرێگەی مامۆستایەکی بەرێزەوە پیاوێ خێزانە نەخۆشەکەی هێنا بۆلامان بۆئەوەی چارەسەری بکات پاش ڕێکخستنی ژوورێ لەماڵی خزمێکمان لەگەڕەکێك لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر (چونکە ماڵی خۆیان زۆر دوور بوو) کەوتینە لێکۆڵینەوەو پرسیارکردن. لەئەنجامدا گرفتاربوو بەم خاڵانەی خوارەوە کە نیشانەی نەخۆشیەکەی بوون:

١-دڵ توند بوون بە شێوەیەکی زۆر وورە ڕوخان لەگەڵیاو دەم بەگریان تەنانەت لەبەر گریان بەناسان قسەی بۆنەدەکرا.

٢-سەر ئێشەیەکی بەردەوام و بێتاقەت بوون لەگەڵیاو قورگ گیران و نەمانی ئیشتیهاو نارەزووی خواردن.

جاروایه

جاروایه لەناو ڕوقیەکانم دوعا دەخوێنم. وەك:

یامن هو اقرب إلینا من حبل الورید

یامن هو فعال لما یرید انت ناصرنا وانت شافینا علیك بالذین تروهم ولاتراهم علیك بالذین یریدون شرنا ویدخلون اجسادنا ویلعبون بأعصابنا وقلوبنا وصحتنا -اللهم دمرهم- اللهم مزقهم- اللهم اقتلهم- اللهم حرقهم- وانك على كل شيء قدیر

اللهم علیك بكل داء وانت رب الارض والسماء

دوعایانی تریش دەکەم، بەو شێوەی لەوکات بۆم دێ. وە ئەگەر هەست بە دڵ ڕەقی و گوناهکاریم بکەم لەسەرەتا چەند جار دەڵێم أستغفرالله.. (**استغفرالله الذي لااله الاهو الحي القیوم**).

٣-هەناسە تەنگی و بێ ئومێدی لە چارەسەریدا، شرێنی تری کردبوو دیاربوو سوودی لێ وەرنەگرتبوو.

٤-بەزەحمەت شتی بۆ قوت دەدرا لەزەتی لەخواردن و خواردنەوە نەدەکرد.

٥-دەستەکانی دەلەرزی لەگەڵ چەنەگەو هەندێ لەدەموچاوی جارو باریش لەرزینەکە شرێنی دەگۆڕا.

٦-ئەوو ڕۆژ خەوی نەبوو، هەموو پێوەرەکانی تەندروستی ئاڵۆز بوو.

٧-بێزارو داماو و زەبوون بوو.

پاش ڕوقیە خوێندن لەسەر ئاو و بەمەرجی پرژان بەسەر دەموچاویا کەمێ ئازاردانی و ئاو پرژاندن بەناو چاویا حەوت هەشت جار بانگدان، شوکر بۆخوا ئەم نیشانانەی سەرەوەی هیچ نەما. لەکاتی قورئان خوێندندا دەی ووت مامۆستا بەقوربانی پێڵاوەکانت دەبم بیان کوژەو لەکۆڵ منیان بکەوە. وتم کیژم هەمووومان بەقوربانی خوای بێ حەقە، ئەگەر لەکۆڵیشت ببنەوە ئەوە هەر خوا لەکۆڵت دەکاتەوە. زۆر ئامۆژگاریم کرد بۆ ووریەمرز بوونەوەی، پاشان بەرنامەم بۆی دانا، ئەم بەرنامەیە هەم مایەی شیفایەو هەم مایەی پاریزی و حیفزیشە.

زۆرجار وایە نەخۆش دێتە لات نازانێ چی بڵێ تۆ پرسیاری لێ بکە. لەکەیەوە نەخۆش کەوتووی؟ سەرەتا بەچی وەت لێهات؟ دڵت توند دەبێ؟ سەرت دێشێ؟ چ کات دڵت توند دەبێ؟ زیادو کەم دەکات؟ کێندەرێی سەرت دێشێ؟ نەخۆشە جنۆکەداریەکان زۆرینەی جار سەرووی نێو چاوانیان دێشێ. ئاگات لەژانی سەربێ لەگەڵ تەشەنوجاتی دەمارەکانی ملی لێت تێکەڵ نەبێ، بەپرسیار لەتەندروستی بکە، خۆت دڵنیا بکە. خەونی ناخۆش دەبینی؟ خەونەکانت چۆن؟ لەهۆش دەچی؟ ترست هەیە؟

زۆرینەی جار نەخۆشەکە لەبیرچۆنی زۆر دەبێ، جارێکیان نەخۆشێکی ئافرەت پاش دوو ساڵ، ئەوسا وەبیری هاتەوە بەچی وەی لێهاتووە. ووتی ساوارمان دەکوڵاند، تەنەکە ئاوێکی گەرمم رێژت هەندێ جنۆکەم سوتاند ئەوکاتە پێیان نیشاندام، کاتەکە بەینی مەغریب و عیشابوو. بەڵێ زۆر لەنەخۆشەکان لەبەینی نوێژی مەغریب و عیشا تووش بوینە، ئەوانیتر لەکاتەکانی تری شەو.

پرسیارکردن شت وەبیری نەخۆشەکەو کەسەکەی لەگەڵی هاتووە دێنێتەوە، جاری واهەیە پێویست دەکات هەندێ پرسیار لەکەسێك بکەی کە لەگەڵیا دەژی، وەك ئایا بەشەو ددان لێك دەدات؟! یا لەبەر خۆوە لەکاتی نوستن قسەو بۆڵە بۆڵ دەکات؟! یا مرەی دێت؟! یا بەدەم خەوەوە دەروات؟! وەڵامی ئەم پرسیارانەش باشتر دڵنیات دەکات بۆ زیاد ڕوون بوونەوەی نەخۆشیەکەی..

لەبیرت نەچێت ناوی نەخۆشان لای کەس نەبینی بەتایبەتی ئەگەر ئافرەت بوو، چونکە دەبێتە مایەی ئاوزڕاندنی و بەخت بەستانی و خەڵك کشانەوە لە داخوازی کردنی، هەروەها ئەگەر کوڕبوو لەوانەیە کەسێك هەبێ حەز بەخزمایەتی نەکات، یا بەنەقس و عەیب غەیبەتی بکاو سەرەنجام ببێ بەمایەی فیتنەو ئاشووب.

بەڵێ ئەم نەخۆشیانە ئەشورەییەو ئەگوناهە، پاش چاك بوونی مەترسی هیچی لێ ناکرێ. ئێمەی ئادەمیزاد هەمووومان کە لەدونیا دەژین کەس زەمانەتی خۆی یا غەیری خۆی پێ ناکرێ، با بۆماوەیەکی کەمیش بێ، کە تووشی هیچ نەخۆشی و بەڵایێ نەبێ!!

نوستن

ئافرەتێکی نەخۆش لەگەڵ منداڵێکی نەخۆش، لەنەخۆشخانە داخیل ببو بەڵام باش بەحاڵی نەخۆشیەکەی خۆی دەزانی، پیاوەکەی ئەهلی جەماعەت بوو دەهاتە نوێژی جەماعەت لەپشتەمنەوە نوێژی دەکرد. جاروباریش دەهاتە ژووری ئیمام. کە هەندێ شتی لەمن بیست ووتی مامۆستا بەخوا خێزانەکەی منیش لەبەر ژانە سەر ناحەوێتەوە، چەند جێگام پێی کردیە سوودی نەبووە، ئیتر لەگەڵیا چووم لەنزیکەوە دیتم پرسیارم لێی کرد دیاربوو بەم خاڵانەوە گرفتار ببوو:

١-دڵ توند بوون. ٢-خەونی ناخۆش دیتن. ٣-دەست و پێ سڕبوون.

٤-پشت هێشان- زۆرینەی ئافرەتە نەخۆشەکان پشتیان دێژی لای خوارووی سەرەوەی کلێنجەی.

پاش ڕوقیە لەسەر خوێندنی و بەرنامە بۆدانانی شکور بۆخوای گەورە شیفای بۆهێنا. ئەم نەخۆشە خەڵکی لای ئاوەدانیەکانی سەرەوەی شەقڵاوە بوو. الحمدلله منداڵەکەشی لەنەخۆشخانە چاك بوو بەخۆشی و ساغی گەڕانەوە. (پیاوەکەی تەلەفۆنی بۆکردم ئەو هەواڵەی پێدام).

سەرباز

سەربازێکی نەخۆش هاتەلام سکالای کرد لەدەست ئەم خاڵانە:

١-دڵ توند بوون.   ٢-نارەحەت بوون.   ٣-ژن و ماڵ لەبەرچاو کەوتن.

٤-نەبوونی ئۆقرەو ئارامی.   ٥-ڕەنگ خوڕپاو و داماوی.   ٦-بێتاقەتی و شەکەتی.

براکەی لەگەڵدابوو. ڕوقیەیەك قورئانم لەسەر خوێند لەسەر ئاواو بە ئامادەیی و نزیکی ئەو بەمەرجێ بپرژێ بەسەر دەموچاویا، نەزیکەی زیاتر لە دوو کاتژمێر پێیەوە خەریك ببووم پاشان بەرنامەم بۆی دانا، بەرنامەکەی تەواو نەکردبوو هێشتا خزمێکی نەزیکی لەگەڵ خۆیا هێنا ئەویش دڵی توند دەبوو بەبێ هۆی دیار، زۆرجار دڵ توندیەکە هەڵی دەنا تاوانی گەورەی پێ بکا، بەڵام خۆی زەبت دەکرد لەگەڵ خێزانەکەیا زۆر نارێك بوو. ڕوقیەکی دوورو درێژم لەسەریا خوێند ماوەماوەش فووم دەکرد بەچاوەکانیا، شوکر بۆخوای گەورە شیفای بۆهەردوکیان هێنا. پاش مانگێ تەلەفۆنم کردو ئەحواڵیانم پرسی. زۆر منەتیان پێ بوو. وتیان الحمدلله زۆر زۆر باشین. زۆر دوعای خێریان بۆکردم.

بەبێ تەقە تەسلیم بوو

دوو نەخۆشی ماڵێك کە خزمی یەکتربوون جنۆکەکان پێیان ڕادەبواردن، ڕوقیەکەم لەسەر خوێندن و بەرنامەم بۆدانان، بەڵام دیاربوو وەکو پێویست پێیوە ژیرو عاقڵ نەبوون، لەخەونەکانیا ئازاریان دەدان و ئی وایان هەبوو خۆی دەهاویشتە سەر شێوەی من، ئەوسا ئازاری یەکێکیانی دەدا. جاری دووەم کەهاتنەوە لام، منیش بەڕاستی سەرم قەڵە باڵغ بوو، خەڵکە خاوەن نەخۆشەکانیش زۆر دەپاڕانەوەو زۆریان بۆم دێنا، جا جارواهەبوو پەلەم دەکرد لە ئیشەکەی خۆم، بەمەوە لێدانم بەکاردێنا.

بەڵێ هەردوو نەخۆشەکەم بانگ کردنە ژوورەوە، هەردوکیان ئافرەت بوون مێردو براشیان لەگەڵابوو، ووتم ئێوەش وەرن. یەك لەنەخۆشەکانم برامبەر خۆم دانا، ئیتر لەتەنیشتیا، دەستم کردە سۆندە لێدان، هەرزوو هاتە سەرزاری چی لەهەگبەکەی دابوو بەگوێرەی وەکرد وە تەوبەو پەشیمانی یەکجاری ڕاگەیاند، بەمەرجی ئەوەی کە چیتری لێ نەدەم ووتە نەخۆشەکەی تر تۆش وەرە بەرامبەرما. بەخوای هێشتا بەتەواوی نەهاتبووە بەرامبەرم، یەکسەر جنەکەی هاتە سەرزاری. ووتی مامۆستا لەڕای خوای لێم مەدە، بەخوای هەرچیم پێیە پێتانی دەڵێم، فلان جن ئاوای کرد فلانەکەی تریوو خۆی هاویشتبووە سەر شێوەی تۆ فیسکەکەی تر بوو ئاوا ئازاری دەدا، سەرەنجام گشتیان تەوبەیان کرد و ڕۆیشتن بەشەرتی لێ نەدانیان، بەڵێ وەك وتویانە کوتك دەزانێ قۆناغ لەکوێیە.

جابەڕاستی لێدان دەرمانە بۆ زۆرینەیان بەشێوەیەکی زانایانە، بەلام ئادەمیزاد دەترسێ یەکێ لەدەستی شتەکی لێ بێ شەرمەزار دەبێ، بە بەر لۆمەو خوێن دان دەکەوێ، خۆ ئەوەش نەخۆشی پزیشکی نیە ئەگەر بشمرێ هیچی بۆنیە، یا خاوەنی خۆی واژۆی کردیە گەر لەعەمەلیاتیش دەرنەچێ قەیدی ناکات، دیارە ئەجەلی هاتیە. یا دوور نی یە جنۆکەکە لەڕکی تۆ بیکوژێ، ئەوکاتەش خۆ کەس ناڵێ جنەکەی کوشتی، بەڵکو دەڵێن لەبەردەستی موعالیج مرد، یا دەڵێت کوشتی. جا چارەسەرکار دەبێ زۆر وریابێ. بەڵێ (الحمدلله) تا ئێستا هیچ نەخۆشێ لەبەردەستما نەمردووە، وە پەککەوتەو سەقەتیش نەبووە، ئەمەش لە فەزڵ و کەرەم و ڕەحمەتی خوایە. بەڵێ هەندێ لەبرا موعالیجەکان ڕەخنەیان لە لێدانەکانی من بۆنەخۆشان هەبوو، ئەوانیش لەبەر منیان بوو.

شەیتان

نەخۆشێکی کچیان هێنا لای من لەگوندەکانی بەردەرەش، باوك و خاڵی لەگەڵابوو، لەبەرواری ٢٠٠٤/١١/٢٤ پاش ڕوقیە لەسەر خوێندن و بەرنامە بۆدانان خوای گەورە شیفای بۆهێنا، بەڵام دیسان هێنایانەوە لەبەرواری ٢٠٠٥/٢/١٢ دیاربوو دیسان نەخۆش کەوتەوە، دووبارە قورئانم لەسەر خوێند و هەندێ مستم لەپشتی داو بەرنامەم بۆدانا، دوبارە شیفای بۆهاتەوە. بۆجاری سێیەم لەبەرواى ٢٠٠٦/٨/٢٦ نەخۆش کەوتبۆوە هێنایانەلام ئەم جارە لەماڵی خزمێکیان لەگەڕەکێکی شاری هەولێر کۆبوینەوە، ئەوسا کچە نەخۆشەکەیان بەزۆری هێنا، چونکە نەدەهات و دەیقیژاند. دەی وت مامۆستا لێم دەدات. بەڵام مام و خاڵی توانایان لەو زیاتربوو چی بۆنەکراو بەناچاری هێنایان. گریان و ڤینگە ڤینگی بوو منیش هیچ خۆم تێك نەداو، بە لەسەرخۆییەوە دەستم بە ئامۆژگاری کردن کرد (ئێمە لەکەس نادەین و حەزمان بەئازاردانی کەس نیەو بەڵکو ئازار لەسەر خەڵکان لادەدەین، ڕێنمویایی ئادەمیزادو جنۆکە دەکەین، بۆ هەردوولا مامۆستاین بەرژەوەندی و بەختەوەری هەموو کەسێکمان دەوێ، خۆ ئەگەر یەکێکیش کەمێ ئازاربدەین بۆ مەصلەحەتی ئەومانە، وەکو چۆن مامۆستایێ لە قوتابیەکەی دەدات بۆنەوەی لەوانەکانی دوانەکەوێ و کەم تەرخەم و تەمبەڵ نەبێ، هەروەها چۆن دایك و باوکێ منداڵەکانی خۆی ئازار دەدات بۆنەوەی یاری بەئاگر نەکەن و خۆیان بە ئۆتۆمبێل وە نەکەن و خۆیان پیس و پەرۆس نەکەن. دیارە مەبەست لەم لێدانانە بەئەدەب و ئاقڵ و ژیر کردنە، نەك سوکایەتی پێکردن و ئازاردانیان، بەڵێ ئێمەش ئاوا مامەڵە لەگەڵ جنۆکەو ئادەمیزاد دەکەین.) وە دڵنیام کرد کە ئازاری نادەم و، خۆشم دەوێ چونکە دیارە جنێکی ژیرو ئاقڵی، ئیتر بەقسەی خۆش و دڵنەوایی و حیکمەت، گریانەکەی کربۆوەو جنۆکەکە هاتە سەر زوبانی بووە دایەلۆکمان.

- ناوت چیە؟

+ شەیتان.

– لەسەر چ ئاینێکی؟

+ نازانم.

- بۆچی هاتویتە لای ئەم کچەیە؟

+ چونکە حیجابی لەبەر دەکات.

جا بەڕاستی کچەکە لەڕووی ئاین و بەرگ پۆشی وێنەی کەم بوو، تەنانەت دەستەوانەشی لەدەستدا بوو.

دەستم کرد بەڕوون کردنەوەی ئیسلامەتی بەشێوەیەکی نەرم و نیان و لەسەرەخۆ شوکر بۆخوا ئیسلامەتیەکەی خۆی ڕاگەیاند، پاشان پیرۆزبایی و دەست خۆشیم لێ کرد هەڵم نا لەداهاتوو باشتر خۆی شارەزا بکات لەئاینی خودا. ئەوسا ووتم دەی ئەو کچە بەجێ بێڵە ئەوەی تۆ دەیکەی ستەم و زوڵمە چونکە سروشتی ئێوە بەسروشتی ئادەمیزاد ناخوات. وتی ناڕۆم بۆ ئەو حیجاب لەبەر دەکات؟ دیسان دەستم کردەوە بە ئامۆژگاری کردنی، بەڵێ ڕاستە ئەم کچەیە حیجاب دەپۆشێ بەڵام ئەمە فەرمانی خوایەو بەخواست و کەیفی خۆیی نیە، هەندێ ئایەت و فەرمودەم بۆی خوێندەوە ئەوسا هاتە قەناعەت و ڕۆیشت، ئایا دەبێ ئەوجارە ڕاست بکات؟ ئیتر تائێستا نەگەڕاوەتەوە[1]

---

(١) ئەوەی ڕاستی بێ جنەکە بە عەرەبی قسەی دەکرد وە حیوارەکەمان بەعەرەبی بوو، خاڵ و باوکیشی ئامادەبوون، لەکۆتاییدا ناوی جنەکەمان گۆڕی کردمان بە (عبدالسلام) هەندێ لەبارەی ناوانیشەوە قسەمان کرد.

جاپێویستە چارەسەرکار زمانی عەرەبی بزانێ تاکو بتوانێ ئەو جنانەی کە عەرەب زمانن قەناعەتیان پێبکا! چونکە زۆرجار لەجنۆکەی عەرەب زمان ڕاست هاتووم، ئەگەر عەرەبیم نەزانیبایە لەوانەیە مەتەڵ بامایە، لەهەموو شوێنێ وەرگێڕ چەنگ ناکەوێ.

جابرای ئازیز بزانە ئەم شەیتانە لەجنۆکەو ئادەمی چەندیان ڕق و قین هەیە لەحیجاب لە ڕدێن لە سیواك لەهەرشتێ کە شیعارو دروشمی ئەم ئاینە پڕ لەڕەحمەتەیە، خوای گەورە زۆر ڕاستی فەرمووە ﴿وَإِنَّهُ لَحَسْرَةٌ عَلَى الْكَافِرِينَ﴾الحاقه٥٠. بەڕاستی ئەم ئاینە پیرۆزە بۆ بێباوەڕان داخی گران و حەسرەتە.

هەر لەم بارەوە شتێکم وەبیرهاتەوە، جارێکیان ووتمە جنۆکەیەك بۆچی دێنە لای ئەو ئافرەتەی خۆی پێچاوە لەماڵەوەیەو نارێکە (بە ئەنقەست ووتم دەڵێی دۆڵمەی پێچراوە دڵ لێی دەکوژرێ)، ئەی بۆچی ناچنە لای ئەو ئافرەتە سفورە بۆن خۆشانە دەڵێی گوڵن بۆن گوڵاویان چەند مەترێ دەڕوا..؟! شەیتانە جنۆکەکە پێکەنی و ووتی ماموستا تۆ دەڵێی چی؟! ئەو سفورانە خۆیان لەسەر دینی ئێمەن، ئێمە دەمانەوێ ئەوانی تر لەدین وەربگێڕین.

براکەی من بزانە چۆن شەیتان ئەوکەسانەیان پێ دۆست و هاوبیرو لایەنگرانی خۆیانە کە لەئاین و بەرنامەی خوا لادەدەن. ئەم باسانە پڕ پەندو عیبرەتن بۆ کەسانێ کە بیریان لێ کاتەوە، وە ئیمانێ‌ی حەقیقی و واقیعی بەخوێنەر دەبەخشێ. جابرای ئازیز بەڕاستی باش نیە کچی گەنج ڕابگیرێت، مادام پێ گەیشت ئیتر نەمانەتە لەشوێن خۆی دابنێو بەرێی بکە، بابکەوێتە ناو قەفەزی زێڕینی هاوسەرێتی، بڕوابکە کەس هەندی پیاو بۆژن پێویستی تر نیە، مایەی پارێزی و ڕێزو شیفایەتی مایەی خۆشبەختی و خۆشی ژیانیەتی، مایەی پەروزی و ئاسوودەیی و خۆشحاڵیەتی!!

لەگەڵ ئەوەش جنەکە ڕۆیی بەڵام من ئیحتیاتی خۆم وەرگرت ووتم نەبادا درۆبکات یا مراوەغەمان بکات، هەستام بەئامادەبوونی نەخۆشەکە ڕوقیەکی درێژم خوێند لەسەر ئاو بەو مەرجەی بیرژێ بەسەر دەموچاوی نەخۆشەکە، پاشان بەرنامەم بۆی دانا، هەرچەندە دەرچوو بوو دیاربوو نەخۆشەکە نیشانەکانی پێوە نەمابوو، بەڵام ئادەمیزاد پێشبینی خراپترین ئیحتیمال بکات، لەجاری وادا، چونکە شەیتان جێگەی متمانەو سیقەنینە، جا هەرچی بڵێن یا نەیڵێن.

دەڵێی تازیەیە

برادەرێکی ئازیز هانای بۆهێنام ووتی مامۆستاگیان خزمێکمان وەزعی زۆر شڕە، کاتژمێر نەزیك یازدەی جومعەیە. فەرموو وەرە دوام من لە فلان شوێنم، هات و بۆی دەرچووین، بەڵێ بۆماڵی نەخۆش، کە گەیشتینە نزیك ماڵیان دەت ووت ئەوە تازیەیە هەندێ کورسیان لەبەردەرگا دانابوو لەسەری دانیشتبوون ئەو ماڵە پڕبوو لەپیاو و ژنی خزم و خزمی نەخۆشەکە. برادەرەکەی من ووتی بەکەسێکیانیم ووت بابچین مامۆستا بێنین لەوەلامیدا ووتبووی دڵم نایێ بەجێی بێڵم ئەی گەر من ڕۆیشتم و ئەویش مرد!! جا کە چوومە ژوورەوە نەخۆشەکە درێژبببوو سەری خۆی بەستبۆوە دەی وت خەریکە دڵم و سەرم بتەقێ، بەویەڕی ووره بەرزی ووتم دەی کنی چۆڵ بکەن (نەخۆشەکە پیاوبوو) هەندێ دەرچوون و هەندێکی تر نەیان توانی، لەسایەی ڕەحمی خواوە بۆ نیوەڕۆ لەسەر سفرەی نان خواردن دانیشت، پاشان یەك دوو ڕوقیەم لەسەر خوێند شەوێ تا درەنگ لەلای مامەوە (الحمدلله) خوای گەورە شیفای بۆهێنا، هەواڵی نەخۆشیەکەی ئەوەندە بەسەختی بڵاوببۆوە خزم و کەسانی ئاشەش حەوت ڕۆژ هەر هاتوچۆیان دەکرد. ئەم نەخۆشە کۆمەڵە جنێ بەرۆکیان گرتبوو کە دەچوونە لای یەکسەر دڵ و مێشکیان دەگرت، وە لەکاتی قورئان خوێندندا ڕایان دەکردو هەڵدەهاتن، نەخۆشەکە زۆر بەجوانی هەستی پێدەکردن، هەر کە سەرو دڵیان بەردەدا چاك دەبۆوە، یەك دو جار بۆی هاتنەوە، منیش بەرنامەم بۆی دانابوو یەك دو جاریش من بۆی چوومەوە.

پاراستنی ماڵ

جاروایە ئادەمیزاد سکاڵا لەدەست ئەوە دەکات، ماڵەوەیان بەشەو دەنگە دەنگی دێ، واحاڵینە کە جنۆکە کردویەتیە ماڵی خۆی، یا بۆی هاتووە منداڵەکان دەترسێن، وە سیەتی ئەوەی بۆدەکەم قورئان لەماڵەوە لێ بدات بەتایبەتی سورەتی (البقرە)[1] پاشان دوعای ئەبو دوجانەی بۆدەنوسین کە لەماڵەوە بەئاشکرایی هەڵی بواسن، ئەمەش دوعاکەیە:

بسم الرحمن الرحيم هذا الكتاب من رسول الله رب العالمين الى من طرق الدار من العمار والزوار إلا طارقاً يطرق بخير. اما بعد فان لنا ولكم في الحق سعة فان تك عاشقا مولعاً او فاجراً مقتحماً او داعيةً مبطلا وهذا الكتاب الله ينطق علينا وعليكم بالحق ﴿انا كُنا نستنسخ ماكنتم تعلمون﴾ ﴿ورسلنا لديهم يكتبون﴾ اتركوا صاحب كتابي هذا او انطلقوا الى عبدة الأصنام والى كل من يزعم ﴿ان مع الله الها اخر﴾ ﴿لااله الا هو كل شيء هالك الا وجهه له الحكم واليه ترجعون﴾ (حم لاينصرون) (حم عسق تغلبون) ﴿حم والكتاب المبين﴾ تفرق اعداء الله بلغت الحجة ولاحول ولاقوة إلا بالله فسيكفيكهم الله وهو السميع العليم).

جا کاتی خۆی لەزەمانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) یەکێ لە ئەصحابەکان بەناوی ئەبوو دوجانە لەماڵیانا منداڵەکان ترسێنران لەلایەن جنۆکە شەیتانەکان ئەویش

(١) لەفەرموودەدا هاتووە پێغەمبەری خۆشەویست (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ (جن و شەیاتین لەو ماڵە رادەکەن کە سورەتی (البقرە)ی تیا دەخوێندرێ).. قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) (ان لكل شيء سناما، وان سنام القران سورة البقرة، وان الشيطان اذا سمع سورة البقرة تقرأ خرج من البيت الذي تقرأ فيه سورة البقرة) رواه حاكم-وصححه. واتە: هەموو شتێ چلەپۆپەی هەیە، چلەپۆپەی قورئانیش سورەتی بەقەرەیە، لەهەرماڵێ بخوێندرێ شەیتان لێی رادەکات.

سکالآی خۆی بردۆتە لای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) جا ئەویش ئیمامی عەلی (ڕەزای خوای لێ بێ) بانگ دەکاو پێی دەڵێ بنوسە (ئەم دوعایەی سەرەوەی پێ نوسی) پاشان دای بە ئەبو دوجانە پێی وت لەماڵەوە هەڵی بواسێ بە ئاشکرایی و دیار، جا ئەبو دوجانە دەفەرموێ ئەو شەوەی هەڵم واسی، تابەیانی گێمان لەناڵەناڵ بوو دوایی نەما. جا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی قەسەم بەخوا تاکو قیامەت ئازارو عەزابی پێ دەکێژن (سەرچاوەی ئەم باسەم وەرگرتیە لە کیتابی (**معجرات القران لعلاج المس والنزیف والسرطان/حمدی دمرداش**) ئێمە زۆر سوودمان لێی وەرگرتووە.

جاروایە نەخۆشەکەمان منداڵە، پاش دوعا لەسەر خوێندن ئەم دوعایەی بۆدەنوسینەوە:

اعوذ بکلمات الله التامات من غضبه وعقابه ومن شر عباده ومن همزات الشیاطین وان تحضرون(١)

جاپێی دەڵێین وەکو هەویەو ڕەگەزنامە کەپسی بکەو شەوان باڵەلای بێ. لەمەشا زۆر سودمان لێی بینیوە. هەروەها لەم دوعایانە:

---

(١) عن عمرو بن شعیب عن أبیه عن جده أن رسول الله (صلی الله علیه وسلم) کان یعلمهم الله من الفزع کلمات (أعوذ بکلمات الله التامة من غضبه وشر عباده ومن همزات الشیاطین وأن یحضرون) قال: وکان عبدالله بن عمرو یعلمهن من عقل من بنیه، ومن لم یعقل کتبه فعلقه علیه) رواه النووي في سنن أبي داود والترمذي وابن السنی وغیرهم. واتە: لەعومەری کوڕی شوعەیب لەباوکیەوە ئەویش لەباپیریەوە پێغەمبەری خوا فێری دەکردن لەکاتی ترس بڵێن (پەنا بەووشە تەواوەکانی خوا دەگرین لەغەشەم و قین و تووڕەیی و وە لەشەڕو گێچەڵی بەندەکانی وە لەنزیك بوونەوەو مەکرو فرو فێڵەکانی شەیتانی) جا ووتی عەبدوڵای کوڕی عومەر ئەوەی فێری ببایە فێری دەکرد ئەوەی نەشی توانیبا فێره ئەم دوعایە بێ، ئەوە دەینوسی و بۆی هەڵدەواسی) ئیمامی ئەوەوی لەسونەنی ڕیوایەتی کردووە لەگەڵ ئەبی داود و ترمزی و ئیبن وسنی و غەیری ئەوانیش.

اللهم حبب الايمان في قلوبنا وزينه فيهم وكره على قلوبنا الكفر والفسوق والعصيان وجعلنا من الراشدين وأنت العليم الحكيم(١)

هەروەها ئەم دوعایانە:

اعوذ بالله العظيم وبكلماته التامات وبسلطانه القديم وباسمائه الحسنى وباسمه الأعظم من غضبه وعقابه ومن شر عباده ومن همزات الشياطين وأن يحضرون ومن كل داء ظاهرة وباطنة ومن كل هم ومصيبة ومرض وجن أو جنية أو مما هو الله أعلم به منا وهو العزيز الحكيم.

حەز دەکەم بیلێم

ئەوەی ڕاستی بێ ئەوە چەندین ساڵە لەخزمەتی ئەو نەخۆشانەداین کە پزیشک و کەلوپەلەکانیان لێی دەستەوەستانە، کارێکی زۆر خەتەرو بڤەیە زەریبەکانیشمان داوە، بەرامبەر ئەو هەموو ماندوو بوونەو کات پێدانە، منەت لەسەر کەس ناکەین، بەڵکو شوکرانەی خوای گەورە دەکەین کە ئێمەی تەوفیق داوە بۆ ئەم کارە، جا ئەم کارانە پێویستی بە نەخۆشخانەی تایبەتی و پیاوی بواری خۆی هەیە، تاکو باشتر و چاکتر خزمەتی ئەم میللەتە کوردە هەژارە بکرێ، بەڵام داخەکەم بەکێ دەڵێی..

(١) ئەم دوعایانە لەسورەتی (الحجرات) دەرهاتووە، کاتێ خوای گەورە دەفەرموێتە ئیماندارەکان بزانن پێغەمبەری خوا لەناوتانایە ئەگەر بەگوێرایەڵی ئێوەبکا لەزۆر فەرمانەکان ئەوە تووشی نارەحەتی دەبن، بەڵام خوای گەورە ئیمانی لای ئێوە خۆشەویست کردووە و ڕازاندویەتیەوەو جوانی کردووە لەدڵتان هەروەها کوفرو فوسق و عصیانی لەدڵتان دەرکردووە وای لێ کردوون کەڕقتان لێیبێ، ئەوانەی دڵیان وایە ڕێی ڕەوشەنیان گرتۆتەبەر خوای گەورە زانای کاروداناو بەجۆریە.

لەجیاتی رێزو پێزانین و دوعای خێرو بوار باشتر بۆرەخساندن جاروبار دەکەوینە بەر پیلانی کەسانی نەزان لەم بوارەوە، دەش گونجێ حەسادەت بێ یا خۆ نەزیك کردنەوە لەئاغابێ یا بۆ ئافەرینی براگەورەکانی بێ یا بۆماستاو گرتنەوەو تەمەلوق کردن بێ!! هەرچۆنێ بێ من کار بۆخوا دەکەم و کردوومە بە تەوجیهی کەسو هیچ لایەنێ نیە، ئەوکارە بکەم یا نەیکەم. بەراستی من لەسەرەتاوە بۆیە ئەم کارەم بەملی خۆم داهێنا تاکو لەزیکرو قورئان خوێندن دوور تەکەومەوە، تانەکەومە دونیای غەفلەت و لەخوا بێئاگایی و لەو زانیاریانەی مایەی زیاتر خواناسینن.

جا نەبوونی ئادابی زیارەت و بێ صەبری خەلك و بێ وادەیی و ناگوێڕایەڵی نەبوونی شوێنێکی گونجاو، ئازاریان داوم. بەڕێز وەزیری ئەوقاف ئەوکات ڕێزی لێ گرتین و داوای کرد لەخزمەتی نەخۆشاندا بین. بەڵام بەراستی ئەم کارە پێداویستییەکانی زۆرە تابکەوێتە سەر ڕێڕەوی خۆی. پێویستە لەسەر دەسەڵاتداران و دەست ڕۆیشتوان و میللەت دۆستان ڕێزی ئەو کەسانە بگرن و یارمەتیان بدەن کە خزمەتی کۆمەڵ دەکەن، جا لەهەرچ ڕوێکەوەبێ، سیاسەت نەکەنە پێوەر، چونکە ئێمە هیچ ڕۆژێ لەلایەنی سیاسی نەخۆشمان نەپرسیوە و ناشپرسین، ئەم کارەی ئێمە ئینسانیەو خێرخوازییە بەسەرەوەی حیزبایەتی و سیاسەتە. پێویستە ئەم بوارانەی خزمەتی کۆمەڵگا دەکات برەوی پێ بدرێ و هۆکارەکان ئاسان بکرێ زانیاریەکان پەخش بکرێ پیاوی لێهاتووی ئەو بوارە زۆر بکرێ، دەبێ هەرکەسێ ئەمری خوای بەجێ گەیاند شوێنی چۆڵ نەبێ، خزمەت گوزاریەکە بەردەوام بێ لەئاینی پیرۆزی ئیسلامەتیش فەرزی کیفایەیە بۆ دەستەبەرکردنی کەسانی شیاو بۆ هەر جۆرە کارو زانیاریانەی مایەی پێشکەوتنن و، پێداویستی کۆمەڵیان لەسەر وەستاوە، ئەگەر نا بەتەواوی موسڵمانانی ئەو کات ئەو زەمان و ئەوشوێنە گوناه بار دەبن.

لەم نوسینانەم تەنها مەبەستم خۆم نیە، بەڵکو هەرکەسێ بێ کە خەڵك خێری لێ دەبینێ. جا لەهەرچ بوارێکبێ.

بەڵێ جاروابووە دۆستان و ئازیزان لەمەزیك نیوەی شەودا یەخەیان پێ گرتووم لێم نەگەڕاون، چییە؟! کوڕی خەزووریان تێکچووە، جاروابووە نەخۆشەکە بەقسەو ئاماژەکردنی جنۆکەکانی دەستەویەخەی یەك بوینە، ئازاریان داوم و ئازارم داون (چاکە لەسەر شنگ و هێزی خۆمم) لەئەنجامدا سەرکەوتوو بووم، بەڵام مانای وانیە ئەوەی سەرکەوتوو بوو هیچ قوربانی پێشکەش نەکا، بەڵکو قوربانیدان مایەی سەرکەوتنە [1]

زۆر جاریش وابووە دوسێ ڕۆژ کفت و شەکەت بویمە، داخوازیەکانی خۆم و منداڵانم، قوربانی خزمەتی ئەم و ئەو کردیە، بەڵام شوکر بۆخوا لەسەدا نەوەدو نۆ لەنەخۆشەکان جورئەت و هیممەتی ئەوەیان نەبووە دەست لەبەرما قیت بکەنەوە، بەتایبەتی نەخۆشە دژوارو ئاڵۆزەکان. بەڵکو لێمان ترساون و تۆقیون، زۆرجار بەوەم زانیوە کەنەخۆشەکەی جنۆکەداریە.

---

(١) نەخۆشەکە پیاوبوو داوام لێی کرد کە مۆڵەتم بدە قورئانی لەسەر بخوێنم بەڵام ڕازی نەبوو گەلێ بەقسەی خۆش هەوڵم لەگەڵدا بێ‌سوود بوو، چونکە جنۆکەکان باشیان ترساندبوو لەمن، بەمنی دەوت تۆ شەیتانی هاتووی بمکوژی. جاویستم لەڕێگەی ئازاردانیەوە ناچاری بکەم، بەڵام بێ‌سوود بوو لێم کەوتە بەرامبەری و دەست وەشاندن، ناچاربووم لێی بدەم سەیر لەوەبوو برلو زاوای وەستابوون جورئەتیان نەدەکرد دەستی بگرن، وەلای دەرکەشیان لێ بەرنەدەدا، چونکە هەر ترسەتی هەلکەتابە ڕای دەکرد. لەڕێیەکەش بەردەبوو و نەشیدەزانی بۆکێ هەردێت، پێش چوونی منیش چەندجار هەڵاتبوو هێنابوویانەوە. نەخۆشەکە دیاربوو بە ئاماژەی جنۆکەکان چی پێی کرا لەمقاومە کردی، لەبەرئەوەی کراسەکی نەرم و ناسکم لەبەربوو لەگەڵ دەست وەشاندن و ڕاکێشانی کراسەکەم پچڕ پچڕ بوو، هەر چۆنێ بوو ناچارم کرد ڕوقیەکی بخوێنم بەگوێیدا، ئەمە تاکو نزیکەی سەعات دووی شەوی خایاند، یەك باران دەباری وێنەی کەمبوو، بەیەك خولەك لەبەرباران تەواو تەڕ دەبووی لەجادەشدا زیاتر لەبستێك ئاو هەستابوو، ئیتر هەرچۆنێ بوو بەسەپارە هێنامیانەوە، چاسوو شەو بوو، دەنا سەد کەس پرسیاری لێم دەکرد بۆچی ئاوات لێهاتیە؟! بەرنامەم بۆیدانا کە زۆر بەزەحمەت ئەنجامی دەدا، جاری دووەم چوومەوە، دیسان مڕبوو ووتم وەرە قورئانت بەسەردا بخوێنم دیاربوو نەهەت. وتە براکەی و زاواکەی دەی دەست و پێی ببەستن و بۆم بهێنن، کە زانی چی پێناکرێ بەبێ دەنگی هەت و سەری بەبالیف کرد. جا قورئانم لەسەر خوێند و لەگەڵ دوعایان، لەئەنجامدا شوکر بۆخوا شیفای بۆهات.

نەخۆشی واهەبووە بەس بەدیتنم لەهۆش چووە، نی واش هەبووە کە چویمە ماڵیان چجۆی پێ جێ نەبووە، لەترسان.. وە خۆشم ئەگەر زۆر زیکرو قورئان خوێندنم بووبێ ئەوە هەستم کردووە ترس لەمن دەترسێ، بەلاَم کاتێ کە کەمتەرخەم بویمە لە قورئان خوێندن و زیکری خوا، هەستم کردووە وەکو جاران نیم و خەریکە بترسێم. پێغەمبەری خوا ڕاستی فەرمووە (من خاف الله وحده وخوف الله منه جمیع خلقه، ومن لم یخف الله وحده خوفه الله من جمیع خلقه) ئەوەی لەخوا بترسێ بەتەنهایی، خودا وادەکات هەموو شتێ لێی بترسێ، وە ئەوەی لەخوا نەترسێ بەتەنهایی، ئەوە خوا لەهەموو شتێ دەیترسێنێ. وە فەرموویەتی (رأس الحکمة مخافة الله) ترسی خودا بناغەو سەرچاوەی دانایی و حیکمەتە.

خوێنەری خۆشەویست دیارە هەرناکرێ هەموو نەخۆشەکان باس بکەین وە زۆر زۆریشم لەبیرچووە، وە ئەوەی سەد لەسەد لێی دڵنیا نەبووم باسم نەکردووە جا لێرەدا دیمە کۆتایی لەباسی نەخۆشەکان.

بۆچی ئەم کیتابەم لەچاپدا

-لەبەرئەوەی ئەم جۆرە زانیاریانە وەکو پێویست لەبازاڕا نیە بەتایبەتی بەزمانی کوردی، خوێنەرانیش زۆر بۆی پەرۆش بوون، زۆر پرسیاریان لەخاوەن مەکتەبەکان دەکرد، ئەوانیش ئەوە چەندین جار داوام لێ بکەن، ناچاربووم خواستی خوێنەرانی خۆشەویست بەجێ بگەیەنم. هەرچەندە نوسین و لەکۆمپیوتەردا نوسینەوەی و لەدوای لەچاپدان.... هتد کارێکی ئاسان نیە.

-شاردنەوەی زانست و زانیاریێ سوودی کۆمەڵی هەبێ گوناهە، بەر هەڕەشەی خواو پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کەوتووە، جامن حەزم نەکرد ئەم زانیاریانە لەگەڵ خۆمدا ببەمە قەبر، وام بەباش زانی وەک صەدەقەیەکی بەردەوام لەپاش خۆما سوودم پێ بگەیەنێ کە

لەرێز نەولادی صالحە، وە خێری نەودشم بگاتێ، ئەو مامۆستایانەی سوودی لێ وەردەگرن و نەخۆشانی پێ چارەسەر دەکەن. وە داوای دوعای خێریان لێ دەکەم لەنزاو پاڕانەوەیان بەندەی هەژارو داماو لەبیر نەکەن.

-دیارە لەم شارە سەدان دکتۆر هەیە بەڵام موعالیج ژمارەیان بەپەنجەی دەستێك دەژمێردرێ، جا با ئەو هەموو خەلکە هەر ڕوو لەو چەند کەسە ژمارە کەمە نەکات، با کەسانی تری خوا ویست و خواپەرست و گەنج بێنە مەیدانێ.

-بۆیە لەچاپمان نەداوە لەهەموو لایێ ڕوومان تێ بکەن، کە ناتوانین وەریان گرینەوەو خزمەتیان بکەین، بەلکو ئەوەی لەهەگبەمان دابوو بە گۆڕێمان وەرکرد، ئەبێ ئەوەی یەك دەنکە ڕەزیلی بکەین جا سوودی لێ وەرگرن و بەکاری بهێنن.

-تادوای مردنم کەسانێ هەبێ شوێنمان بگرێتەوەو خزمەتی موسلمانان بکات، داوای لێبوردن دەکەین لەخوای گەورە پاشان لەخوێنەران لەکەموکوڕیەکان.

ووتەکانی دوایم

ئامەوێ خوێنەری ئازیز بەخوێندنەوەی ئەم کیتابە، دونیای لێ ببێ بە جنۆکەو شەیاتین، با لایەکەی تریش ببینێ کە خودای گەورە (سبحانە وتعالی) لەدەماری ملمان نزیکترە وەك دەفەرموێ (**نحن أقرب اليه من حبل الوريد**)ق. وە خۆشەویست و پارێزەرمانە و بۆماوەی چاوترووکانێ لێمانەوە بێ ئاگا نابێ، وە هەرچی لەم کەون و بوونەوەرەش ڕوودەدات گشتی لەژێر چاودێری و تەقدیرو حیکمەتی ئەوە، جاسەرمان لێی دەربچێ یان نا، وە هەروەها چەندین فریشتەی داناوە لەژێر ئیرادەی خۆیا بۆ پاراستنمان و

ئاگا لێبوونمان و دۆستایەتیمان، جالێی تێبگەین یان نا[1] وە هەریەکێ لەئێمەی ئادەمیزاد دوو فریشتەی لەسەر شان داناون بۆ تۆمارکردنی کاروکردەوەو گوفتارەکانمان[2]، هەرچەندە بەخۆشی دەزانێ چی بەدڵ و دەروونماندا دێ وەك دەفەرموێ **﴿ولقد خلقنا الانسان ونعلم ماتوسوس به نفسه ونحن اقرب اليه من حبل الوريد﴾**[3] ق.

خوای گەورە لەم ژیان و ژینگەیە بێ ئاگا نەبووەو بێ ئاگاش نابێ لەئێمە وە زۆر نەزیکە بەڵام ئێمە بەخۆمان لەخۆمان دووریین، دزراوین فێڵ لێکراوین چاو بەستراوین لەدۆست و خۆشەویستانی ڕاستی و حەقیقی دوور خراوین!!

جا ئەگەر تۆ حیسابی شەیتانە جنۆکەکان و ئادەمیەکان دەکەی، دە حسابی خوای گەورە و فریشتەکان جنۆکە موسڵمانەکان و ئادەمیزادە خواپەرستەکان بکە، ئەوەشت لەبیرنەبچێ هەموو ئەم کەون و بوونەوەرە بەگشت بەدیهێنراوەکان وان لەسەر خواپەرستی و

(١) خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ ﴿لَهُ مُعَقِّبَاتٌ مِّن بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ يَحْفَظُونَهُ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ﴾الرعد ١١ واتە: بۆخوا هەیە فریشتەو مەلائیکەتانی بێ ژومار کە بەنۆرە بەدوای یەکدا دێن تا چاودێری ئادەمیزاد بکەن لەبەروپشت و هەموو لایێکەوە بیانپارێزن بەفەرمانی خوا -تەفسیری ئاسان-

(٢) هەروەها خوای گەورە دەفەرموێ ﴿إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةُ أَلَّا تَخَافُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ (٣٠) نَحْنُ أَوْلِيَاؤُكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِي أَنفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ﴾فصلت (٣٠-٣١). واتە: ئەوانەی بەڕاستی بڵێن پەروەردگارمانالله یە لەوەودوا بەردەوام پابەندی ئەو ڕێبازە ڕاستەبوون، لەسەرەمەرگدا دەستە دەستە فریشتەو مەلائیکە دادەبەزن بۆلایان، پێیان دەڵێن: هیچ ترس و بیمێکتان نەبێت لە داهاتووتان هیچ غەم و پەژارەیەکیشتان نەبێ بۆ ڕابردووتان، مزگێنی و مژدەتان لێبێ بەو بەهەشتەی کە کاتی خۆی بەڵێنتان پێ درابوو، خوای گەورەو فریشتەکانیش دەفەرمون ئێمە یارو یاوەرو هاوکارو پشتیوانی ئێوەین لەژیانی دونیاو قیامەتدا مژدەتان لێ بێ لەبەهەشتدا هەرچی ئارەزووی دەکەن وە هەرچی داوای دەکەن بۆتان ئامادەکراوە -تەفسیری ئاسان-

(٣) واتە: خوای گەورە دەفەرموێ بێ گومان ئێمە خۆمان ئادەمیزادمان بەدیهێناوە وە دەشزانین چی بەناو نەفس و خەیاڵاتی دادێ خۆمان لەشادەماری ملی نەزیکترین.

سەربازی دڵسۆزی ئەون، تێکڕا ژمارەی نیماندارا هێندە زۆرە کە لەسەر ڕێگەی فێربو خواوویستی و خوا پەرستین مەگەر خوای گەورە خۆی ژمارەیان بزانێ ﴿وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ وَمَا هِيَ إِلَّا ذِكْرَى لِلْبَشَرِ﴾المدثر ٣١.

ئەوەش بزانە خوای گەورە خۆی سەرکردایەتی گشتی دەکات، ئەگەر جاروبار فورسەت و هەل دەخاتە بەردەست شەیتانەکان و خوا ئەویستەکان ئەوە حیکمەتی وا دەخوازێ، وە بەڵێنی داوە بە پڕکردنەوەی دۆزەخ و جەهەندەم بە جنۆکەو ئادەمی وەك دەفەرموێ ﴿ولو شئنا لاتينا كل نفس هداها ولكن حق القول مني لأملأن جهنم من الجنة والناس أجمعين﴾السجدە.

ئەم ژیان و ژینگەیە بۆ تاقی کردنەوەیە فریای خۆت کەوە، بەگەڵ کۆمەڵی خوا ویستان بکەوە. بزانە خوای گەورە وادەی داوە بەسەرخستنی خوا ویستان و پێغەمبەران لەدونیاو قیامەت کەسیش لەخودای گەورە ڕاستگۆتر نیە ﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ الْأَشْهَادُ﴾غافر ٥١.

خوای گەورە شەیتانە جنۆکەکان بەسەر کەسانێدا زاڵدەکا کە ڕوویان لەشەیتانەو پشتیان کردۆتە خودا، ئەوەی بەندەی خوابێ شەیتان هیچی پێ لەگەڵ ناکرێ وەك دەفەرموێ ﴿فَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرْآنَ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ(٩٨)إِنَّهُ لَيْسَ لَهُ سُلْطَانٌ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾النحل ٩٨-٩٩.

جا شەیتانەکانیش نێو چاوانیان وا بەدەستی قودرەتی خواوەیە، لەسەر ئەو کەسانەیان زاڵ دەکات کە خۆیان کوێر دەکەن لەڕاست ئایین و بەرنامەی خوا، وەك دەفەرموێ ﴿وَمَن يَعْشُ عَن ذِكْرِ الرَّحْمَانِ نُقَيِّضْ لَهُ شَيْطَانًا فَهُوَ لَهُ قَرِينٌ﴾الزخرف ٣٦.

ئەوانەی ڕوویان لەغەیری خواکردووە و داوای دەکەن، ئەوە شەیتان دەسخەڕۆی کردوون وەك خوای گەورە دەفەرموێ ﴿إِن يَدْعُونَ مِن دُونِهِ إِلَّا إِنَاثًا وَإِن يَدْعُونَ إِلَّا شَيْطَانًا مَّرِيدًا﴾النساء ١١٧

(الحمدلله الذي هدانا لهذا وما كنا لنهتدي لولاان هدانا الله.. وصلى الله تعالى على النبي الامي وعلى اله وصحبه وسلم اجمعين..)

ئەو کیتابانەی خوێندومەتەوە کە باسی چارەسەریان تیابێ

١-قورئانی پیرۆز.

٢-ئەو کیتابانەی فەرموودەکانی پێغەمبەریان تیایە.

٣-وقاية الانسان من الجن والشيطان/وحيد عبالسلام بالي

٤- المنهج القراني (في علاج السحر والمس الشيطاني)/ الشيخ اسامة بالي

٥- معجزان القران (لعلاج المس والنزيف والسرطان)/حمدی دمرداش

٦-اصول الفقه (الفتاوى)/جزء١٩/ابن تيمية

٧- صارم البتار للتصدى في السحرة والاشرار/وحيد عبالسلام بالي

٨-حوار الصحفي مع الجني المسلم/محمد عيسى داود

٩-عالم الجن والشياطين/عمر الأشقر

١٠-البرهان في الاستشفاء بالسنة والقران.

١١- شريت وسـيدی وقەناتی فەزایی و...هتد

ئەو کیتابانەی تا ئێستا بۆم کراوە چاپیان بکەم

١-ناوە جوانە پیرۆزەکانی خوای گەورە
٢-لەئادابەکانی ئیسلام، زنجیرەی یەکەم و دووەم و سێیەم، لەناو یەك بەرگدا
٣-ئافرەتانی ڕێزدار
٤-زنجیرەکانی شیفای قورئانی/یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم

ئەو کتێبانەی لە ژێر چاپدان

١- خۆشەویستی خودا لە ژێر سێبەری بیست ودوو وتاردا
٢- ناوە جوانەکانی خوای گەورە / چاپی دووەم
٣- شیفای قورئانی زنجیرەکانی (یەکەم ودووەم وسێیەم) بەرگی دووەم
٤- لە ئادابەکانی ئیسلام (١-٣) چاپی دووەم

ناوەڕۆك

زنجیرەی چوارەم

پێشەکی	٣
لەگەڵ نەخۆشاندا	٦
فێڵ لە چاو کردن	٨
بزانە وئاگادار بە	١١
یەك نیشانە	١٥
لە یەك کاتدا	٢٥
چۆن دەزانین ئادەمیزاد لە نەخۆشیەکەی شیفای بۆ هاتووە	٣٦
ئایا جنۆکە بۆ دەچێتە لاشەی ئادەمیزاد؟	٣٩
ئەو رێگایانەی کە جنۆکەی پێ دەچێتە ناو لاشەی ئادەمیزاد	٤٢
با کەم تەرخەم و بێ ئاگا نەبین	٤٨
من وای بۆ دەچم	٤٩
شافی دەبێ هەر خوا بێ	٥٢
مەریەمە وخالیدە وصالیحە	٥٤
چۆن جنۆکە دەبێ تە هۆی نەزۆکی ئافرەت	٥٦

زنجیرەی پێنجەم

پێشەکی	٦٣
لەو کات وشوێنانەی فرسەت بۆ جنەکان دەرەخسێ بۆ چوونە لای ئادەمیزاد	٦٤
ئەو ڕێگایانەی بەکارم هێناوە بۆ چارەسەرکردن	٦٤
جنۆکە موسوڵمانەکان	٦٩
کاری چارەسەری لە ناو ماڵ مەکە	٧١
جنۆکە جێگای باوەڕی و پشت پێ بەستن نین	٧٥
با ئاگامان لە خۆمان بێ دنیا شامی شەریف نیە	٧٥
لە نیوەی شەوا	٧٨
زللەی قەشەی	٨٠
ئای سەرم تەقی	٨١
بەڵای ژن بە ژنی	٨٢
دە بزانم چی دەکەی	٨٣
ئایا جنۆکە خۆی دەخاتە سەر شێوەی گیانداران	٨٤
لەسەر شێوەی سەگ	٨٥
جنۆکەی مار	٨٧
دوعا و پارانەوە	٩٠

چەند نەخۆشێك	٩٥
براکەی	٩٧
بە باشم زانی	٩٨
نۆخەی قالبم چەند خۆش وسووکە	٩٩
چاوی باش نابینی	١٠٠
جاروایە	١٠٢
نوستن	١٠٤
سەرباز	١٠٥
بەبێ تەقە تەسلیم بوو	١٠٥
شەیتان	١٠٧
دەڵێی تازیەیە	١١٠
پاراستنی ماڵ	١١١
حەزدەکەم بیڵێم	١١٣
بۆ چی ئەم کیتابەم لە چاپدا	١١٦
ووتەکانی دوایم	١١٧
سەرچاوەکان	١٢١
چاپکراوەکانم	١٢٢
ئەو کتێبیانەی لە ژێر چاپن	١٢٢

مامۆستای نووسەر لە کاتی چارەسەرکردنی نەخۆشێك

ماموستای نووسەر لە کاتی چارسەرکردنی نەخۆشێک

بسم الله الرحمن الرحيم

ئەم زنجیرانە (شیفای قورئانی بۆ نەخۆشیانی جنۆکەداری) ئـەم زانیاریانـەی تیایە:-

١-ئیعجازی قورئان وفـەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ دەردەخـا لـەڕووی کاریگـەریان لـە سەر جنۆکەو شەیاطین !!.

٢-چارەسەری نەخۆشیانی جنۆکەداری (ممسوس) و جادولێکراوی (مسحور) دەکات بەدەستی کەسانی شایەستە!!.

٣-پەردە لەسەر هەندێ لایەنە نادیارەکانی لائەداو بیروباوەڕی موسوڵمانان زۆر پتەو دەکات، چونکە دوژمنە سەرسەختەکەی ئادەمیزادو لایەنگرەکانی لە ڕەگەزی خۆی پێت دەناسێنێ!!.

٤-ئەو ڕاستیە ڕوون دەکاتەوە کە شەیتان تاکە ئاوڵتی ئەرمیە ئادەمیزادەکان لە خوا دوور بکات لێکیان بکاو ئێکیان بەردات بەمەوە شادومانەو لەززەت وەردەگرێ.

٥-دەری دەخات وەك چۆن ئادەمیزاد پێویستی بەچارەسەری کەم و کورتییەکانی لاشەیی و ماددی هەیە ئاوەهاش بازیاتریش پێویستی بەچارەسەری لایەنانی گیانیی و دەروونی هەیە، بۆ ئەوەی لە چڵەپۆپەی بەختیاریی و تەواوی نەزیك بێتەوە !!.

٦-ئـەم بـوارە زانیارییـە ئاسـۆکەی گـەلێ فراوانـە، مامۆسـتایانی ئـەو زانیارییـە دەفەرموون پێویستی بەپەیمانگاو (معاهد) و کولیج (کلیة) هەیە، هەروەها پێویستی بەنەخۆشخانەی تایبەتی هەیە بۆ چارەسەر چونکە بەڕاستی خەڵکانێکی زۆر گیرۆدەی ئەم نەخۆشیانە هاتوون !!.

٧-تکا لەخوێنەری بەڕێز دەکەین ڕەچاوی ئەم دوو خاڵەی خوارەوە بکات :-

ا-ئەم زنجیرە نوسراوانە نەخاتە بەردەستی کەسانێکی وا لە جیاتی سوودو قازانج زیانی پێ بگەیەنێ!!.

ب-کەسێ وەك کارپێ کردن بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆی نەیقۆزێتەوە.

چاپخانەی ڕۆژهەڵات / هەولێر